# ماموٚستای کورد




ژمارە: ٢٦ هاوینی ١٩٩٥

# مامۆستای کورد

ژمارە: ٢٦، هاوینی ١٩٩٥

سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی

ناونیشان: Address
Mamosta-y Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna, Sweden

ژمارەی حیسابی پۆست:
Postgironummer/Postal Giro Number:
43 55 59 - 0

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| نامە | ٣ |
| وەرامی دۆستان | ١١ |
| چەند کورتەباسێک لەبارەی سمایل ئاغای سمکۆوە: ڕەئووف تەوەککولی | ١٢ |
| خاکی وەتەنم ...، ولاتمان (شیعر): حەزرەتی شێخ عوثمانی سراج الدینی نەقشبەندی | ٢٠ |
| نامۆیی: محەمەد کەمال | ٢٤ |
| هونەرمەند فەرەیدوون قازی | ٣٠ |
| کایث هیچنز: ئەدەبی کوردی (و: ف. شاکەلی) | ٣٢ |
| تەیرە ئەبابیلە (چیرۆک): مستەفا ساڵح کەریم | ٣٥ |
| دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ٤١ |
| پێشانگای وردەخەمەکانی کوردەواری: ئیبراهیم ئیسماعیل | ٤٢ |
| ئەم کچەکوردە: ئارام | ٤٤ |
| کتێبخانەی مامۆستای کورد | ٤٦ |
| ئەیووب، ڕێگەی گەیشتن، ئاوریشم (شیعر): کامەران قازی | ٥٥ |
| بانگی وریایی : پیران | ٥٦ |
| ئەزموونکاری لە ئۆپێرادا: دانا ڕەئووف | ٦٢ |
| سیاسەت و دین لە فێستیڤاڵی نێونەتەویی شانۆدا: دانا ڕەئووف | ٦٥ |
| ڕەشۆ ئاغا (چیرۆک): بەکر ییڵدز (و: کوردۆ عەلی) | ٦٧ |
| لەتیف هەڵمەت: لە ساڵی دووهەزاردا ... ئامادەکردنی: صەلاح شاکەلی | ٧٢ |
| چەند شیعرێک: ڕێبوار سیوەیلی | ٧٥ |
| مامۆستای کورد: دە ساڵ تەمەن، ٢٦ ژمارە، ١٩٨٠ لاپەڕە: فەرهاد شاکەلی | ٧٦ |

# نامە

## قازی محەمەد
## لەناو ڕووناکیی مێژوودا

لەو کورتەباسەی لە گۆڤاری "مامۆستای کورد" ژمارە ٢٤ و ٢٥ی ١٩٩٥دا لەسەر پێشەوا بڵاوم کردەوە بە سەرباسی "قازی محەمەد لەناو ڕووناکیی مێژوودا" .. لە باسی بار و دۆخەکەی پێش ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، سەرگوزەشتەیەکم لە زمان مامۆستا مەلا ڕەحیمی عەبباسی گێڕاوەتەوە لەسەر ڕۆڵی پێشەوا .. ئەو سەرگوزەشتەیە مامۆستای نێوبراو لە زمان حاجی سەید عەلی حەسەنپوور گێڕایەوە، چونکە مشتومڕەکە خۆی لە نێوان پێشەوا و خوالێخۆشبوو حاجی سەید عەلیدا بووە، کە ئەم بۆ مامۆستا مەلا ڕەحیمی گێڕابووەوە و ئەمیش لەو دانیشتنەی باسم کردووە بۆ ئێمەی باس کرد. بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز ئەم ڕوونکردنەوەیەم بە پێویست زانی.

مەحموود مەلا عیززەت
مایسی ١٩٩٥

... دە نووسراوەکەی مەحموود مەلا عیززەتدا ئەو شیعرە هاتووە، بەڵام بەداخەوە ڕاست نییە و بە پێویستی دەزانم ڕاست بکرێتەوە:

اگر سر بە سر تن بە کشتن دهیم
از ان بە کە کشور بە دشمن دهیم
واتە: ئەگەر تاکە تاکەمان خۆ بە کوشت بدەین/
لەوە باشترە کە وڵات بدەینە دەست دوژمن.

جا شەهید سەدری قازی بە مەبەستی گاڵتەکردن بە ئەرتەشی ئێران شیعرەکە بەم چەشنە دەگۆڕێ (وا دیارە قازی محەمەدیش دە نامەکانیدا بۆ کاربەدەستانی ئێران بە گۆڕینی ئەو شیعرە گاڵتەی پێ کردوون):

اگر سر بە سر پشت بە دشمن دهیم
از ان بە کە یک تن بە کشتن دهیم
واتە:
ئەگەر تاکە تاکەمان پشت دە دوژمن کەین (ڕاکەین)/
لەوە باشترە کە تاقە یەکێک بە کوشت بدەین.

بەو پێیە ئەگەر سەرنج بدەن، دەردەکەوێ کە ئەو دەقەی مامۆستای کوردیش کە مەحموودی مەلا عیززەت نووسیویە هەڵەیە (دیارە ئەگەر ئەو ورکە هەڵانە نەبن

وتارەکەی زۆر بەپێز و پوختە). تکایە ئەگەر بە پێویستتان زانی لە ژمارەی داهاتوودا ئەو هەڵەیە ڕاست بکەنەوە!

هیوامە مامۆستای کورد هەر وا تێر و تەسەل بێ و لە گەڕ نەکەوێ. هیوامە بۆ خۆشت لە هێرشی "حەمەی مام ئەوڕەحمان" بە ساغی دەرچی.

هێدی - ئاڵمانیا

٩-٤-٩٥

## ڕوونکردنەوەی مامۆستای کورد

سەرنجەکانی کاک هێدی شایانی ڕێزن. ئێمە ئەگەرچی لە ئامادەکردنی بابەتەکانی هەر ژمارەیەکی مامۆستای کورددا هەوڵێکی زۆر دەدەین و تا ڕادەی ماندووبوونی تەواو خۆ بەوەوە خەریک دەکەین نووسراوەکان لە رووی ڕێزمان و ڕێنووس و مێتۆدیکەوە ڕاست و بێ گرێ و گۆتاڵ بن، بەڵام دیسانیش هەندێ جار هەندێ شتمان بەسەردا تێدەپەڕن و لێیان بێئاگا دەبین تا ئەو دەمەی خوێنەرێکی زرنگ ئاگادارمان دەکاتەوە، یا خۆمان پەی بە هەڵە و ناتەواوییەکانی ژمارەکە دەبەین.

سەبارەت وتاری "قازی محەمەد لەناو ڕووناکیی مێژوودا"ی کاک مەحموودی مەلا عیززەت، ئێمە پێشەکی لەگەڵ نووسەر خۆی ئاوا ڕێک کەوتبووین:

- لە رووی ڕێزمان و ڕێنووسەوە ئێمە وتارەکە دەسکاری دەکەین و لەگەڵ بنەما زمانەوانییە پەسەندکراوەکانی مامۆستای کورددا دەیگونجێنین.

- ئەو بەشانەی وتارەکە کە قسەگواستنەوەن (نقل قول= مقتطف) دەسکاری ناکەین، مەگەر ئەوەی کە بەتەواوی دڵنیا بین لە سەرچاوە ئەسڵییەکەدا یا لە کاتی گواستنەوەدا هەڵە ڕووی داوە.

لەوەش بترازێ چاوەڕوانیی ئێمە لە نووسەران ئەوەیە کە قسە لە سەرچاوەی باسەکانیانەوە بە وردی بگوێزنەوە و دەستکاریی نەکەن. دیارە نە ئێمە و نە هیچ گۆڤار و بڵاوکراوەیەک ناتوانێ یەک بە یەکی ئەو سەرچاوانەی نووسەرانی بابەتەکان بە کاریان بردوون تاقی بکاتەوە و لە وریایی و وردیی نووسەران دڵنیا بێت.

دوای هاتنی نامەکەی کاک هێدی ئێمە گەڕاینەوە بۆ پارچە کاغەزی ڕەشنووس و بۆ نوسخەی ڕاستکردنەوە (یا بە قەولی مام هەژاری ڕەحمەتی هەڵە و پەڵە هەڵگرتن). لەوێدا شیعرەکەی فیردەوسی و دەسکارییەکەی پێشەوا قازی ڕێک بەو جۆرەیە کە لە وتارە چاپکراوەکەدا دەبینرێ. نووسەر بە پێی پانووسی ژمارە ٢٩ [بۆ جیاکردنەوەی وشەکە لە پێنووس بە مەعنای قەڵەم، خامە] خوێنەر هەواڵەی لاپەڕە ١٢ی کتێبی "باسێک لەمەڕ مەحاکەمەی پێشەوا قازی محەمەد [بە بۆنەی ٨٠-یەمین ساڵی لە دایک بوونی]" لە نووسینی دۆکتۆر ڕەحیمی قازی دەکات.

کە تەماشای ئەو سەرچاوەیەمان کرد، دەرکەوت کە کاک مەحموود لە گواستنەوەکەدا هەڵەیەکی کردووە؛ میسراعی یەکەمی بەیتەکەی فیردەوسی بەگوێرەی کتێبەکەی ڕەحیمی قازی ئاوایە:

همه سر بسر تن بکشتن دهیم

بەڵام لای کاک مەحموود بووەتە:

همه سر بسر پشت به دشمن دهیم.

دەنا ئەو دوای شیعرەکەی فیردەوسی و گۆڕینەکەی پێشەوا قازی محەمەدیش لای مەحموودی مەلا عیززەت و لای ڕەحیمی قازی هەر وەک یەکن. ئەو جۆرەی کە ڕەحیمی قازی هەردوو شێوەی بەیتەکەی بە کار بردووە، باوەڕ ناکەین، ئەنجامی بەهەڵە تێگەیشتن یا هەڵەی چاپ بوو بێت، بەڵکە ئەو هەر وای بە ڕاست زانیوە، یا هەر وای بینیوە و خوێندووەتەوە، چونکە لە کتێبێکی دیکەیشیدا؛ "قازی محەمەد و مەسەلەی خودموختاری [ی] کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٨٠-یەمین ساڵی لە دایکبوونی" لە بڵاوکراوەکانی تیشک، چاپی یەکەم، بەهاری ساڵی ١٣٥٩، لاپەڕە ١٨، گۆڕینەکەی قازی محەمەدی هەر بەو شێوەیە گواستۆتەوە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ڕەحیمی قازی ئەمەی لە وتارێکی پێشەوا قازی محەمەدەوە وەرگرتووە کە [بە فارسی

بڵاوکراوەتەوە و ناوی سەرچاوەکەشی بە ڕێکوپێکی داوە و بەم شێوەیەیە:

"فەرماییشاتی پێشەوا و سەرۆکی کۆماری کوردستان لە بەرامبەر چەند هەزار کەس عەشیرەت و دانیشتوانی مەهاباد"، ڕۆژنامەی کوردستان، برواری [بەرواری] ٢٩ـی مانگی مەی ساڵی ١٩٤٦.

ڕێگەیەکی دیکە بۆ ساغکردنەوەی شیعرێکی کلاسیکی فارسی [و ڕۆژهەڵاتی] ئەوەیە بە پێی بنەماکانی کێشی شیعری کلاسیکی عەرەبی ـ فارسی (عروض) لەتلەتی بکەی. ئەم شیعرەی فیردەوسی لەسەر کێشی موتەقاریب دانراوە (بحر متقارب مثمن محذوف) و ڕوکنەکانی هەر میصراعێکی بەم جۆرە لەتلەت دەکرێن:

فعولن / فعولن / فعولن / فعول
٧ - - / ٧ - - / ٧ - - / ٧ -

وەک دیاریشە شێوەی خوێندنەوەی شیعرەکە لای بەڕێزان ڕەحیمی قازی و مەحموودی مەلا عیززەت و هێدی ـ ش هەر لەگەڵ بنەما (عروض)ییەکاندا دەگونجێت و ڕاست دەردەچێت.

مامۆستای کورد

# یادی پەنجا ساڵەی حیزبی دێمۆکرات

هاوینی ئەمساڵ، ١٩٩٥، یادی ساڵڕۆژی پەنجایەمینی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە. ئێستا دوای پەنجا ساڵ ئەگەر پیاو بیر لە ڕابوردووی ئەو حیزبە دەکاتەوە و دەیەوێ وێنەی حیزبێکی شۆڕشگێڕی خاوەن ئەزموونێکی شکۆدار لە مێشکی خۆیدا بخولقێنێ تووشی بێهومێدییەکی سەیر دەبێ. حیزب لە ئەدەبییاتی سیاسیی خۆیدا گەلێ بە شانازییەوە باسی ئەزموون و شۆڕشگێڕی و شەهیدانی خۆی دەکات و پێی وایە بەو سادەلەوحییە دەتوانێ مێژوو بۆ خۆی دروست بکات.

جارێ ئەوەی کە ژمارەی شەهید بکرێتە دەلیلی ڕابوردووی شۆڕشگێڕانە، لە کەمفامی و دێماگۆگی و گەوجیی سیاسی و بڕێکیش مازۆشیزم بەولاوە هیچ مەعنایەکی دیکەی نییە؛ دەنا نابێ شەهیدبوون و شەهیددان لە خۆیاندا ئامانج بن. میللەتێک کە هیچ ڕێگایەکی دیکەی لە بەردەمدا نەمابێ ناچارە بە هێزی پێشمەرگانە، بە زۆری چەک ئازادی بۆ خۆی دەستەبەر بکات. گەلێ لە میللەتانی ئەم جیهانە بەرامبەر دوژمنی لە دوژمنانی ئێمە دڕندەتر جەنگاون و سەدیەکی ئێمەش شەهیدیان نەداوە و خاکی خۆیشیان ڕزگار کردووە. تاکە شانازییەک کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بتوانێ خۆی پێوە ڕانێ کۆماری جوانەمەرگی مەهابادە، کە ئەویش بێ ئەملاو ئەولا بەری ئاوەز و دووربینیی پێشەوا قازی محەمەد بوو، دەنا ئەو دەمە حیزبی دێمۆکرات هەمووی پێنج مانگ نەبوو دامەزرابوو. چۆن دەبێ حیزبێک لە یەکەم پێنج مانگی ژیانیدا کۆمارێکی پڕ لە شانازیی وەک کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ، کەچی پەنجا ساڵەکەی دیکەی ژیانی تاکە ڕووداوێکی تێدا نەبێ کوردێک بتوانی شانازیی پێوە بکات ...!!

پێم وا نییە هیچ کەسێک و هیچ کوردێک هەبێ بە شەهیدبوونی دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان کسپەی لە جەرگڕا نەهاتبێت، وەلێ دوور لە هەموو ئیحساساتێکی سیاسی و حیزبایەتی ئەوەش لای هەرکەسێکی تێگەیشتوو ئاشکرایە کە ئەو کارەساتە چەندە ئەنجامی دڕندەیی و نامەردیی دوژمن بوو، دوو هێندەش بەری نەفامی و نادێمۆکرات و ناسیاسی بوونی خۆیان و حیزبەکەیان بوو.

ئەو کۆمەڵەی (ژێ. کاف) و حیزبی دێمۆکراتەی پێشەوا قازی محەمەد سەرکردایەتیی دەکرد، تەشکیلاتێکی نیشتمانپەروەرانەی کوردستانی بیر و کوردستانی ڕەوتار و کوردستانی بەرنامە بوو، کەچی حیزبی دێمۆکراتی ئەمڕۆ حیزبێکی ئێرانپەرستی، ئێرانیخوازی هەخامەنشی و ساسانی و قاجاری و پەهلەویپەرستی

دژ بە بیری کوردستانی و کوردایەتیی سەرتاسەرییە.
چاکترین خزمەتێک کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و تەشکیلاتەکانی دیکەی کوردی ئێرانپەرست دەتوانن بە گەلی خۆیانی بکەن ئەوەیە کە خۆیان هەڵوەشێننەوە و ببنە بەشێک لە حیزبە ناسیۆنالیستەکانی ئێران و دەستبەرداری گەلی کوردستانی ڕۆژهەلات بن و چیی دی تووشی سەر لێشێوان و ماڵوێرانییان نەکەن. لێ گەڕێن با گەلی کوردی کوردستانی ئێران ڕێگای ئازادیی خۆی و ڕزگاریی خاکەکەی بدۆزێتەوە.

م. بۆکانی
ئاڵمان هاوینی ١٩٩٥

## حیزبەکانمان ئابڕووی خۆیان لەناو کورددا و ئابڕووی کورد لە جیهاندا دەبەن

... هیوادارم سەربەرز و سەرکەوتوو بن لە خزمەت ئەو گەلە هەژارەی کە دوچاری دەردەسەری و بێئومێدی بووە، پاش ئەوەندە ساڵ ئازار و خەبات و چاوەڕوانی.
بێگومان ئێوە بە هۆی (ساتیلایت) و (مهوارە) و ئاژانسەکانەوە باش ئاگاداری بار و دۆخی کوردستانن، بەتایبەت شاری هەولێر. من بەش بە حاڵی خۆم زۆر بەدبینم و هیچ ئومێدێکم بە ئایندە نەماوە، دوای ئەم کارەساتە کە ئێستا باڵی بەسەر کوردستانا داگرتووە. هەموو ڕۆژ تێرۆر و تاڵان و دزین و ڕفاندن و هێرش و گرتن و تۆقین و تەقاندنەوە و دەیان پەیڤی ترسناکی تر کە ئێستا زۆر بەزەقی لە فەرهەنگ و گفتوگۆی ڕۆژانەی کوردستاندا بە کاری دەبەن. ئەم وشانە وەک سامانێکی نەتەوایەتی خۆماڵی کراون !
پارتەکانی کوردستان سەلماندیان کە هەر ئەم وشانە لە گەلی کورد دەوەشێتەوە و هەموو دروشمە بریقەدارەکانیان درۆ بوون! سۆسیالدیموکراتی چی و ئازادیی چی و ئاشتیی چی! بڕوا بکە چەندین لاو گیراون و کوژراون چونکە (تی شێرت)ی زەردیان لەبەردا بووە !!
برادەرێکمان لە ئەوروپا گەڕابۆوە، بۆمانی گێڕایەوە گوایە تەلەڤیزیۆنەکانی ئەوێ ئازار و ئەشکەنجەدانی کوردەکان بە دەستی ڕژێمی بەغدا و پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەراورد دەکەنەوە! بەڕاستی شتێکی ئابڕووبەرە، ئەو کردەوانەی کە ڕژێمی بەغدا لە چارەکە سەدەیەک دژ بە کورد ئەنجامی داون لەگەڵ کردەوەکانی خۆمان لە یەک ترازوودا دابنرێن.
لەوانەیە چاوەڕوانی هەڵوێستی من بیت وەک نووسەر و ڕۆشنبیرێکی کوردی بێلایەن. بە ڕای من هەموو پارتەکانی کوردستان تاوانبارن بەرامبەر بە ڕووداوەکانی کوردستان و ئۆباڵی تێکچوون و هەڵوەشاندنی ئەزموونەکەمان دەکەوێتە ئەستۆی هەردوو حیزبە سەرەکییەکە؛ پارتی و یەکێتی.
تاوانی حیزبە بچووکەکان ئەوەیە کە هەموویان بێ هەڵوێستن، هەلپەرستن، ترسنۆکن ... ترازووی کام لا - لە هەردوو حیزبەکە - گران بێت دەدەنە پاڵ ئەو و دەست بە کۆبوونەوەی هاوبەشی و دۆستانە و دووقۆڵی دەکەن.
لەو باوەڕەدام بچووکترین حیزب ئەگەر دەرفەتی بۆ هەڵکەوێ و دەسەڵاتی بۆ لوا، دەبێتە حیزبێکی دیکتاتۆری درندە و بەرژەوەندی میللەت لە ژێر پێ دەنێت.
تاوانی یەکێتی و پارتیش بەکورتی ئەوەیە کە :
پارتی خەوتووە و یەکێتی خەوی لێ ناکەوێ !
پارتی بێ ئەندازە بێخەمە و یەکێتیش سەری لێ شێواوە.
بۆ بەڕێوەبردنی دەزگا ئیدارییەکانی کوردستان، پارتی بە گوێرەی ٥٠٪کەی خۆی هەروەک پێش ڕاپەڕین بیردەکاتەوە، ئەزموونی نییە، یەکێتی هەموو ئەزموونەکانی ڕژێمی بەغدا دووپات دەکاتەوە، بگرە زیاتریش!
ڕاگەیاندن و ئێزگە درۆی وای لێ دەکرێ، کەس سەری لێ دەرناچێ. تەنها ڕۆژێک ئێزگەی یەکێتی هەواڵێکی بچووکی بڵاوکردەوە وتی: (پارتی T.N.T ی لەژێر

پردێکی بچووک داناوە و یەکێتی پووچەڵی کردۆتەوە).
بڕوا بکە ئەم هەواڵە بوو بە کەرەستەی دەیان وتاری ئێزگە و ڕۆژنامە و سەدان جار - بەڵێ سەدان جار - لە ڕاگەیاندنی یەکێتی بە سۆرانی و کرمانجی و عەرەبی دووبارە کرایەوە، کەچی هیچیش لە گۆڕێ نەبوو !

مامۆستا صەلاح هەورامی شەهید کرا ... یەکێتی دەڵێ ئەندامی ئێمەیە و پارتیش دەڵێ لایەنگری خۆمان بوو ! بازرگانییە!

هەزار جوێن و قسەی سووک لە هەردوو ئێزگەوە ڕۆژانە بڵاودەکرێنەوە و هیچ سنوورێکی ئەخلاقی نەماوە ... بەرژەوەندیی میللەت لە یادی کەس نەماوە، کەس هەست بە بەرپرسایەتیی مێژوویی ناکات، دۆلار و ئۆتۆمبیل و قەسر، پارە و پوول و ئافرەت و ژن هێنان مێشکی هەموویانی ئاوس کردووە.

ڕاگەیاندنی هەردوو لا دزی و تاڵان و ڕاووڕووتی لایەنەکەی تر بە بەڵگە و دۆکومێنت بڵاودەکاتەوە، ناوێک نەماوە لە لیستە درێژەکەی دز و جەردەکاندا نەبێت و هاووڵاتی هەژاریش خەون بە نیسک و ماشەوە دەبینێ.

وا بزانم (پێرێسترۆیکا)ش بار و دۆخی کوردستان چاک ناکاتەوە چونکە بناغەکە لەسەر هەڵە دامەزراوە، هەر لە سەرەتاوە ئاشکرا بوو و هەموو کەس دەیزانی ئەزموونەکەمان سەر ناگرێ و ڕۆژێک دێت هەموو شتێک هەڵدەوەشێتەوە و دەگەڕێینەوە سەر (صفر) .. بەڵێ، هەر لە کاتی کەرەستەکانی سەددی بێخمە و هەزاران ئۆتۆمبیل و شەفڵ و ئامێری قورس و سووک ئاودیو دەکران، هەر لەو وەختەوە ئایندەی کوردستان دیار بوو، دڵسۆزیی سەرکردەکانی دیار بوو.

بەر لە سێ ساڵ کە سەرکردەکان باسی بار و دۆخی کوردستانیان دەکرد بیانووی ئەوەیان دەگرت کە ڕژێم گوندەکانی کوردستانی خاپوور کردووە، کەچی ئێستا شارەکانی کوردستانیش وێران کران، خۆزگە بە گوند و شاریش، خۆ ئەخلاقیش خاپوور و وێران کراوە.

لە کۆتاییی حەفتاکاندا ئەنوەر سادات کە دیتی هەندێک دیاردەی خەراپ خەریکە لە وڵاتەکەیدا سەر هەڵدەدا، دوو یاسای تایبەتی دەرکرد، ناوی یەکەمی نا (قانون العیب) و دووەمیشی ناو نا (اخلاق القریة). تۆ بڵێیت کوردستانی ئێستامان پێویستی بە قانوون و یاسای ئاوا نەبێت؟ بە ڕای تۆ کوردستان پێویستی بە حکوومەتێکی بێلایەن نییە کە بتوانێ - بێ ترس - لە هەموو کەسێک بپرسێ و بڵێ (من این لک هذا = ئەمەت لە کوێوە هێنا)؟

بە هەر حاڵ، حکوومەتێکی بێلایەن و بێ - پاسپۆرتی خاریجی - و داماڵینی چەک و نەمانی میلیشیا و بەر لەوانەش، ئامارێکی ڕێکوپێک و هەڵبژاردنێکی بێگەرد لەوانەیە وێرانەخاکی ئێستا بکا بە کوردستان و خەڵکەکە بە ئومێد بکاتەوە.

ب. عەبدوڕڕەحمان – ئێران
٢٠-٣-١٩٩٥

# ڕۆشنبیرانی کورد و هەڵوێست

..... چاوپێکەوتنەکەی مامۆستای بەڕێزمان خەزنەدارم خوێندەوە. باوەڕ ناکەم کەس، خەزنەداری لێ دەرچێ، بوێرێ ئاوا بەڕاشکاوی ئاماژە بۆ بار و دۆخ و گیروگرفتەکانی کوردستان بکات و هەموو نەخۆشییەکان دەستنیشان بکات.

مامۆستا خەزنەدار، وەک من بیناسم، بە قەولی فارسان (ئالوودە) نەبووە و نابێ و خۆزگە هەموو ڕۆشنبیران وەک ئەو بێگەرد و پاک دەمانەوە، هیچ نەبا ئەو کاتە ڕۆشنبیرانیش دەبوونە هێزێکی فیکریی کاریگەر لەناو کۆمەڵگای کوردیدا و لەوانەیە زۆر شت بەرەو چاکە گۆڕابا و بارودۆخ وەک ئێستا گرژ نەبووبا. ڕاستە بارودۆخی ئابووری سەختە و سەخت بووە و پارتەکانی کوردستان، بەتایبەت یەکێتی و پارتی هەموو ڕێبازیان بە کار هێنا بۆ ڕاکێشانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیران بۆ لای خۆیان، بەڵام هیچ شتێک لە گوزەرانی ئەوانەی کە ڕاکێشران نەگۆڕا و دەیان نووسەر و ڕۆشنبیر- سەرەڕای ئەوەی کە خۆیان لە دەست دا یا

چاکتره بڵێین قەڵەمی خۆیان دۆڕاند ـ نانیان نییە بیخۆن.

لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەدەبیی گرژی نێوان نووسەری گەورەی فرانسا، ئالان ڕۆبگریێ، دەگەڵ نووسەری عیراقی ـ فەلەستینی جەبرا ئیبراهیم جەبرا، کە ماوەیەک لەمەوبەر کۆچی کرد، وتووێژ ئاڵۆز بوو کاتێ گریێ باسی بێهەڵوێستێی نووسەر و ڕۆشنبیرانی عیراقی لەمەڕ شەڕی نێوان عیراق و ئێران کرد و ئەم پرسیارەی ئاراستەی جەبرا کرد: ئێوە بۆ دژی جەنگ ڕانەوەستان؟ جەبرا زۆر بەسادەیی وەڵامی دایەوە و وتی: ئێمە پابەندین بە ڕژێمی خۆمانەوە و ناکرێ دژی بڕیارەکانی دەوڵەت ڕابوەستین.

لێرەدا ڕۆبگریێ وتی: مەگەر ئێوە نووسەر نین، چیتان بەسەر بڕیارەکانی دەوڵەتەوەیە؟! ... فرانسا و نووسەر و ڕۆشنبیرانی فرانسا سەربەرزن چونکە کاتی شەڕی جەزایر نووسەرانی فرانسا دژی حوکوومەتی خۆیان وەستان.

بەڵێ، نووسەر، ئەگەر نووسەری ڕاستەقینە بێ، دەبێ هەڵوێستی هەبێ ئەگیا دەبێ بە مووچەخۆر وئەرکی پیرۆزی خۆی بە جێ ناگەیێنێ.

ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە، بەردەوام هەوڵ دەدەن لە قەوارە و سنوورەکان دەرچن و ڕوو بکەنە مرۆڤ و مرۆڤایەتیی ڕاستەقینە، کەچی ڕۆشنبیرانی ئێمە خۆیان بە بازنەیێکی تەسکی وەک جغزەکەی برا ئێزدییەکانمان گەمارۆ دەدەن!!

تاران ١٤-٦-١٩٩٥

ع . میران

... مامۆستای کورد جێگەی شیاوی لە کتێبخانەی کوردیدا بۆ خۆی کردۆتەوە، بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم، هیوادارم زیاتر سەرکەوتووبن.

لە زۆر ڕووەوە مامۆستای کورد گۆڤارێکی تەواوە. گەلێک لە وتار و نووسینەکانی تێر و پڕ و تەسەلن. لە ژمارە بیستودوویدا نووسینە پڕ بایەخەکەی ئەنوەری سوڵتانی بەتایبەتی سەرنجی ڕاکێشام. بریا بەرە بەرە دەقی سەروبەری بەڵگەنامەکانی دەکردنە کوردی و بڵاوی دەکردنەوە. هەزار جار ئافەرین بۆ هەڵمەت و "ژمارە" و "سەرەتای پرسیارەکان"ی ناو ژمارە بیستوسێی مامۆستا. ئاوڕدانەوەکەی محەمەد حەمە ساڵح تۆفیقیش لە جەلال تەقیی جوانەمەرگ هەر لەو ژمارەیەدا کارێکی زۆر بەجێ بوو. هەڵسەنگاندنەکانی هاوڕاز بابەتی و ڕێکوپێکن. قازی محەمەدەکەی مەحموودی مەلا عیزەت (دوا ژمارەی مامۆستا) تێروتەسەلە. نامەکەی قازی کەوثەری حەمەی حەمەباقی و بەڵگە مێژووییەکەی پیران (هەمان ژمارە) هەردووکیان بەکەڵک و پێویستن.

بەگەرمی دەستەکانتان دەگوشم، دوعای خێرتان بۆ دەکەم.

١٩-٦-١٩٩٥

[بەشێکە لە نامەی زانایەکی ناوداری کورد، لەبەر هۆیەکی سیاسی ناکرێ ناوی ڕاستینی بنووسین].

...... لە هەولێرەوە بردی بۆ دهۆک، کۆمەڵێک ڕۆژنامەم بۆت دانابوو، بەڵام لە ڕێگە هەموو ڕۆژنامەکانیان لێ وەرگرتبوو. ئیتر بزانە، کاکی خۆم، ڕۆژنامەکانی بەغدا دەگەنە کوردستان بەڵام "کوردستانی نوێ" مەمنووعە بچێتە کوێستان و "برایەتی"ش مەمنووعە بچێ بۆ گەرمیان. حاجی قادر لە پێش زیاتر لە سەد ساڵ ئەمەی درکاندووە بۆ دابەش کردنی کوردستان لەلایەن هاوسێکانیەوە، نەک دابەش کردنی کوردستان بەسەر سۆران و بادینان لەلایەن کورد خۆیەوە !!

لەبابەت هاتنیشتان بە خێزانەوە بێگومان ئاواتێکە لەوانەی ئێمە خەونی پێوە دەبینین. بەڵام لەم وەزعە نالەبارەدا ئێوە بۆ کوێ دێن و چی دەبینن !!

دوا هەواڵ ئەوەیە لەبەر خاتری چەند کەسێکی ئێرانی کە هاتوون شەڕ ڕابگرن، بۆ ٢٤ کاتژمێر شەڕیان ڕاگرتووە.

جا بزانە چۆن لە هەموو شتێکدا کاری خۆیان بە دەست خۆیانەوە نییە.

١٥-٧-١٩٩٥

[بەشێکە لە نامەی مامۆستایەکی گەورەی کوردەواری].

## میهرەجانی خانی

...... لە میهرەجانی ٣٠٠ ساڵەی مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا بووم، لە شاری دهۆک (٢٠-٢٣-٦-١٩٩٥)، کە گەورەترین بەیەک گەیشتنی زۆربەی نووسەر و رۆشنبیرانی (سەر بە گشت لایەنەکان، بە پارتی و یەکێتییەوە) بوو، بەتایبەتی لەم "دەردەکوردەی" لە ١-٥-١٩٩٤ [پێشتریش لە ١-١٢-١٩٩٣]ەوە سەری هەڵداوەتەوە ..... هەروا گەوورەترین کۆبوونەوەیەکی ئاوەها بوو لو کۆنگرەی شەقلاوەی نووسەران (١٩٩١) بەملاوە.

سەیریش ئەوەیە، لەو میهرەجانەدا، تەواوی وەزارەتی رۆشنبیری (بە وەزیر و بریکار و زۆر لە بەرێوەبەرە گشتییەکانیەوە) ئامادە بوو. ئەگەر بەلاغی کۆتایی میهرەجانەکەتان بە دەست کەوتبێ، دەبینن کە لە کەش و هەوایەکدا میهرەجانێکی رۆشنبیریی گەورە، لە دۆزەخی باری ئێستای کوردستان بەستراوە.

بۆیە دەڵێم "... تەواوی وەزارەتی رۆشنبیری" چونکە بە عەمەلی هیچ وەزارەتێک ساغ و سەلامەت نەماوە، هەموو کەرت بوونە ... بەڵام لەم ساڵە پڕ دەردەدا، تەنیا وەزارەتی رۆشنبیری، بۆ ماوەی چوار رۆژ رزگار بوو ...

یەکدی دیتنی دەیان نووسەر (نزیکەی ٣٠٠ کەس بەشدار بووبون، بەشێکیان کەسانی رۆشنبیری ناسراوی کۆمەڵ و میوانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بوون)، بە بیروڕای جیاواز، بەتایبەتی کە ٣-٤ ساڵ بوو یەکتریان نەدیبوو ... مزاجێکی تازەی، خاوکەرەوەی هەندێ دەمارگرژیی خولقاند.

بەهەرحاڵ تەقەللایەک بوو. ئێمە لە سەلاحەدین و دهۆک رێککەوتین و نووسەرانی هەولێر و سلێمانی و کەرکووکمان بانگ کرد و هەر یەکە بە شێوەی خۆی "سنووری دەردەکورد"ی بۆ چەند رۆژێک بەزاند. هاتنی برایانی دیکەش لە شارەکانەوە مەرجێکی سەرکەوتنی بوو. ئێستاش دەبیستمەوە کە ئیجابییانە کاری کردۆتە سەر پەیوەندیی نووسەران لە گشت شارەکان، بەتایبەتی کە لە دهۆک هەوڵمان دا، و تا ڕادەیەکی چاک سەرکەوتین، تا میهرەجانەکە لە دروشمی سیاسی - حیزبی دوور بخەینەوە.

...... ئە فسووس شەڕی تازە و پێکدادانی جگەربڕ کە لە شەوی ٨،٩-٧-١٩٩٥ەوە هەڵایسایەوە، جارێکی دیکە، بارودۆخەکەی ئاڵۆزاندەوە، "ئەوان"یش بوون هاتنە سەرمان. بەداخەوە کە دیارە ئەم "دەرد"ە زوو نابڕێتەوە.

کاف. یادگار

١٦-٧-١٩٩٥ هاوینەهەواری سەلاحەدین

... کوردستان کەلاوەی وێران نییە و بەس ... بەڵکوو وڵاتی بێکاری و سواڵکردنە ... هەموو شەقام و مزگەوت و کۆڵانەکان پڕن لە سواڵکەر ... گەلێ مامۆستا عەرەبانەی حەماڵییان کڕیوە و گەلێ مووچەخۆر و رۆژنامەنووس و نووسەر پاکەت و عەلاگە و بنێشت دەفرۆشن ... گەلێ نەخوێندەوار و نیوچە خوێندەواری کلکەحیزب بوون بە نووسەر و پەیامنێر و سەرنووسەری رۆژنامە و گۆڤارەکان.

ئەوە ئێستگە و تەلەفزیۆنە کوردستانییەکان مەگەر خوا بزانێ چۆنن و چۆن بە رێوە دەچن و ئەرکی سەرەکییان بڵاوکردنەوەی گۆرانیی بێپێز و بەرنامەی بێسەروبنە.

هەروەها کوردستان بۆتە فابریقەی هەڵهێنانی فەریکە سیاسەتمەند ... ماشەڵڵا چ سیاسەتمەندێک ... لە پارتێکی سی چل کەسییەوە بێ خشپە سەنگەری تەماح دەگوێزێتەوە بۆ ناو حیزبێکی گەورە و سەیر ئەوەیە لەو حیزبەدا دەکرێ بە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و ئەو بابەتە پلە و پایەی دەدرێتێ ...!

لێرە هەر ئەو شاعیرانەی سەر بە حیزبێکن دەتوانن کتێب لە چاپخانەی گەورە لە چاپ بدەن ... کەسانی دی

به هەزار ناڵیعەلی دەتوانن لەسەر حیسابی برسێتیی خۆیان دە دوازدە یاخود سی چل ژمارە لە کتێبێکی سی چل پەڕەیی یا پەنجا شەست پەڕەیی فۆتۆکۆپی بکەن.
وەزارەتی ڕۆشنبیری هەر نووستووە و ئاگای لە ئەرکی سەرشانی خۆی نییە و لە بارەی کتێب چاپکردنەوە ئێمە هەر ناناسێ و بەڕاستی وەزارەتەکە ئێستاش هەر وەک جاران خەرابەئابادە و ناوی هەیە و چاوی نییە ... !

ک. ڕزگار

سلێمانی ٢٧-٨-١٩٩٥

## محەمەد کەمال و مارتین هایدیگەر

وتارەکەی کاک محەمەد کەمال لەمەڕ هایدیگەر و گۆڕانێکی فەلسەفی، وەک زۆربەی نووسینە فەلسەفییەکانی ئەو بەڕێزە، بەپێز و سەرنجڕاکێش و لەززەتبەخش بوو بۆ کەسێک سەروسەودایەکی لەگەڵ مەسەلەکانی بیر و فەلسەفەدا هەبێت. بەڕاستی جێگەی دڵخۆشییەکی گەورەیە کە ڕووناکبیری کورد ڕوو بکاتە ئەم مەیدانە و **بە کوردی** لەم مەسەلانە بدوێ / بنووسێ. من حەزم دەکرد چ ئەو مامۆستایە و چ مامۆستایانی دیکەی کە شارەزای فەلسەفەن، لەپاڵ ئەم جۆرە نووسینانەدا، کە بێگومان نرخێکی زۆریان هەیە، هەوڵیان بدایە بە وتار، بە سەمینار و بە نامیلکە و کتێب بنەما و بنەڕەتەکانی فەلسەفە، مێژووی بیر و فەلسەفە و خوێندنگە و تیۆرییە جیاوازەکانی فەلسەفەیان بە خوێنەری کورد بناساندایە، کارێکی وایان بکردایە خوێنەری کورد بڕێک ئاشنایەتی لەگەڵ فەلسەفەدا پەیدا بکات. پێویست بەوە ناکات من لێرەدا باسی بایەخ و گرنگیی فەلسەفە بۆ خوێنەری کورد و بۆ زمانی کوردی بکەم، بەڵام زۆر چاک ئاگاداری ئەوەم کە بەبێ ناسینی فەلسەفە و بەبێ موتوربەکردنی فەرهەنگی کورد بە باسوخواسی فەلسەفە نابێ چاوەڕوانی ئەوەش بین لە مێشک و بیری مرۆڤی کورددا، بەتایبەتیش ڕووناکبیری کورد، و لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا گۆڕانێکی بنەڕەتی، بەرەو پێشەوە، ڕوو بدات.
وتارەکەی کاک محەمەد کەمال لەمەڕ هایدیگەر لایەنێکی بچووکی بیر و فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفەی گرتبووەوە. دیارە لە وتارێکی ئاوادا ناکرێ جیهانی فراوانی هایدیگەر بناسێنرێت. مرۆڤ دەتوانێ لە سەدا سەد دژی هایدیگەر بێت یا دڵخوازی بێت، بەڵام لە هەردوو بارەکەدا ناکرێ ئەو ڕاستییە بکرێ بە ژێر لێوەوە کە هایدیگەر فەیلەسووفێکی گەورە و بیرقووڵ و کاریگەرە. پێم وایە لە وتارێکی تەنانەت سادەشدا لەمەڕ فەلسەفەی هایدیگەر دوو خاڵی گرنگ هەن ناکرێ باس نەکرێن؛ یەکەمیان هەڵوێستی ئەوە لەمەڕ نازیزم و هیتلەر و دووەمیشیان زمانەکەی. هایدیگەر ڕەنگە تاکە فەیلەسووف بێت کە زۆر بەڕاشکاوی پشتیوانیی نازیزمی دەکرد، دژی جوولەکە بوو (ئەنتی سێمیت) و هیوایەکی زۆری بە ئادۆڵف هیتلەر هەبوو بۆ ڕێبەری کردنی گەلی ئاڵمان بەرەو ئەوەی ببنە پێشەنگی گەلانی ڕۆژاوا. ئەو تەنانەت تا مردنیش هەر لەسەر ئەو باوەڕە مایەوە و لێی لا نەدا.
زمانی هایدیگەر زمانێکی یەکجار قورس و زەحمەت و تایبەتە. بەشێکی زۆری ئەو تێرمانەی بە کاری هێناون لەو بابەتەن کە خۆی دروستی کردوون و دایڕشتوون. لەبەر ئەوە تێگەیشتنی فەلسەفە و بیری هایدیگەر زۆر زەحمەتە. ڕەنگە لەوەش زەحمەتتر وەرگێڕانی بێت بۆ سەر زمانێکی دیکە.

ک . شێخە

١٩٩٥-٧-٧

# وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە:

* سنوور پاراستن (کورتەچیرۆک)
* سەرنج دانێکی کتێبی "پەلکەزێرینە" (لێکۆڵینەوە)
* چاوی باران (شیعر - چوارین)
* نامەکانی مردوێک بۆ هاوەڵەکەی (کورتەچیرۆک)
* بارانی ڕەش (شیعر)
* لە پەراوێزی ( ........) کوژیدا (پەخشانەشیعر)
* خەون (شیعر)
* بانگەواز: ئەی نووسەران، ئەی شاعیر و چیرۆکنووسان
* بەربووکی کوردەواری لە دەشتی هەولێردا (فۆلکلۆر)
* ئارارات، بڵفەت، هەڵگورد (شیعر)
* کۆمەڵێ نامە و بەڵگەنامە لەمەڕ "پرۆژەی نەوتی کوردستان"
* چادایێڤ: فرزەندی مەزنی ڕووسیا (وتار)
* ئەم کوشتارە بۆچی ؟
* کام سەرکردە و کامە ڕابەر ؟
* کلیل، تاراوگە (دوو پارچە شیعر)
* دیسان ڕەخنە ... دیسان هەنبانە بۆرینە!
* بۆ هەڵەبجە (شیعر)
* خوشکی حەوت برا (کورتەچیرۆک)

ببوورن کە نەمانتوانی بەرهەمەکانتان بڵاوبکەینەوە

# چەند کورتەباسێک لەبارەی سمایل ئاغای (سمکۆ)وە

ڕەئووف تەوەککولی

سمایل ئاغا (سمکۆ) کوڕی محەمەد ئاغا، سەرۆکی عەشیرەتی شکاک بوو. ئەم عەشیرەتە لە دەوروبەری ورمێدا ئەژین. سمایل ئاغا و جەعفەر ئاغای برای، زۆرجار دژی زۆرکاریی دامودەزگای بنەماڵەی پاشایەتیی قاجار ڕائەپەڕین و خەباتیان ئەکرد. سمایل ئاغا دوای کوژرانی جەعفەر ئاغا، درێژەی بە خەبات دا و توانیی دەست بە سەر ورمێ و سەڵماس و خۆی و ساباڵغ و شنۆ و زۆر شوێنی دیکەدا بگرێ. هەروەها لە ساڵی ۱۲۹۹ی هەتاوی (۱۹۲۰ ز) کۆمارێکی سەربەخۆی دامەزراند بە ناوی (جمهووریی ئازادستان) کە تەنیا چەند مانگی خایاند (۱) و ڕۆژنامەیەکیش بە ناوی (کورد) لە ورمێ دەرچوو، کە زمانحاڵی ئەو کۆمارە بوو.

## کوژرانی جەعفەر ئاغا

لە ساڵی ۱۲۸٤ / ۱۹۰٥ لە کاتێکدا (مظفر الدین شا) بە سەفەر چوو بۆ ئەوروپا، محەمەد عەلی میرزای کوڕی بە جێگری خۆی دانابوو. حوسەین قولی خان (نظام السلطنه)یش کرابووە والی (محافظ)ی ئازەربایجان. ناوبراو جەعفەر ئاغای بانگ کردە تەورێز و دڵخۆشیی دایەوە کە دەوڵەت لێی ئەبوورێ و داخوازییەکانیشی دێنێتە دی (۲). ئیبراهیمی سەفایی ئەڵێ: (نظام السلطنه) لە لاپەڕەی قورئانێکا کە بۆ جەعفەر ئاغای ناردبوو، سوێندی خواردبوو، درۆی لەگەڵ ناکا و فەرمانی سەرۆکایەتیی عەشیرەتەکەی لە دەوڵەت بۆ ئەستێنێ (۳). جەعفەر ئاغا لەتەک حەوت کەس خزم و قەوم و چەند سواری چالاک چووە تەورێز. یەکێک لە خزمەکانی میرزای خاڵی بوو (٤)، کە (خاڵە میرزۆ)ی پێ ئەوت. (نظام السلطنه) بەگەرمی پێشوازی و میوانداریی لێ کردن. جەعفەر ئاغا و هاوڕێکانی بە هەر شوێنێکی تەورێزدا ڕائەبووردن، خەڵق ئەهاتنە تەماشایان و لە ڕێکوپێکی و جلوبەرگ و چەکیان سەریان سووڕ ئەما(٥).

محەمەد عەلی میرزا لە تارانەوە تەلگرافی لە (نظام السلطنه) کرد و فەرمانی پێ دا لەو دەرفەتەدا جەعفەر ئاغا بکوژێ. (نظام السلطنه) بۆ ئەنجامی ئەو کارە، محەمەد حوسەین خانی ضەرغام کە یەکێک لە سەرکردەی سوارەکانی قەرەباغی بوو، بۆ کۆشکی خۆی بانگ کرد و تفەنگ و دەمانچەی دا بە چەند کەس لە پیاوەکانی و لە ژێرخانی کۆشکەکەیدا دابینی کردن و بە شوێن ئەم پیلانەدا داوای لە جەعفەر ئاغا کرد، بۆ چاوپێکەوتن و وتووێژ، بێ بۆ لای. جەعفەر ئاغا بە ڕاشکاوی هات بۆ کۆشکی (نظام السلطنه) و

هاوڕێکانی لە حەوش بە جێ هێشت و بە تەنیا پێ هەڵگەڕا. خزمەتکارەکانی (نظام السلطنە) هۆدەیەکی چکۆلەیان پێشان دا و وتیان فەرموو تەشریفت لەوێ دانیشە!! کاتێک جەعفەر ئاغا دانیشت، (ضرغام) لە مەتەرێزێکەوە تەقەی لێ کرد. جەعفەر ئاغا ڕاپەڕی. بەڵام برینەکەی کاری بوو، دەست بە جێ کەوت و گیانی دەرچوو. هاوڕێکانی جەعفەر ئاغا بە بیستنی تەقەی تفەنگ، زانییان قەوماوە. بە دەستڕێژکردن سەرکەوتن. بەڵام ضەرغام و داروودەستەکەی لەوێ نەمابوون و ئەوانیش بە چاوپێکەوتنی تەرمی جەعفەر ئاغا، بۆ دەربازکردنی خۆیان پەنجەرەیەکیان کردەوە و دەرچوون و لە ڕێگادا چەند کەسێکیان پێکا و دوو کەسیشیان لێ کوژرا (٦). بە فەرمانی نظام السلطنە تەرمی جەعفەر ئاغا و دوو کەس لە هاوڕێکانی لە کۆشکی (عالی قاپوو) هەڵواسرا.

ئەحمەدی کەسرەوی، نووسەری (تاریخ مشروطەء ایران) ئەڵێ: من لەو کاتەدا ئەمخوێند، لەگەڵ دوو سێ قوتابی ئەچووینە سەیری ئەو تەرمانە، هەرسێکیان سەرەوژێر هەڵواسرابوون (٧).

نظام السلطنە، تاقمێک سوارەی دوای هاوڕێکانی جەعفەر ئاغا خست. لە (ئیروەنەق) تووشیان بوون و هاوڕێکانی جەعفەر ئاغا لێیان هاتنە دەست و ئەسپەکانیان لێ ساندن و بۆی دەرچوون (٨). ئەڵێن لە کاتی کوژرانی جەعفەر ئاغادا، (نظام السلطنە) لە چاڵێکا خۆی شاردبۆوە.

پەیمانشکێنیی دەوڵەت، موحەممەد ئاغای باوکی جەعفەر ئاغای هان دا پەنا بەرێتە بەر دەوڵەتی عوسمانی. (لەو کاتەدا نێوانی ئێران و عوسمانی خۆش نەبوو). محەمەد ئاغا چووە ئەستەمبووڵ، لەوێ ڕێزی لێ گیرا و ناسناوی (پاشا)ی پێ درا. بەڵام بە هۆی ڕووداوێکەوە تورکەکان دڵیان لێ گۆڕی و ئەوەی دابوویانێ لێیان سەندەوە (٩). ئەڵێن نظام السلطنە داوای دووهەزار ئەشرەفیی (دراوێکی زێڕە) لە جەعفەر ئاغا کردبوو، کە ناسناوی (سردار نصرت) و فەرمانی سەرۆکایەتیی عەشیرەتی شکاکی پێ بدا، بەڵام جەعفەر ئاغا ئەو بەرتیلەی نەبوو بیدا. بۆیە نامەردانە کوشتیان(١٠).

ئیبراهیم سەفایی ئەڵێ: لەو سەفەرەی جەعفەر ئاغادا بۆ تەورێز، سمایل ئاغای برایشی کە شانزدە ساڵە بوو، لەگەڵی چووبوو. دوای کوژرانی جەعفەر ئاغا، سمایل ئاغا سوێندی خوارد، تۆڵەی براکەی بستێنێ !.

## کوژرانی مارشیموون

ئەو ئاسوورییانەی تورکیا دەری کردبوون، لە کوردستان کۆبوونەوە و وەک هەنگ پوورەیان دا و دەستی هاوکارییان بۆ سمکۆ درێژ کرد، تا پێکەوە دەوڵەتێک پێک بێنن. بۆ ئەو مەبەستە مار شیموون، سەرۆکی ئاسوورییەکان، ڕۆژی ٣ی جمادی الثانی ١٣٣٦ / ١٩١٨ز لە دیدارێکدا بە سمکۆی وت: ئەم خاکی کوردستانە نیشتمانی هەموومان بووە. بەڵام جیاوازیی ئایینی لە یەک دایبڕیوین، با یەکگرین و ئەم خاکە بخەینەوە ژێر دەستەڵاتی خۆمان. ئێمە پیادەمان زۆرە، بەڵام سوارەمان کەمە. بێت و پیادەی ئێمە و سوارەی ئێوە یەککەون ئەتوانین تەورێزیش داگیرکەین (١٢). لە کاتی ئەو دیدارەدا پیاوەکانی سمکۆ لە سەربانان خۆیان حەشار دابوو. مارشیموون پاش وتووێژ لەگەڵ سمکۆدا، هەڵئەستێ و سمکۆ بە ڕووی خۆشەوە بە ڕێی ئەکا. کاتێک مارشیموون ئەیەوێ سواری گالیسکە ڕازاوەکەی بێ، سمایل ئاغا لە پەنجەرەوە تەقەی لێ ئەکا و دەیئەنگێوێ. عەلی ئاغای برای سمکۆیش بە گوللەیەک ساردی ئەکاتەوە.

لە سمایل ئاغایان بیستووە کە وتوویەتی: ئەمن بە مەبەستی کوشتنی مارشیموون لە تەکیدا کۆبوومەوە، لەو مەبەستەیشم تەنیا عەلی ئاغا ئاگادار بووە. بە شوێن کوژرانی مارشیمووندا، چەکدارەکانی سمکۆ دەستڕێژ لە هاوڕێکانی ئەکەن و هەموو ئەو سەدوچل کەسە ئەکوژن. نووسەری (تاریخی خۆی) ئەڵێ: کوژراوەکان

نەوەدونۆ کەس بوون (١٤).

لە تۆڵەی کوژرانی مارشیموونددا، ئاسوورییەکان پەلاماری کۆنەشار و برێک ناوچەی دیکە ئەدەن و تاڵان و کوشتارێکی زۆر ئەکەن و بەو بۆنەوە گەلێک بێتاوانیش ئەکوژرێن، یان ماڵوێران ئەبن.

## ناردنی بۆمبا بۆ سمکۆ

بانەمەڕی ١٢٩٨ / ١٩١٩ز (مکرم الملک) جێگری ئوستانداری ئازەربایجان بە هاوکاریی ئەرمەنییان، بۆمبایەک ساز ئەکا و لە پاکەتێکدا بە پۆستدا ئەینێرێ بۆ سمایل ئاغا لە (چهریق)، واتە شیرینییە و هی خەسوویەتی و بۆ کچەزا چکۆلەکەی ناردووە، بەڵام سمایل ئاغا ئەوەندە سافیلکە نەبوو لەو فێڵە نەگا. کاتێک پاکەتەکە وەرئەگرێ نایکاتەوە و ناهێڵێ کوڕە چکۆلەکەشی بیکاتەوە. دەیدا بە کەسێک لە تەنیشت خۆیەوە بزانێ چیی تێدایە. کاتێک ئەو کەسە دەزووی پاکەت ئەکاتەوە تیشکێکی کەمی لێ ئەبێتەوە. سمکۆ خێرا شەقێک لە پاکەتەکە هەڵئەدا و کوڕەکەی لە باوەش ئەگرێ و خۆی ئەدا بە زەویدا. چەند هەنگاو لەولاترەوە، بۆمبا ئەتەقێ و عەلی ئاغای برای و چەند کەسی دیکە ئەکوژرێن و سمکۆ لە مردن دەرباز ئەبێ (١٥).

## ڕەزا شا لە بەردەستی سمکۆدا

خاکەلێوەی ١٣٠٤ / ١٩٢٥ز، ڕەزا شا کە بەر لەوە سەردارسپای پێ ئەگوترا، ویستی سەر لە ئازەربایجان بدا، بەڵکە بۆ سەرکوتانەوەی شۆڕشی سمکۆ، کە بە لانی کەمەوە دەهەزار جەنگاوەری بە شوێنەوە بوو، ڕێگایەک بدۆزێتەوە. ڕەزا ڕەفیع (قائیم مەقام الملک) نوێنەری پێشووی پەرلەمانی ئێران، لە بیرەوەرییەکانیدا لەو بارەوە ئەڵێ: ڕۆژێک لەگەڵ شادا بە چوارڕێیانی حەسەناوای تاراندا ڕائەبووردین، ڕەزا پێی گوتم: سەرلەشکر عەبدوڵڵا خانی تەهماسبی پێی وایە بۆ نیشتەجێکردنی عەشیرەتە کۆچەرەکان پێویستە سەرێک لە ئازەربایجان بدەم، تۆیش خۆت وەپێچە با بەم زووانە بڕۆین. ئەمن کە لە هێز و دەسەڵاتی سمایل ئاغا ئاگادار بووم، وتم قوربان، لە ئێستادا ئەم سەفەرە باش نییە. شا گوتی: ئەبێ بڕۆم، ئەمەوێ سمکۆ ببینم، بزانم بۆ دەست لە شەڕوشۆڕ هەڵناگرێ.

سەرلەشکر خودایار خان و سەرلەشکر مەحموود ئەنساری و تاقمێک لە فەرماندە گەورەکان داوایان لە من (ڕەزا ڕەفیع) کرد، شا پەشیمان کەمەوە. چونکە پێیان وا بوو ئەو سەفەرە گەڕانەوەی نابێ. پێم گوتن: شا لەسەر قسەی خۆی سوورە، ئەبێ تەگبیرێک بکەین ئەو سەفەرە بێ ژانەسەر ئەنجام بدرێ. ڕۆژی دوایی بە چەند ماشینی فۆردی کۆنەوە لەگەڵ شادا بەرەو سەڵماس وە ڕێ کەوتین. شەش کیلۆمیتری مابوو بۆ سەڵماس، لە ناکاو تووشی نزیکەی پێنجهەزار سوارەی چەکداری سمایل ئاغا بووین، ژمارەی ئێمەش لە شەستودوو کەس تێنەدەپەڕی. لەگەڵ شادا بە بەر سوارەکانی سمکۆدا ڕابوردین. سوارەکان بە ڕووی گرژەوە لە ڕەزا شا ورد ئەبوونەوە و هیچ ڕێزیان لێ نەگرت. وا دیار بوو چاوەڕوانی ئەوە بوون سمکۆ چاوێکیان لێ هەڵتەکێنێ و بکەونە گیانمان. هەموومان ترسمان لێ نیشتبوو، شا لە ئێمە زیاتر ئەترسا. لەم کاتەدا سمکۆ بە بەرگی کوردییەوە خۆی نواند. سەرلەشکر تەهماسبی بۆ ئەوەی بەرگری لە دەستوەشاندنی سمایل ئاغا بکا و دڵی بە دەست بێنێ، باوەشی بە سمکۆدا کرد و ئەملا و ئەولای ماچ کرد. سمکۆ بە هۆی دەسەڵات و ئازایەتییەوە، بە خۆیدا ڕائەپەرما، لە حاڵێکدا بەرانبەر شا ڕاوەستابوو، دەستی لە کەلەکەی نابوو، بەخێرهاتنێکی سەرزارەکیی ڕەزا شای کرد. لە پاشان بە پێیان روویان کردە کاروانسەرایەک. ڕەزا شا لەسەر کورسییەک دانیشت وە لەگەڵ سمکۆدا بە تورکی کەوتنە وتووێژ. هەموومان ڕۆحمان سپاردبوو، ئەترساین لەناکاو دەستڕێژمان لێ بکرێ و سەرمان تێدا بچێ. پاش قەیرێک وێنەگرێک هات، سمکۆ داوای لە شا کرد، پێکەوە وێنەیەک بگرن، شا بە

زمانی گێلەکی وتی بە من (ڕەزا ڕەفیع) تۆ هەستە لەگەڵ سمایل ئاغادا وێنە بگرە، من نامەوێ وێنە بگرم. لەو کاتەدا سەرلەشکر تەهماسبی هەستا و لەگەڵ سمکۆ چەند وێنەیان گرت. ڕەزا شا بێچەک بوو، بەڵام سمکۆ هەموو چەکێکی سارد و گەرمی هەبوو، زۆر گرژیش بەرچاو ئەهات. دەمی ڕۆژاوا چایان هێنا. لە پاشان چووینە چەند هۆدەیەک کە لە گوێچەم بۆمان دیاری کرابوون. شا زۆر ئەترسا و دەستی لە خۆی شتبوو، لەسەر تەختێک وەک مار گێنگڵەی ئەدا، زۆرم دڵخۆشی دایەوە، وتی ئەمانە یاخین، ئەترسم لە ناومان بەرن. وتم قوربان! دڵگران مەبە، سەرلەشکر تەهماسبی خەریکە ڕێگاچارەیەک بدۆزێتەوە و لەو بارەوە لەگەڵیدا خەریکی ڕاوتەگبیرم.

شا پرسیی خەوتان نایە؟ وتم ئەمشەو بۆ خەو نابێ، ئەگەر لەم تالووکەیە ڕزگار بین، سبەی شەو تێر ئەنوین. شا وتی من نانووم، پێم لێ مەبڕن، بڕۆ بزانم چی ئەکەن. شەو سەعات هەشت چوومە لای سەرلەشکر تەهماسبی و بە سەرلەشکر خودایار خان و دەبیر ئەعظەم بەهرامی و هاوڕێکانی دیکەی شام گوت: ئەم ترس و لەرزەی ئێوە، دوژمن هان ئەدا پەلامارمان بداتێ و لەناومان بەرێ.



## کایەی تەختەنەرد

سەرلەشکر تەهماسبی وتی: ئێستا شتێکم بە بیردا هاتووە، بە نایب یەکەم ئیبراهیمیم گوتووە، بچێتە لای سمایل ئاغا لە خێوەتەکەیدا و بە قسەی خۆش سەری قاڵ کات، جگە لەمە ئەزانم سمایل ئاغا زۆر حەز لە یاریی تەختەنەرد ئەکا، لەگەڵی دانیشێ و تا ئەتوانێ بدۆڕێنێ، بەڵکە نەیپەرژێتە سەر شتی دیکە و بەیانی بێقڕە لە سەڵماس دەرچین. بەو پێیە ئیبراهیمی تا ڕۆژ هەڵهات سمکۆی بە کایەی تەختەنەردەوە خەریک کرد. سەرلەشکر تەهماسبیش جارجار ئەچووە خێوەتەکەی سمکۆوە و تاریفی لە کایەزانیی سمکۆ ئەکرد و هانی ئەدا درێژە بە کایە بدات. ئەو شەوەمان بە ترس و لەرزەوە ڕۆژ کردەوە، بەیانی زوو بە بێ خواحافیزی لە سمکۆ، سواری ماشێنەکانمان بووین و بە ناو سوارەکانی سمکۆدا بە پەلە سەڵماسمان بە جێ هێشت و تا گەیشتینە ورمێ

ئاوڕمان ئەدایەوە، پێمان وا بوو سوارەکانی سمکۆ بە شوێنمانەوەن.

ڕەزا ڕەفیع لە درێژەی قسەکانیدا ئەڵێ: هەر جارێک لە سەفەردا باسی سەفەرەکەی سەڵماسم وە بیر ڕەزا شا ئەهێنایەوە، مووچڕکی بە لەشدا ئەهات و پەژارە دایئەگرت. ماوەیەک پاش ئەو سەفەرە، سمکۆ لە دیدارێکدا بە دڵگرانییەوە بە سەرلەشکر تەهماسبیی گوتبوو، گەورەترین هەڵەی من لەو شەوەدا ئەوە بوو دەستم لە ڕەزا شا نەوەشاند. ئەگەر بمکوشتایە یا لەگەڵ هاوڕێکانی بمگرتایە، هەموو ئازەربایجانم داگیر ئەکرد.

ڕەزا ڕەفیع لە کۆتاییدا ئەڵێ:

کایەی ئەو شەوە نەیهێشت سمکۆ بە ئامانجی خۆی بگات. کاتێک هاتەوە سەر خۆی هەزاران تمەنی بردبۆوە و نێچیرەکەی دۆڕاندبوو (١٦).

**کایەی ئەو شەوە نەیهێشت سمکۆ بە ئامانجی خۆی بگات؛ کاتێک هاتەوە سەر خۆی هەزاران تمەنی بردبۆوە و نێچیرەکەی دۆڕاندبوو.**

هێندێک پێیان وایە ئەو شەوە سمکۆ ڕەزا شای بە میوانی زانیبوو، بۆیە دەستی لێ نەوەشاند، چونکە بە پێی دابونەریتی کوردەواری میوان جێگای ڕێزە. بەڵام سیاسەت ئەوەی لە بەرچاو نییە، هەر بۆیە سەرەنجام ڕەزا شا بەزەیی بە خانەخوێکەیدا نەهات و بە فێڵ لە ناوی برد.

## سمایل ئاغا چۆن کوژرا ؟!

لە دەوری ڕەزا شادا زۆر هەوڵ درا سمکۆ لە ناو ببرێ، بەڵام سوودی نەبوو، تا بە ناوی وتووێژەوە سمکۆ قەناعەتی پێ کرا بێتە شنۆ و لەگەڵ سەرلەشکر موقەددەم، فەرماندەی تەورێز چاویان بە یەک بکەوێت. ئیبراهیمی نوێنەری پێشووی مەجلیسی شووڕای میللیی ئێران، کە لە پیلانی کوشتنی سمکۆدا دەستی بووە، لە بیرەوەرییەکانیدا ئەڵێ: تەیموور ئاغا ماوەیەک بوو بە برینداری گیرابوو. سەرلەشکر موقەددەم ئەو کابرایەی نارده لام، تا بە هۆی ئەوەوە لەگەڵ سمکۆدا پەیوەندی بەرقەرار بکەم. بۆ ئەو مەبەستە بە تەیموور ئاغادا نامەیەکم لە لایەن فەرماندەی لەشکر و خۆمەوە بۆ سمایل ئاغا نارد و داوامان لێ کرد دەست لە شۆڕش هەڵگرێ و لە هەر کوێیەک پێی خۆش بێ بە هێمنی بژی. سمکۆ لە وەڵامی ئەو نامەیەدا لە بارزانەوە ڕووی کردە قەندیل و لە ڕەشماڵی خورشید ئاغای هەرکی دابەزی و داوای لە سەرهەنگ صادقخانی نەورۆزی، فەرماندەی شنۆ کرد، چاویان بە یەک بکەوێ. لەو کاتەدا سەرلەشکر موقەددەم لە تەورێزەوە تەلگرافی لێ کردم بۆ کاری پێویست بچمە تاران. لە وەڵامدا وتم: سمایل ئاغا لەم نزیکانەیە، چوونم بۆ تاران پێویست نییە، ئەمەوێ لەگەڵ سەرهەنگ نەورۆزیدا چاومان بە سمکۆ بکەوێ و ڕازیی بکەین بێتە تەورێز. ڕۆژی دوایی سمایل ئاغا بە خۆی و بیستونۆ نۆکەر و چەکداری دیکەوە هاتە شنۆ و لە ماڵی سەرهەنگ نەورۆزی دابەزی. زۆرمان پێ سەیر بوو کە چۆن سمکۆ وێراویەتی بە بیستونۆ کەسەوە بێتە شنۆ ؛ لە حاڵێکدا دە سەربازی پیادە و سێ سەربازی سوارەی ئێمە لە شنۆدا نیشتەجێ بوون. بەڵام دەرکەوت سمکۆ مەبەستی دیکەی هەیە و ئەیەوێ بمانخەڵەتێنێ، هەر بۆیە کەریمخانی خێڵانی بە سەد سواری چالاکەوە، شەو بە بیانووی دیدار لەگەڵ سمکۆدا، هاتە شنۆوە. بەیانیش خورشید ئاغای هەرکی بە سەدوپەنجا سوارەوە هات. بە شوێن ئەواندا، سەرۆک عەشیرەتی سورچی و سەرهاتی

[سەرحەدی]، هەر کام بە تاقمێک سوارەوە هاتن، ژمارەی هەموو ئەو سوارانە شەششەد کەس ئەبوو. سەرلەشکر موقەددەم لەو کاتەدا لە تاران بوو، زانیبووی سمکۆ لە شنۆیە و مەترسیی لێ ئەکرێ. پاش نیوەڕۆی ٢ی گەلاوێژ بە فەرمانی ڕەزا شا گەڕایەوە تەورێز و تیپێکی بە تۆپ و شەستیر و چەکی دیکەوە بەرەو ورمێ خستە ڕێ. خۆیشی هاتە ورمێ و بە تەلەفۆن وتی: تا قسەم لەگەڵ نەکەی مەچۆرە شنۆ. دوای ئەوە لە سەعات ٣،٥ی پێش نیوەڕۆدا بە ڕووسی وتی: بۆ خۆم دێمە شنۆ، چاوم بە سمکۆ ئەکەوێ. گوتم: قوربان پەلە مەکە تا دێمە لات.

پاش ئەوەی لە ورمێ چاوم بە سەرلەشکر کەوت، ڕۆژی دوایی بەیانی زوو وە ڕێ کەوتم، سەعات یازدە گەییمە شنۆ و لە ماڵی سەرهەنگ نەورۆزی دابەزیم. سەرهەنگ ئەمیر ئەعلەم و سمکۆ و کەریمخان و خورشید ئاغا لەوێ بوون. سەرهەنگ نەورۆزی دەستێک جلی تاز و نایابی پێشکەش سمکۆ کردبوو، سمکۆ لەگەڵ چاک و چۆنیمدا وتی: ئەم جلانە خەڵاتی سەرهەنگن.

ئیبراهیمی لەسەر باسەکەی ئەڕوا و ئەڵێ: نیوەڕۆ نانمان ئەخوارد، سمکۆ وتی: دڵم هیچ نابا و ناشادیشم، ئەمەی وت و ڕووی کردە خوسرەوی کوڕی و گوتی: تۆ نەختێک پێ بکەنە با دڵم وەکرێ.

پاش نیوەڕۆژە، محەمەد، خزمەتکاری سەرلەشکر موقەددەم هاتە ژوورەوە و نامەیەکی سەرلەشکری دایە سەرهەنگ نەورۆزی، نووسیبووی ڕێز لە سمایل ئاغا بگرە و خۆشم دێمە دیداری. سمایل ئاغا ئەو قسەیەی سەرلەشکری پێ خۆش بوو و پرسیی کەی دێ؟ محەمەد

**سمکۆ لە دیدارێکدا بە دڵگرانییەوە بە سەرلەشکر تەهماسبیی گوتبوو، گەورەترین هەڵەی من لەو شەوەدا ئەوە بوو دەستم لە ڕەزا شا نەوەشاند.**

وتی: پێم وایە سەعات سێ بگاتە ئێرە. ئەمن (ئیبراهیمی) هاتنی سەرلەشکرم پێ باش نەبوو، بەڵام کاتێک محەمەدم دواند بۆم دەرکەوت سەرلەشکر بۆ تەفرەدانی سمکۆ ئەم قسەیەی لە دەم محەمەد ناوە، چونکە بە دەمی ڕایسپاردبوو: هەرچۆنێک بێ سمکۆ ٢٤ سەعات ڕاگرن، تا هێز لە تەورێز و ورمێ و سابڵاغەوە ئەگاتێ. سمکۆ و سەرهەنگ نەورۆزی لەسەر ئەوە پێک هاتن کە سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ بچن بە پیریی سەرلەشکرەوە و لە دەرەوەی شار، لە بن دارگوێزێکی گەورەی گوێزێدا چاوەڕوانی سەرلەشکر بن. سەرهەنگ نەورۆزی فەرمانی بە سەربازەکان دا کە بە پێیان بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی بۆ پێشواز دیاری کرابوو. سمایل ئاغا پرسیی ئەو سەربازانە چەندە لە ئێمەوە دوور ئەوێستن؟ ئەمن (ئیبراهیمی) لە وەڵامی سمکۆدا وتم: ئەزانم قەت ناتەوێ تاقمێک سەربازت لێ نزیک بێتەوە. سمکۆ وەک پرسیارێک وتی: جا بۆ مرۆڤی زانا نزیک ئەبێتەوە؟ وەتم: وا دیارە هێشتا شارەزای بەڵێنی سەربازی نییت!.

سمکۆ پیاوێکی خۆپارێز بوو، کەس لە شوێنی گومان لێکراودا نەیئەبینی، تەنانەت لە ماڵی خۆیشیدا پشتی لە شوێنی بەتاڵ و پەنجەرە نەدەکرد.

سمایل ئاغا و هاوڕێکانی لەگەڵ کەریمخانی خێڵانی و خورشید ئاغای هەرکی بۆ پێشوازی لە سەرلەشکر ڕۆیشتن و لە سێبەری دارگوێزەکەدا چاوەڕوانی هاتنی سەرلەشکریان ئەکرد. سەرهەنگ نەورۆزی ئەیزانی سەرلەشکر نایەت. وتی من بۆ میوانداری لە شنۆ ئەمێنمەوە و هەر کاتێک لە نەغەدەوە هەواڵی هاتنی

سەرلەشکرم زانی، دێم بە پیرییەوە. ئیبراهیمی لەسەر قسەکانی ئەڕوا و ئەڵێ: ویستم سمکۆ تەفرە بدەم، چوومە لای و لە ژێر دارگوێزەکەدا پێم گوت: ماشێنەکەی سەرلەشکر تێک چووە، بە تەلەفۆن لە حەیدەرئابادەوە (بەندەرێکی گۆلی ورمێیە) پێی ڕاگەیاندووم بچمە لای و لەگەڵی بگەڕێمەوە، ئیتر شنۆم بە جێ هێشت و چوومە ئاوایی ی (گەندەوێڵە). مام عەزیزی عەشایری کوڕی قەرەنی ئاغای خوالێخۆشبوو لەوێ گلی دامەوە.

لەم بێنەوبەردەدا، سمایل ئاغا ئەکەوێتە گومانەوە و ئەیەوێ هێزەکەی دەوڵەت لە شنۆدا لە ناو بەرێ. تا شەو بە تەمای هاتنی سەرلەشکر موقەددەم دائەنیشێ، بەو هیوایەی ئەگەر سەرلەشکر بە ڕاشکاوی بێتە شنۆوە خێرا بیکوژێ، یان بە چەند سوارەوە بچێتە نەغەدە و ئەگەر لەوێ نووستبێ بیگرێ و بیفەوتێنێ. بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستە، لە گەڕانەوەیدا بۆ شنۆ، لە چەند لاوە هێڵی تەلەفۆنی بڕی. لە پاشان خورشید ئاغا لەگەڵ چەند کەسێک ئەنێرێ سەرهەنگ نەورۆزی بگرێ. خۆیشی لەتەک هاوڕێکانی بۆ چەک کردنی سەربازەکان ڕوو ئەکەنە شار، تا سواری ئەسپەکانیان بن کە لە نزیک ماڵی سەرهەنگ نەورۆزییەوە بەسترابوونەوە و بە سواریی بتوانن بەسەر سەربازە پیادەکاندا زاڵ بن.



وێنەی سمکۆ بە کوژراوی

خورشید ئاغا لە دەرگای ماڵی سەرهەنگ نەورۆزی ئەدا، سەرهەنگ ئەڵێ: ئێستا دێم ئەیکەمەوە. خورشید ئاغا پەلە ئەکا و تاقمێک بۆ گرتنی سەرهەنگ ئەنێرێتە سەرەوە. سەرهەنگ ئەترسێ و دەرگای دیوەکە لە ژوورەوە دائەخات و دەست ئەداتە تفەنگ. پیاوەکانی خورشید ئاغا پاڵ بە دەرگاوە ئەنێن، سەرهەنگ تەقە ئەکا و نۆکەرێکی خورشید ئاغا ئەکوژێ. خورشید ئاغایش دەرگاوانەکەی سەرهەنگ ئەکوژێ، بە شوێن ئەوەدا چەکدارێکی سەرهەنگ نەورۆزی تەقە لە خورشید ئاغا ئەکا و ئەیپێکێ. لەو تەقە و لێکدانەدا سمکۆ بە تاقمێکەوە ڕوو ئەکاتە باخێکی ناو شاری شنۆ، موحەممەد پیاوی سەرلەشکر موقەددەم لە پەنجەرەوە تەقە لە سمکۆ ئەکا و دەیئەنگێوێ. سمکۆ دەست بە برینەکەیەوە ئەگرێ و جنێوێک بە عەجەم ئەدا. ئەفسەرێک بە ناوی (موبەششیر نیظام) ئەویش لە پەنجەرەوە تەقە لە سمکۆ ئەکا و تێکیەوە ئەگلێنێ. سوارەکانی هەرکی تەرمی خورشید ئاغا دەرئەبەن و سێ کەس لە چەکدارەکانی سمکۆ، خوسرەوی کوڕی لە پشت کەڵەکەبەردی گوێچەمەکەی ناو شار ئەشارنەوە و لە تاریکی شەودا

دەربازی ئەکەن. کەریمخانی خێڵانیش بە دەستی بریندارەوە ڕوو ئەکاتە بەرزاییەکان و دەرئەچێ (١٧).

عەلی دیهقان لە کتێبی سەرزەمینی زەردەشت ـ دا نووسیویەتی: سەرهەنگ صادق خانی نەورۆزی کەمینی بۆ سمایل ئاغا دانابوو، کاتێک سمایل ئاغا بریندار ئەبێ، ئەگەڕێتەوە سەر خوسرەوی کوڕی تا دەری بەرێ، بەڵام بە گوللەی دوایی تێکەوە گلا و گیانی دەرچوو (١٨).

سەروان کاویانپوور لە تاریخی ڕەضائییە (ورمێ)، لاپەڕە ١٧٦دا ئەڵێ: سەرهەنگ صادق خانی نەورۆزی دووربینێکی سمکۆی بە لاوە بوو، بەو دووربینە لە پەنجەرەوە لەگەڵ چەند کەس ئەیڕوانییە جادەکە. کاتێک سمکۆ نزیک بۆوە، لە پەنجەرەوە تەقەی لێ کرا و کوژرا.

سەرهەنگ بابیوێردی لە لاپەڕە ١٤٤ی تاریخی ئەرەسبارانداا ئەڵێ: سمکۆ بە گوللەی ئیستوار موحەممەد خانی قەرەداغی کوژرا. وا دەرئەکەوێ ئەو کابرایە هەر ئەو موحەممەدەی پیاوی سەرلەشکر موقەددەم بووبێ کە لە پێشەوە باسی لێ کرا.

تەرمی سمکۆ ئەبرێتەوە ورمێ و سێ ڕۆژ بۆ سەیری خەڵق دائەنرێ. یەکێک لە ژنەکانی ئەچێتە سەر تەرمەکەی و ئەڵێ: خۆیەتی. بەو نیشانە قامکە گەورەی دەستی قرتاوە؛ چونکە کاتێک مار پێوەی داوە، بە خەنجەر ئەو قامکەی بڕیوە تا ژاری مارەکە تێکەڵ خوێنی نەبێ (١٩).

بەم چەشنە تۆماری پاڵەوانێکی جەنگاوەری کورد لە ڕۆژی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٠٩ / ١٩٣٠ز پێچرایەوە کە ساڵەها شۆڕش و خەباتی کرد و کۆڵی نەدا.

تاران ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ / ١٨ی ئاپریلی ١٩٩٥

## سەرچاوەکان:


١- محەمەد ڕەسووڵ هاوار: شێخ مەحموودی قارەمان، بەرگی دووەم، ل. ٣٧٢، لەندەن ١٩٩١.

٢- احمد کسروی: تاریخ مشروطەء ایران، ص ١٤٣.

٣- ابراهیم صفایی: پنجاه خاطره از پنجاه سال، تهران ١٣٧١، ص ٥٥.

٤- تاریخ مشروطەء ایران، ص ١٤٣.

٥- هەر ئەو سەرچاوەیە، ص ١٤٤.

٦- هەر ئەوە.

٧- هەر ئەو سەرچاوەیە، ص ١٤٥.

٨- هەر ئەوە.

٩- هەر ئەوە.

١٠- سالنامەء دنیا، مقالەء ابراهیمی، ص ٥٦، ١٣٣٩، شمارە ١٦، تهران.

١١- پنجاه خاطره از پنجاه سال، ص ٥٥.

١٢- احمد کسروی: تاریخ هیجده سالەء اذربایجان، چاپ ششم، تهران ١٣٥٦، ص ٧٢٧.

١٣- هەر ئەوە.

١٤- دکتر محمد امین ریاحی: تاریخ خوی، چاپ اول، تهران ١٣٧٢، ص ٥٠٢.

١٥- کسروی: تاریخ هیجده ... ص ٨٣٢.

١٦- سالنامەء دنیا، مقالەء رضا رفیع (قائم مقام الملک)، شمارە ١٧، تهران ١٣٤٠، ص ١٥٠-١٥٣.

١٧- ابراهیمی: خاطرات سیاسی رجال ایران، چاپ اول، ج ـ ١، تهران ١٣٤٨، ص ٣٢٧-٣٣٤.

١٨- علی دهقان: سرزمین زردشت، رضائیە (اورمیە)، چاپ اول، تهران ١٣٤٨، ص ٥٩٦.

١٩- هەر ئەو سەرچاوەیە، ص ٥٩٧.

٢٠- مهدی بامدا: شرح حال رجال ایران، ج ـ ١، تهران ١٣٥٧.

٢١- حسین مکی: تاریخ بیست سالەء ایران، ج ـ ٢ تهران ١٣٥٩.

٢٢- نصرالله شیفتە: سە مرد عجیب، لورنس، سمکو، سید فرهاد، چاپ دوم، تهران ١٣٦٣.


**سەرنجێکی مامۆستای کورد**: لە نووسینەکەی مامۆستا تەوەککولیدا ژمارە پانووسەکان نۆزدەن کەچی لە کۆتاییدا گەیشتوونەتە ٢٢. ئێمە ئەگەرچی دەزانین ئەمە هەڵەیەکە ڕووی داوە، وامان بە چاک زانی وتارەکە هەر وەکوو بڵاوبکەینەوە.

# حەزرەتی شێخ عوثمانی سیراج الدینی نەقشبەندی



## خاکی وەتەنم زۆری هەیە گەنجی نیهانی

خاکی وەتەنم زۆری هەیە گەنجی نیهانی
پڕیە لە مەعادین، لە دوڕ و گەوهەری کانی
خاڵخاڵی سپی و، سەوز و بڵند گردی جوانی
هەردەم بە نیشانێکە ئەگەر بێت و بزانی
هەر عیلمی ئەوێ، عیلمە برا و بابی کوڕانە

سەد چاوەیی ڕوونی لەسەرا لێ بووە جاری
ڕەنگی سپی یو سارد و خۆشە، سەوزە کەناری
شایانە هەزار مەدحی بڵێ (نالی) یو (ناری)
صوورەتگەری چین (مانی) بکا نەقش و نیگاری
هەر زەڕڕەیی خاکێکی نیشانێکە شەهانە

دوێنێکە بەیان گەرد و گوڵی صوبحی سەحەرخێز
ڕێم کەوتە وەتەن، سەیری چیای (شاهۆ) وو (ئارێز)
گەڕیام بە هەوەس شاخ و کەژ و چاوەیی سەرڕێز
بەند بەندی چیا و دەشت و دەری تا دەمی تەورێز
سەیری کە چلۆن دڵبەر و دڵخواز و جوانە

باغ و چەمەن و ئاوی وەکوو شەربەتی کەوسەر
شاخ و کەژەکەی قەسری جینان ئەمبەر و ئەوبەر
سەرپاکی هەموو گەر بگەڕێی ئەمسەر و ئەوسەر
عەترە، گوڵەباغە، چەمەنە، سەروە، سنەوبەر
سەربەرز و بڵند، پەخش و پەرێشانە بە شانە

هەندێکی وتاری ئەدەبی و ڕازی برایان
بۆم خوێند بە دەنگێکی کز و چاوی بە گریان
فرمێسکی لە چاوا بوو ئەویش، بۆ من ئەگریان
بۆ تۆیە وەتەن جۆش و قوڵی سینەیی بوریان
بۆ تۆ ئەگریم من، ئەگەڕێم لانە بە لانە

گەردنکەچە عاشقانە شەقایق لە نسارا
نەسرین و وەنەوشە، گوڵە سۆسەن لە قەتارا
دامێنی چیای گرتووە ڕەنگی گوڵی خارا
گریانی هەڵاڵەبرم ئەڕژێ بە عوزارا
گریانی لە بۆ کۆمەڵی کەم فکر و نەزانە

ئەی خاکی وەتەن گوێ گرە لەم ناڵەیی زارە
لەم دەنگە خۆشە، لەم گەلە لاوان و قەتارە
گوڵ بۆچی نەهات وەختی ئەمێستا کە بەهارە
یا بۆ منی بێچارە بەڵا هەر لە کەنارە
ئەستێرەیی بەختم لە شەو و ڕۆژ نیهانە

ئەی خاکی وەتەن بۆچی نییە شێوەیی پارت
بوویتە چەلەحانە شەڕ و شۆڕە هەموو کارت
بۆ بوو بە شەوەزەنگ شەو و ڕۆژی بەهارت
با ڕۆح و سەر و ماڵی وەتەن بێ بە نیسارت
بۆ تۆیە لە سەرچاوەیی چاو سەیلی ڕەوانە

(دالانی) بە ناڵینی دڵ و گرمەیی خۆشی
ئەیوت بە نەوایی وەتەنی سینەخرۆشی
تا کەی بە بەلاش عومری من و خۆت ئەفرۆشی
بێعیلمییە ناچاری قسەی فلس و قرۆشی
تێفکرە دەروونم کە پڕی گەنجی نیهانە

هەر عیلمە برا، زانسە ئەسبابی شەهانە
هەر عیلمە ڕەفیق، موونیسی یاری سەفەرانە
هەر عیلمە چرای ڕێگەیی پاکی طەیەرانە
زانینە بە قیمەت لە ڕەواجایە، گرانە
هەر جەهلە کە هەرزانە، بەلایێکی گرانە

بەو خوایە کە یەکتا وو یەکە، من یەک ئەناسم
هەر کوردم و کوردە وەتەنی ڕاسی یو ڕاسم
بۆ تۆیە شەو و ڕۆژ نییە من خورد و خۆراسم
بۆ تۆیە لە دنیا خەفەتم، بەرگی پەلاسم
بۆ تۆیە کە وێڵم، ئەگەڕێم من بە بەهانە

کورد پاکن و ئازان و جوانمەردن و بێباک
بۆ ڕاسی لە لای هەر بەشەرێ سافن و دڵپاک
هوشیار و وەفادار و مونەووەردڵ و ڕووناک
بۆ کاتی شەڕ و ڕۆژی نەبەرد چوستن و چالاک
تک تک ئەتکێ جەوهەری ئەو تێغە دەبانە

# وڵاتمان



وڵاتمان وێران، دڵیش وێرانه
چ له ئێرانه و چ له ئێرانه
کەژ و کۆ ڕەنگین سەوز و سوور و زەرد
شاخ و چیا شاد، ئێمه پڕ له دەرد
کەژ و کۆ ڕەنگین سەوز و سوور و شین
شاخ و چیا شاد، ئێمه دڵ پڕ شین
شاخەی شەتاوان، بەفراوی هەردان
سەیری که وەک سەیل چاوانه ڕەوان
ڕەقیبی دڵڕەق داینا بۆم داوێ
خستمیه گێژاو گشت چاوڕاوێ
کردمی به جاجکەی ژێر دانی نەزان
بمجاون دایم به دان و زوان
خۆ مردن چاکه لەم جۆره ژینه
ئیتر هەر بڵێن جا ئەمه دینه
بەڵام هەر کەسێ دانا و زانا بێ
ئەزانێ مەکره و قەت دڵسەرد نابێ
خومێکی خەستی بۆ عالەم ڕژاند
پەردەی ناموسی پاکی گشت دڕاند
سەرتاپا هەموو شینه و دڵ برین
واوەیلا و ڕۆڕۆ چینه لەسەر چین.

# نامۆیی

# Alienation

محەمەد کەمال

"ئەم دڵەی من لە هەردوو دنیا بێگانەی کردم، تامی ئاشنابوون ئەبێ چەند خۆش بێ !!"

محەمەد ئیقبال

نامۆیی وەکوو کێشەیەکی بایەخدار لێکدانەوەی ماناکەی بە پێی فێرگە و ڕێڕەوە فەلسەفییەکان ئەگۆڕێ. بۆ سۆفییەکی خواناس ئەشێ ونبوون و نوقمبوون بێ لەناو حەز و خواییشی ئەم جیهانەدا کە لە پەروەردگار دوورمان ئەخاتەوە. بە پێچەوانەی بۆچوونی سۆفییەکیشەوە، لەلای زانایەکی بێبڕوا ئەو ژیانەی سۆفییەک هەڵیئەبژێرێ و بڕوای پێی هەیە، جۆرێکە لە نامۆیی و وازلەخۆهێنان . هەموو ئەو فەیلەسووفانەی لەم کێشەیە دواون هەر لە هێگڵ و مارکسەوە بۆ هایدیگەر و سارتەر، بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە. هەر یەکە بە جیا هەوڵی داوە بیخاتە ژێر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکەی. بێگومان شتێکی ئاشکرایە کە نامۆیی لە هەموو سەردەمێکدا تووشی مرۆڤ هاتووە، بەڵام وجوودییەکان زیاتر لێی ئەدوێن و مۆرکی نامۆیی ئەنێن بە سەردەمەکەمانەوە. ئەمەش کارێکی بێهوودە و بێمانا نییە. لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و هەروەها دوو جەنگی جیهانیدا مرۆڤ تووشی نامۆیی و ڕەشبینی بووە. لە لایەکی ترەوە ئەمەش بەستراوە بە ڕووخاندنی بنەمای بیروباوەڕە میتافیزیکییەکانی شارستانییەتی ڕۆژاوا کە لە سیستەمە فەلسەفییە یاخیبووەکەی فرێدریک نیتشەدا ڕەنگی داوەتەوە. فەلسەفەی نیتشە شۆڕشێکە دژی میتافیزیک، کاتێ ئەڵێ "خوا مردووە" مەبەستی مردنی ئەو سیستەمە میتافیزیکییەیە کە لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە ئاسمانی بیروباوەڕی ئەوروپای داگیر کردبوو. دوای ڕووخانی سیستەمە میتافیزیکییەکە مرۆڤ بە جۆرێکی نوێ و جیاواز پێناسە کرا. بە بوونەوەرێکی بێخاوەن و تەنها دانرا کە جەوهەری خۆی دروستی ئەکات و خۆیشی مانا ئەدا بە ژیان. بێگومان ، دەربازبوون لە کۆت و زنجیری ئەو سیستەمە و خۆ بە خاوەن زانین لەلای زۆر کەس بە تایبەتی ئەوانەی لە ئاستی ڕووداوەکانی ژیانیاندا بێهێزن، ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە. مرۆڤێک کە فێربووبێ بۆ هەموو کارێکی، پشت بە هێزێکی دەرەکی ببەستێ، ناتوانی خۆی بە خاوەن و داهێنەری کارەکانی دانێ یا وەکوو سوپەرمانەکەی نیتشە سەربەست بێ و لە لێپرسینەوە نەترسێ. ئەبینین لێرەدا بیروباوەڕی نیتشە کە پێی ئەوترێ نیهیلیزم Nihilism گەلێک لە بیروباوەڕ و نیهیلیزمە نێگەتیڤەکەی شۆپنهاوەری مامۆستایەوە دوورە. لەلای نیتشە، مرۆڤ چارەنووسێکی ڕەشی بۆ دانەنراوە، بەڵکە وەکوو هێزێکی سەربەست هیچ توانا و دەستەڵاتێکی دەرەکی ناتوانی بوونی داگیرکات، یا جەوهەری بۆ دروست کات. جیهان، جیهانی مرۆڤە، مرۆڤ مانا بە

بوونی خۆی و جیهان ئەدات. (١)

وەک لە پێشەوە باسمان کرد، مانای نامۆیی ئەکەوێتە سەر زەمینەی بیروباوەڕمان لە ئاستی واقیعدا. زاناکان ڕای جیاوازیان هەیە. جا پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ باسی ئەو نامۆیی‌یە بکەین کە وجوودییەکان لێی دواون، گەشتێکی کورت بە ناو فەلسەفەکەی هێگڵ و مارکسدا ئەکەین تا بزانین چۆن باسی نامۆیی‌یان کردووە و پەیوەندیی بیروڕای وجوودییەکان لەگەڵ ئەم دوو زانایەدا چییە. بۆ هێگڵ، نامۆیی کێشەیەکی هەرە گرنگی فەلسەفەیە، وەیا کاری فەلسەفە لە بنەڕەتدا لەناوبردنی نامۆیی‌یە چونکە هۆش و بوون لە یەک جیابوونەتەوە و نامۆن، ئەبێ هەوڵ بدەین جارێکی تر بە یەکتریان بناسێنینەوە تا ببنەوە بە یەک، هۆش لێرەدا هۆشی من و تۆ نییە، بەڵکە هۆشێکی ڕەها (مطلق) یە کە لە نەژاددا سەرچاوەی بوونە و بوون لەمەوە پەیدا بووە. جیابوونەوەی هۆش و بوون ئاکامێکی ناخۆش و تاڵی هەیە و هۆشی تووش نامۆیی کردووە یا لە ئاستی بووندا بووە بە بێگانەیەک (٢). بۆ نموونە هێگڵ لەم بارەیەوە ئەڵێ "هۆش ئەیەوێ لەناو هەموو شتێکدا، لە ئاسمان و لە زەویدا خۆی ببینێ، ئەیەوێ بگاتە ئەو بڕوایەی کە هیچ شتێک جگە لە خۆی لەناو بووندا یا لە دەرەوەی بووندا نییە" (٣) گەیشتن بەم بڕوایە کارێکی ئاسان نییە، چونکە بڕوایەکە کە چارەسەری نامۆیی‌یەکەمان بۆ ئەکات و هۆش و بوون ئاشنا ئەکاتەوە و وەکوو هێگڵ ئەڵێ کۆتاییش بە پەیام و کاری فەلسەفە دێ و لەوە زیاتر کۆمەڵ پێویستی بە فەلسەفە نابێ و شارستانییەتیش ئەگاتە دواپلەی گەشەکردن و پێشکەوتن، دوای ئەوە هیچ گۆڕانێک ڕوونادات و کۆتایی بە مێژوو دێت.

گەیشتن بە دوا قۆناغ و لەناوبردنی ژیانی بێگانەیی، بە دوو ڕێگەدا دێتە ئاکام، ڕێگای دیمانەکی Theoritical وە ڕێگای پراکتیکی Practical . لەم دوو ڕێگایەدا هۆش ڕەفتاری دیالێکتیکییە، بوون بە دژ دائەنێ و ڕەفزی سەربەخۆیی‌یەکەی ئەکات و ئەیکات بە بەشێک لە خۆی. ئەگەر سەرنجێکی وردی سیستەمە دیالێکتیکییەکەی هێگڵ بدەین، ئەبینین گۆڕانەکان لە دوو جۆر جووڵان پەیدا بوون؛ (جیابوونەوە و یەکگرتنەوە) یان (بێگانەبوون و ئاشنابوونەوە). ئەم دوو جووڵانە پەیوەندییەکی لۆگیکییان پێکەوە هەیە و لە یەکتر جیا نابنەوە، ئەگەر جیابوونەوە نەبێ یەکگرتنەوەش نابێ.

ڕێگای دیمانەکی کە پێی ئەوترێ دیالێکتیکی هۆشەکیDialectic of Consciousness بنچینەی دیمانەی زانیاریی هێگڵە. لێرەدا هۆش بەهۆی زانینەوە بوون ئەناسێتەوە و ئەیکات بە موڵکی خۆی. بۆ ئەم کارەش پلە بە پلە لە زانینە هەستەکییەکانەوە بۆ زانینی هۆشەکی ئەڕوا تا ئەگاتە ئەو باوەڕەی کە بوون (بیر) ە و بیریش تەنیا لەناو هۆشدایە و موڵکی هۆشە. کەموکووڕیی ئەم ئاکامە لەوەدایە کە یەکگرتنەوە لەگەڵ بووندا دیمانەکییە و هۆش نەیتوانیوە لە واقیعی دەرەوەیدا ڕەفزی سەربەخۆیی و بێگانەبوونی بوون بکات. ئەمەش پێویستی بە ڕێگای دووەم هەیە، ڕێگای پراکتیکی یا دیالێکتیکی کارکردن Dialectic of Labour. لەم جووڵانەدا ئارەزوو یا حەز ئەبێ بە هێزی پاڵپێوەنەر و بەهۆی ئارەزووەوە هۆش بەرەو بوون ئەجووڵێ و هەوڵی داگیرکردنی ئەدات. (٤) هۆش وا خۆی دەرئەخات کە حەزی لە بوونە و ئەیەوێ بیکات بە بەشێک لە خۆی. بۆ گەیشتن بەم خوایشە، هۆش بە چەند قۆناغێکدا تێئەپەڕێ، لێرەشدا جیاوازیی چینایەتی پەیدا ئەبێ و ئەمجا بەهۆی شۆڕشی بۆرژوازییەوە ناکۆکیی نێوان چینە دژوارەکان وەکوو (کۆیلە و خاوەنکۆیلە) نامێنێ و بە ڕای هێگڵ شارستانێتیی ئەوروپا ئەگاتە دواپلەی پێشکەوتن. (٥)

پەیوەندیی نێوان کۆیلە و خاوەنکۆیلە، یان چینە دژوارەکانی ناو کۆمەڵ دوو فۆرمی نامۆیی ئەهێننە کایەوە. فۆرمێکیان نامۆیی کۆمەڵایەتییە کە لە ئەنجامی داگیرکردنی زاتی کۆیلەکەوە پەیدا ئەبێت و چینەکانی کۆمەڵ نەک وەکوو دوژمن بەڵکە وەکوو بێگانە دەڕواننە یەکتری. خاوەنکۆیلە بە چاوێکی مرۆڤانەوە تەماشای کۆیلەکە ناکات و بە یەکێک لەو کەلوپەلانەی دائەنێ کە لە

بەردەستیا هەن. فۆرمی دووەمی نامۆییش زەوتکردنی بەروبووم و بەرهەمی کۆیلەکەیە لەلایەن خاوەنەکەیەوە. بەرهەمی کۆیلە تەعبیر لە زاتی کۆیلە ئەکات و مندالّی زاتێتی، بەلاّم لە کۆمەلّێکی چینایەتیدا کۆیلە ناتوانێ خۆی بکات بە خاوەنی بەرهەمەکەی. لێکدانەوەکەی هێگلّ لێرەدا، واتە فۆرمی دووەمی نامۆیی کۆیلە کە بەرهەمەکەیێ کارێکی فرە مەزنی کردۆتە سەر بیروباوەڕی مارکس و دیمانەی نامۆیی‌ی کارل مارکس لەم زەمینەوە سەری هەلّداوە. نامۆیی چینی کرێکار لە کۆمەلّی سەرمایەداریدا نامۆیی کۆیلەیە لە بەرهەمەکەی. جیاوازییەک بە دی بکرێت لەنێوان بۆچوونەکانی هێگلّ و مارکسدا ئەوەیە کە ئەم دوو زانایە لەسەر هۆی پەیدابوونی جیاوازیی چینایەتی ڕێک ناکەون. هێگلّ وا لە مەسەلەکە تێگەیشتووە کە (ترس) ئەبێتە هۆ بۆ ڕووخانی هێزی مرۆڤ و سەرشۆڕکردن لە ئاستی لایەنە بەهێزەکەدا. ئەوانەی لە مردن ئەترسن و غەریزەی ژیان بەسەریاندا زالّە، ناوێرن خۆیان بخەنە ناو جەنگی مان و نەمانەوە و لە ئەنجاما سەربەستییەکەیان ئەدۆڕێنن و تەسلیم ئەبن. (ترس)، کە زیاتر هۆیەکی سایکۆلۆگییە، لەلای مارکس بێمانایە و هۆی سەرهەلّدانی چینەکان لە کۆمەلّدا ئەگەڕێنێتەوە بۆ بنەمایەکی ماتەریالی و دامودەزگای مولّکییەتی تایبەتیPrivate Ownership .

نامۆیی تاریکی ئەخاتە دلّی مرۆڤەوە. کەسێک خاوەنی زاتی خۆی نەبێ و سەربەستییەکەی لێ سەنرابێت، ژیانیشی لەلا بێمانا و بێناوەڕۆکە. مرۆڤی نامۆ لاشەیەکی بێگیانە، چاوی بە کەسدا هەلّنایەت، تەنانەت لە خۆشی بێگانەیە یا وەک وجوودییەکان ئەلّێن نامۆیی تووشی گێژبوون و ڕشانەوەمان ئەکات. وەکوو نەخۆشێکی تابەرز تامی هەموو شتێک لەسەر زمانمان تالّ ئەکات. لێرەدا مارکس نەهاتووە باسی ئەم لایەنە شعوورییەمان بۆ بکات. بە حوکمی ئەوەی فەیلەسووفێکی ماتەریالیستییە، لە دورگەیەکی جیاوازەوە تەماشای مرۆڤی کردووە و تەنیا نامۆیی چینی کرێکاری لە بەرهەمەکەیەوە بینیوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نامۆیی‌یەش پەنای بردۆتە بەر کۆمەلّێکی ناچینایەتی یا سۆسیالیستی. بێگومان چارەسەرکردنی نامۆییی چینی کرێکار لەڕێی سۆسیالیزمەوە ئەنجامێکی سەرکەوتووانەی هەیە بەلاّم لە هەمان کاتدا ناتوانین دلّنیا بین لەوەی سۆسیالیزم ڕەگوڕیشەی نامۆیی لە بندا هەلّئەکێشێ و مرۆڤ لەو کۆمەلّگایەدا تووشی نامۆیی نابێ. بڕوا ناکەم زۆر لە زانا مارکسییەکان وەکوو جۆرج لۆکاش، کارل کۆرش، ئادەم شاف، هێربێرت مارکۆز، تەنانەت کالاکۆڤسکی چاو لە ئاستی ئەو نامۆیی‌یەدا داخەن کە لە نێوان دەولّەت و گەلدا یا زۆربەی نووسەران و هونەرمەندانی یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی ستالیندا تووشی بوون.

وجوودییەکان لەو نامۆیی‌یە ئەدوێن کە بەهۆی زەوتکردنی سەربەستییەوە پەیدا ئەبێ. لێرەدا هایدیگەر باسی جۆرێکی تری نامۆیی‌ی بۆ کردووین کە پێی ئەلّێم نامۆیی‌ی فەلسەفی. بە ڕای هایدیگەر فەلسەفەی ڕۆژاوا لە دوای ئەریستۆ وازی لە ڕاستەقینە مەزنە فەلسەفییەکە (بوون = Sein) هێناوە و خۆی بە بابەتە بەردەستەکییەکانەوە خەریک کردووە. ئەمەش بۆتە هۆی نامۆیی فەلسەفە لە بوونەوە. (٦) چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نامۆیی‌یە گەڕانەوەمانە بۆ لێکدانەوەی مانای بوون، چونکە بوون بنچینەی هەموو بوونەوەرێکە. شاکارە فەلسەفییەکەی مارتین هایدیگەر ( بوون و کات) کە لە سالّی ١٩٢٧ بلاّوکرایەوە، پرۆژەیەکە بۆ گەیاندن بەو مەبەستە.

نامۆیی لای وجوودییەکان نەخۆشییەکی کۆمەلاّیەتییە، جا با بزانین چۆن پەیدا ئەبێت. هایدیگەر لە هەمان کتێبدا دەستەیەک مەرجی ئۆنتۆلۆگیی بۆ بوونی مرۆڤ داناوە. ئەمەش ئەوە ئەگرێتەوە کە هەموو مرۆڤێک ئەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بێت ئەگەرنا پێی ناوترێ مرۆڤ. یەکێک لەو مەرجانە بوونە لەناو کۆمەلّدا (Mit-Sein) یا بوون لەگەلّ کەسانی تردا. کەس نییە بەبێ کۆمەلّ بژی یا بەبێ کەسانی تر لە وجوودا بێت. ژیانیش لەناو کۆمەلّدا

نیگەرانبوون و خەمخواردنی کەسانی ترە. نیگەرانی (Fursorge) مەرجێکی ئۆنتۆلۆگییە بۆ بوونی مرۆڤ، واتە ئەگەر مرۆڤ هەبێ ئەوا ئەبێ خەمخۆری کەسانی دەوروبەری بێت. ئەم جۆرە پەیوەندییە ویژدانییە دوو فۆرمی هەیە: هەندێ جار نێگەتیڤە و هەندێ جاریش پۆزەتیڤە. ئەگەر نیگەرانبوون سەربەستی داگیر کات ئەوا ئەبێ بە نێگەتیڤ. بۆ نموونە نیگەرانبوونی دایکوباوک بۆ منداڵەکانیان، سەربەستیی منداڵەکان زەوت ئەکات، ڕێگا بە منداڵەکانیان نادەن کە ڕێی بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی خۆیان هەبێت.

بمانەوێ و نەمانەوێ لە ژیانی ڕۆژانەدا دێینە ژێر باری کارتێکردنی کۆمەڵەوە و لەگەڵیدا خەریکی زۆرانبازیین و ئەمانەوێ لە دەستی دەرچین. کۆمەڵ بەها و نەریت و بڕوای خۆی بەسەرماندا ساغ ئەکاتەوە. ئێمەش یا وەک جەنگاوەرێک یاخی ئەبین و بەها بۆ خۆمان دائەهێنین، یا ئەکەوینە ژێر باری کارتێکردنەکە و تەسلیم ئەبین و ئەوەی خەڵکی لێمان داوا ئەکەن جێبەجێی ئەکەین، وەک ئەوان هەڵسوکەوت ئەکەین، ئەخۆین و ئەخەوین، ئەبین بە پارچەیەک لە ماکینە گەورەکە، لەگەڵ جووڵان و وەستانی ئەودا ئێمەش ئەجووڵێین و ئەوەستین. مرۆڤ لەم جۆرە نامۆییەدا وەکوو کوێرێک وایە خەڵکی دەستی ئەگرن و ئەیپەڕێننەوە. ژیانی لاسایی کردنەوەیە ، خاوەنی هیچی خۆی نییە وەیا وەکوو هایدیگەر ئەڵێ بوونی ساختە و نارەسەنە (Inauthentic) (٧). چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نامۆییەیە ئاگابوونەوە و ناسینی زاتە. خۆناسینەوەش لەم حاڵەتەدا پێویستی بە ڕووداوێک هەیە تا لەناو خەوی بێئاگایی و خۆونبووندا ڕامانچڵەکێنێ. ئەو ڕووداوە بە ڕای هایدیگەر مردنە. جا با بزانین مردن چۆن بە ئاگامان ئەکاتەوە؟

(مردن) تاقیکردنەوەیەک نییە کەسانی تر بتوانن لەگەڵماندا بەشداریی تێدا بکەن. هەرکەسە مردنی خۆی هەیە. دروستە وەکوو ئالبێرت کامۆ ئەڵێ: "مردن ڕووداوێکی گشتییە و هەموو ئەمرین"، بەڵام کەس بۆ



کەس نامرێ یا کەس ناتوانێ مردنی کەسێکی تر ڕاگرێ، یا تۆزقاڵێکی لێ کەموزیاد کا. مرۆڤ بە تەنیا ڕووبەڕووی مردن ئەبێتەوە. کاتێ بەم جۆرە لە ئاستی مردندا ڕائەوەستین کەسایەتی و زاتی خۆمان ئەدۆزینەوە. (مردن) تاقیکردنەوەیێکە هەتا پێیدا نەڕۆین نازانین چییە. کە ناسیشمان ناتوانین باسی بکەین. مردن کۆتایی بە بوونمان ئەهێنێ. هەتا ئەو ڕۆژەی ئەمرین بوونمان یا جەوهەرمان تەواو نابێ و لە گۆڕاندایە. مردن تەواوی ئەکات و کۆتایی بە گۆڕانەکانی ئەهێنێ.

سارتەر زانایەکی وجوودیی ترە کە نەک بە تەنیا لە کتێبە فەلسەفییەکەیدا (بوون و نەبوون) کە لە ساڵی ١٩٤٣دا بڵاوکرایەوە، باسی نامۆیی کردووە، بەڵکە زۆربەی کارە ئەدەبییەکانیشی وەکوو ڕۆمانەکان و شانۆگەرییەکانی بۆ ئەم کێشەیە تەرخان کردووە. سارتەر لەباتی نامۆیی زاراوەیەکی تایبەتی بۆ داتاشیوین و پێی ئەڵێ بڕوای خراپ (Bad faith) یا درۆ لەگەڵ خۆ

کردن، خۆ هەڵخەڵەتاندن. (٨)

درۆ لەگەڵ خۆ کردن لە ئەنجامی لاوازی و خۆدزینەوە لە لێپرسینەوەکانمان پەیدا ئەبێ. مرۆڤێک ئەوەندە بەهێز نییە تا چاکە و خراپەی هەڵسوکەوتی ژیانی بگرێتە ئەستۆی بۆ ئەوەی لەو لێپرسینەوەیە ڕابکات، وەکوو کورد ئەڵێ، دەستی ئارداویی خۆی بە شانی کەسانی تردا ئەسوێ و خەڵکی یا کۆمەڵ یا کەسێکی تر تاوانبار ئەکات و لۆمەی ئەخاتە سەر. ئەمەش بیانوودۆزینەوەیە و لەم حاڵەتەدا مرۆڤ واقیعێک ئەهێنێتە کایەوە کە لە حەقیقەتدا وجوودی نییە، بەڵام پەنای ئەباتە بەر و بڕوای پێ ئەکات. زۆرجار گوێمان لێ ئەبێ خەڵکی ئەڵێن گوایە ئەوەی ڕووی دا و بە سەرماندا هات لە چارەمان نووسرابوو، یا بەڵای خوایە، یا کەسانی تر پاڵیان پێوەناین ئەو کارە بکەین. تەنانەت ئەبینین فرۆید و ئەوانەی سەر بە ڕاڕەوی فێرگەی فرۆیدن لە ئانالیتیک سایکۆلۆگیدا. زۆر جار دافیعی کارەکانمان ئەگەڕێننەوە بۆ (لاشعور) کە مرۆڤ هیچ دەستەڵاتێکی بەسەریدا نییە. لە ئەنجامدا مرۆڤ ئەتوانێ بە تاوانبارکردنی لاشعووری، خۆی لە هەموو لێپرسینەوەیەک بدزێتەوە. ئەمەش بووە بە خاڵێکی سەرەکیی جیابوونەوە و ڕێکنەکەوتنی وجوودییەکان و فرۆید لەگەڵ یەکتردا. سایکۆلۆگیی وجوودییەت مرۆڤ بە ئاگاوە ئەکات بە خاوەنی هەڵوێست و کردەوەکانی و لە ئاستی هەموو کارێکیدا بە لێپرسراو دایئەنێ. حەز ئەکەم لێرەدا نزیکبوونەیەک لەنێوان سارتەر و هێگڵدا ڕوون بکەمەوە. ئایدیۆلۆجییەتی کۆیلە کە هێگڵ لە کتێبی The Phenomenology of Mind دا باسی کردووە ئەو بڕوا خراپەیە کە سارتەر لێی دواوە. هێگڵ لەو باوەڕەدایە کە کۆیلە لە ئەنجامی کارکردن و چەوساندنەوەی جارێکی تر بەئاگا ئەبێتەوە و بڕوای بە سەربەستی ئەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی غەریزەی ژیان هێشتا بە سەریدا زاڵە و نەیتوانیوە حەقیقەتی مردن بناسێ و لەوە ئەترسێ بمرێ، ئامادە نییە دژی خاوەنەکەی خۆی بخاتە مەیدانی جەنگەوە و داوای مافی خۆی بکات. بۆ ئەو مەبەستە بە دوای بیانوودا ئەگەڕێ و خۆی لە بەرپرسیارییە مێژووییەکەی ئەدزێتەوە. بۆ ئەمە بیروباوەڕێک (ئایدیۆلۆگی) ئەهێنێتە وجوودەوە کە لەم ڕووەوە یارمەتیی بدات. یەکێکیش لەو ئایدیۆلۆگییانە کە هێگڵ باسی کردوون، ئایینە. لەم ڕووەوە هێگڵ وای بۆ چووە کە ئایین کۆیلە دروستی کردووە و ئایدیۆلۆگیی کۆیلەیە. ئەگەر تەماشای نیتشە بکەینەوە ، ئەبینین لەگەڵ هێگڵدا ڕێک ئەکەوێ و لەم ڕوانگەیەوە پەلاماری ئایینی مەسیحیی داوە. بەڵام مارکسییەکان ڕایان جیاوازە و بە پێچەوانەی هێگڵ و نیتشەوە ئایین بە کارامە و داردەستی چینی چەوسێنەر دائەنێن. بە ڕای کۆیلەیەکی بڕوادار یا خاوەن ئایدیۆلۆگیی ئایینی ئەوەی لەم ژیانەدا هەیە نادروست و نەفەسکورتە. حەقیقەت و ژیانی بەرز و سەربەستی و یەکسانی لە جیهانی گیانەکیدایە. جا لەم دنیایەدا مرۆڤ کۆیلە بێ یا خاوەنکۆیلە بێ، سپی بێ یا ڕەش، هەژار بێ یا دەوڵەمەند، گرنگ نییە و نابێ خەمی بۆ بخۆین، چونکە لە ئاستی پەروەردگاردا کەس خاوەنی کەس نییە. لێکۆڵینەوەکەی هێگڵ و سارتەر بۆ ئەم جۆرە هەڵوێست و بیرکردنەوەیە وەک یەکن. کۆیلەکە ناتوانێ داوای سەربەستییەکەی بکات و خۆی لە لێپرسینەوە مێژووییەکەی سەرشانی ئەدزێتەوە، لەبەر ئەوە پەنا ئەباتە بەر جۆرە بیرێک کە لە واقیشدا نییە و خۆی دایتاشیوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەزانێ ساختەیە، بڕوای پێ هێناوە.

ڕاکردن لە لێپرسینەوەکانمان بە دوو جۆر تووشی بڕوای خراپمان ئەکات:

یەکەم: درۆ لەگەڵ خۆ کردن جەوهەرمان ئەشارێتەوە یا شوێنی بڕوا و بەهای کەسانی تر ئەکەوین، ئەوەی خەڵکی ئەیانەوێ و حەزی لێ ئەکەن ئێمە پێی هەڵئەسین و جێبەجێی ئەکەین. بوونمان بۆ کەسانی ترە. لێرەدا سارتەر نموونەی ژان ژینێی نووسەری فرانسامان بۆ ئەهێنێتەوە. ژان ژینێ بە بێ دایکوباوک لەناو خێزانێکی بێگانەدا گەورە بوو. لە سەرەتای لاوێتییەوە دەستی کرد بە دزی و خەڵکی بە دزیان دانا. ئەمیش شوێن قسەی

ئەوان کەوت و ژیانی دزێتی و خراپیی بۆ خۆی دانا تا لە ئەنجامدا گەیشتە زیندان. لە زینداندا لە ڕێگەی خوێندنەوە و نووسینەوە توانیی زاتی ڕەسەنی خۆی بدۆزێتەوە و لە دەست نامۆیی یا درۆ لەگەڵ خۆ کردن وەکوو دزێک ڕزگار ببێت.

دووەم: بڕوای خراپ لەو کاتەدا پەیدا ئەبێ کە مرۆڤ خۆی بە بابەتێک دائەنێ و هەموو سیفاتێکی مرۆڤانە لە بوونی خۆی ڕائەماڵێ. ئەمەش لە ڕێگای لەشمانەوە ڕوو ئەدات. لەم جۆرە نامۆیی‌یەدا مرۆڤ وەکوو لەش یا بابەتێکی بەردەستەکی خۆی پێشان ئەدات، چونکە بابەتەکان وەکوو مرۆڤ بەئاگا و سەربەست نین و ناتوانن بە تاوانبار یا بە لێپرسراو دایاننێین.

چارەسەرکردنی نامۆیی بە تێکڕا لەلای وجوودییەکان ئەکەوێتە سەر هەوڵدانی خۆمان و گەڕانەوەمان بۆ زات لە ڕێگای ئاگابوونەوە و بڕواهێنان بە سەربەستی. مرۆڤی نامۆ، لە هەر کۆمەڵگایەکدا بژی، ژیانی کۆیلایەتی و بەندییە. مرۆڤی خۆناس ناکەوێتە ژێر باری کارتێکردنی دەوروبەر و لاسایی کەسانی تر ناکاتەوە. بە ئاگاوە ڕووبەڕووی واقیع ئەبێتەوە، سەربەستە، خاوەنی زاتی خۆیەتی و گوێی لە دەنگی ویژدانێتی. با لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێین کە خۆناسین، بەم جۆرەی باسمان کردووە، دوورەپەرێزی لە کۆمەڵەوە نییە. وەک لە سەرەتاوە وتمان کە نیگەران بوون و بوون لەناو کۆمەڵدا دوو مەرجی سەرەکین بۆ بوونی مرۆڤ. لەم بۆچوونە وجوودییەوە خۆناسین ئەبێتە بنەمای هاریکاری لەگەڵ کۆمەڵدا، هاریکارییەک کە لەسەر بنچینەی ئاگایی و سەربەستی دامەزراوە، نەک لەسەر بناغەی داگیرکردن و چەوساندنەوە.

٢٤-٥-١٩٩٥ مالبۆرن

## پەراوێزەکان:

١- ڕەشبینییەکەی شۆپنهاوەر لە کتێبی *The World as Will and Idea* ، کە لە ساڵی ١٨١٨دا بڵاوکرایەوە بە ئاشکرا باس کراوە. تەنانەت شۆپنهاوەر لەو باوەڕەدایە کە خۆکوشتنیش ناتوانێ تۆزقاڵێ لەو تاریکییە کەم بکاتەوە.

٢- نامۆیی لەلای هێگڵ پێی ئەوترێ بێگانەبوون، لە وشەی *Entfremdung* ی ئەڵمانییەوە هاتووە.

3- Hegel: *The Philosophy of Mind*, Oxford University Press, 1969, p. 2.

4- Hegel: *The Phenomenology of Mind*, New York, Harper and Row Publishers, 1967, p. 229.

٥- لە ژمارەکانی پێشووی *ماموستای کورد* دا، لەژێر ناوی (ئۆنتۆلۆجیی زات) باسی دیالێکتیکی کارمان کردووە، بە پێویستم نەزانی جارێکی تر لەسەری بدوێم. بڕوانە *ماموستای کورد*، ژمارە ١٤، بەهاری ١٩٩٢، ژمارە ١٦ ساڵی ١٩٩٣.


6- Heidegger, Martin: *Being and Time*, Oxford, Blackwell, 1962, Section 3, p. 22.

7- Ibid, section 126, p. 163.

8- Sartre, Jean-Paul: *Being and Nothingness*, Methuen, 1957, p. 86.

# هونەرمەند فەرەیدوون قازی





* ساڵی ١٩٥٥ لە سلێمانی. باشووری کوردستان، لە دایک بووم.

* ساڵی ١٩٨٣ کۆلێژی کشتوکاڵی زانستگەی سەلاحوددینم تەواو کرد و لەوە بە دواوە لە ئەڵمانیا بووم بە پەنابەر.

* لەم پێشانگایانەدا بەشداریم کردووە:


- ١٩٧٦ پێشانگای پۆستەری هونەرمەندانی کوردستان لە باخچەی گشتیی لە سلێمانی.

- پێشانگای قوتابخانەکانی ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی.


- لە ساڵی ١٩٨٥ەوە لە پێشانگای هەرێمەکانی نیدەرزاکس، هانۆڤەر، دۆرتمۆند و هەندێکی تردا بەشداریم کردووە.

* لەپاڵ هونەردا حەزم لە ئەدەبییاتە و لە ساڵی ١٩٧٧دا ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی (خۆراک) بووم لە سلێمانی.

* بەرهەمەکانم بۆ "کورد" و "خۆشەویستی" و "مرۆڤ"ن.







# کایث هیچنز

## Keith Hitchins

# ئەدەبی کوردی

ف. شاکەلی
لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی

ئەدەبی کوردی لە سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێ هەلومەرج بە قووڵی کاریان تێ کردووە، کە نووسەرانی کورد خۆیان دەستەڵاتێکی کەمیان بەسەر ئەو هەلومەرجانەدا هەبووە. نەبوونی یەکێتیی سیاسی و سەربەخۆییی نەتەوایەتی، وێڕای گەشەنەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بوونەتە ڕێگر لە بەردەم سەرهەڵدانی ئەدەبێکی تازەدا. دابەشبوونی کوردستان، کە ئەو ناوچەیەی کوردەکانی تێدا دەژین بە گشتی بەو ناوەوە ناسرابوو، لە نێوان تورکیا، سووریا، عیراق و ئێراندا دوای جەنگی یەکەمی جیهان ئەو هەوڵانەی، کە بۆ دروست کردنی یەک زمانی ئەدەبی دەدران، پووچ کردەوە، لە کاتێکدا دەربڕینی ئەدەبییانەی هەستی نەتەوەپەرستانەی کورد زۆرجار دەبووە هۆی سەرکوت کردنی سەخت. وەزعی ئەدەبی کوردی لە تورکیا لە هەمووی خراپتر بووە. لە عیراق، بە هەر حاڵ، زاراوای کوردیی خواروو، سۆرانی، وەک زمانێکی ڕەسمی ناسراوە. ڕۆژنامە و کتێب بە فراوانییەکی ڕێژەدار [تا ڕادەیەک] بڵاوکراونەوە و کۆمەڵێکی یەکگرتووی ڕووناکبیر پەیدا بووە کە ژیان پێدەری سەرەکیی ئەدەبێکی مۆدێرنی کوردی بوون.

ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی تازەیە کە هێشتا لە پرۆسێسی دروستبووندایە. گەشەکردنی [ئەم ئەدەبە] چاودێرییەکی بنەمادار [سیستێماتیک]ی کەم کراوە، تەنانەت لەلایەن ڕووناکبیرانی کوردیشەوە. یەکەمی ئەنتۆلۆگی، کە کتێبێکی لاوازی شیعر بوو، یەکەم جار ساڵی ١٩٣٨ بڵاوکرایەوە، و دوو بەرگی یەکەمین مێژووی جیددیی ئەدەبیی کوردی، شیعر و ئەدەبییاتی کوردی، لەلایەن ڕەفیک [ڕەفیق] حیلمییەوە (مێژووەکانی [ژیان و مردنی *] نازانرێ) ساڵانی ١٩٤١ و ١٩٥٦ بڵاوکرانەوە. زانایانی ڕۆژاوایش تەقریبەن باسەکەیان هەر لە بیر کرد.

ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەشەکردنی ئەدەبیدا هەبووە؛ جێگەیەک بوونە بۆ

کۆبوونەوەی ڕووناکبیران و دەروویەک [ کلاوڕۆژنەیەک] بۆ بەرهەمەکانیان. گۆڤارە هەرە گرنگەکان ژین (١٩٢٠-٦٣)، گەلاوێژ (١٩٣٩-٤٩)، و دەنگی گێتیی تازە (١٩٤٣-٤٧) بوون، هەموویان هی عیراق، کە شیعری کلاسیک و هاوچەرخ و کورتەچیرۆکیان بڵاو دەکردەوە و مەسەلەکانی زمانی مۆدێرن و پێشکەوتنی ئەدەبییان تێدا موناقەشە دەکرا.

لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەکەدا شیعر هۆی لە پێش دانراوی دەربڕینی ئەدەبی بوو. ئەگەرچی کێشی کلاسیکی و بابەتی نەریتانە هەر سەردەست بوون، تازەکردنەوە لە کاری شاعیرانی پێشەنگدا دیار بوو. ڕەزا تاڵەبانی (١٨٤٢- ١٩١٠) بە شیعری هەجوو، کە بە زۆری ناپەسەند [بێشەرم]یشن، ناودار بوو. لەبەر ئەوەی پێوەستی سۆفیگەری بوو**، بەرهەمەکانی لە سنووری باسە دینییەکاندن و خۆ بە شێوەی کلاسیکەوە دەبەستنەوە، بەڵام لە ساڵانی دواییدا بۆ بابەتی نووسین ڕووی کردە هەلومەرجی تازەی کۆمەڵ و بۆ شێوەی تازەی دەربڕین ڕووی کردە زمانی زگماک. ئەدەب - یش (١٨٥٩- ١٩١٦) کەسێک بووە لە گۆڕاندا. ئەو گۆرانیی بۆ جوانی، ئەوین و خۆشیی ژیان وتووە، بە شێوەی نەریتانەی ڕۆژهەڵاتی، بەڵام لە دیوانەکەیدا (١٩٣٦؛ کۆکراوە) گەلێک لە شیعرەکان وێنەی هەستونەستی ڕاستەقینەی مرۆڤانە لە دەوروبەری واقیعیدا دەکێشن.

لە نێوان دوو جەنگە جیهانییەکەدا دوو بۆچوونی سەرەکی لە شیعردا دیار بوون: شیعری شارستانی، کە ئیلهامی لە خەبات بۆ سەربەخۆیی و ژیاندنەوەی فەرهەنگی وەردەگرت، و ڕۆمانتیک، کە باسەکانی ڕابوردووی بە زیندوویی ڕادەگرت. نوێکردنەوەیەکی زۆر لە شێوە و ناوەڕۆکدا هەبوو. ئەحمەد موهتار [موختار] (١٨٩٧- ١٩٣٥) تەکنیکە کلاسیکییەکانی پاراست، و شیعرە دڵدارییەکانی هەر پەتی و خەماوی بوون، بەڵام، وردە وردە، بایەخی بە ژیانی سەختی ئاسایی دا و، بەتەواوی، داوای ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیی کرد. شاعیری دیکە، وەک دڵدار (١٩١٨- ١٩٤٨)، قانوونە شیعرییە تەمەن سەدساڵییەکانی گۆڕی. لە تەنیشت عەرووزەوە (وەزنی چۆنایەتی هەڵسەنگێنی عەرەبی)، شیعرێکی حەوت و نۆ بڕگەیی هاتە کایەوە. قافییە ئازادتر بوو و شیعرەکان زیاتر لە تێگەیشتن دەهاتن، و وشە و ڕستەسازیی کوردی بەهێزتر دەبوون لەسەر حیسابی مۆدێلی بێگانە [بە دوور کەوتنەوە لە مۆدێلی بێگانە].

پەخشاننووسان، زۆر زووتر لە شاعیران، باوەشیان بۆ باسەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرتەوە و بە دوای تەکنیکی تازەدا گەڕان بۆ دەربڕینی ئەو باسانە. لەو پرۆسێسەدا کورتەچیرۆکی کوردی لە دایک بوو. ئەمە شێوەیەکی ئەدەبیی جیاواز بوو، نەخشە و کەسایەتییەکی گەشەنەکردووی تێدا بوو، لەگەڵ جەخت کردنێکی گەورەی پەیامی نووسەر.

هەموو ئەو قۆناغانەی ئەدەبی کوردییان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پێدا تێپەڕیوە، لە بەرهەمەکانی تەوفیک [تەوفیق] پیرەمێرددا (١٨٦٧- ١٩٥٠)، کە ڕەنگە کەسی ناوداری ئەدەبی تازەی کوردی بێت، ڕەنگیان داوەتەوە. ئەو زانیارییەکی چاکی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەبوو، کە زۆر شارەزایانە لەگەڵ بۆچوونەکانی سەردەمی پاش جەنگی یەکەمی جیهاندا گونجاندی. ئەو کێشی سادەی هەڵبژارد کە لە کێشی نەریتانەی ئەدەبی سەرزارەکیی کوردی دەچوو، وەک لە پەندی پێشینان‌دا (١٩٣٦)، کە سەرلەنوێ دارشتنەوەی شیعری فۆلکلۆر بوو لە نزیکەی ٦٥٠٠ بەیتدا. پیرەمێرد مامۆستای کورتەچیرۆکیش بوو، و ئیلهامی لە ڕابوردووی کورد وەرگرت و زیندووکردنەوەی داستانی دوانزە سوارەی مەریوان (١٩٣٥)، بۆتە کارێکی کلاسیک.

لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانەوە باسەکانی کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەری لە شیعر و پەخشانیشدا زاڵ بووە، و ڕیالیزم وەک چۆڕاوگەیەکی ئەدەبیی جیاواز سەری هەڵدا. شاعیری ناوداری سەرەتای قۆناغی پاش جەنگ

عەبدوڵڵا گۆران بوو (١٩٠٤- ١٩٦٢). شیعرەکانی

سەردەمی لاویی، گۆرانیی ڕۆمانتیکانە بوون بۆ خۆشەویستی و سرشت و بە شێوەی نەریتانەی غەزەل و قەسیدە و چوارین نووسرابوون (غەزەل شیعرێکی لیریکیی کورتە کە بە زۆری ناوەڕۆکێکی دینی - سۆفییانەی هەیە؛ قەسیدە شیعرێکی درێژترە و لە بیرکردنەوە یا فێرکردن دەدوێ). دواتر بەتەواوی وازی لە عەرووز هێنا و جۆرە کێش و قافییەیەکی بە کار هێنا کە خۆشەویستیی نیشتمان ئاهەنگەکەی دیاری دەکا، وەک لە بەهەشت و یادگاردا (١٩٥٠). گۆران شێوەیەکی تازەشی لە ئەدەبی کوردیدا داهێنا - درامای شیعری. گوڵی خوێناوی - ی ئەو (١٩٥٠) کە وەسفی بەدبەختیی دوو دڵدار دەکات چینایەتیی کۆمەڵ لە یەکی جیا کردوونەوە، بەربڵاوی و خۆشەویستییەکی فراوانی وە دەست هێنا. پەخشاننووسی پێشەنگی قۆناغی دوای جەنگ شاکیر فەتتاحە (ساڵی ١٩١٠ لە دایک بووە **)، کە گەلێ لە کورتەچیرۆکەکانی، وەک شەبەنگەبەڕۆژ (١٩٤٧)، هێرشیان دەبردە سەر پێکهاتەی باوکسالارانە و دینیی کۆمەڵگەی کورد.

شیعر و کورتەچیرۆکی کوردی پلەیەکی بەرزی هونەرییان وەدەست هێناوە، بەڵام ڕۆمان و شانۆیەکی مۆدێرن هێشتا ماویانە خۆیان دەرخەن. باس و بابەت بۆ هەردوویان زۆرن و تەنیا چاوەڕوانی نووسەری وان کە بتوانن ئەفسانە و هەلومەرجی تازەی کۆمەڵایەتی بگوێزنەوە بۆ ناو بەرهەمی هونەریی پتەو.

ئەدەبی کوردی لە یەکێتیی سۆڤییێت لەو چوارچۆوگە سەرەکییەی باس کرا جیاوازە. بۆ یەکەم جار ساڵانی ١٩٣٠ یەکەمین کارە ئەدەبییە ڕاستەقینەکان بەرهەم هێنران، و لەوساوە ئەدەبی کوردی ڕەنگدانەوەی گۆڕانە گشتییەکانی ئەدەبی سۆڤییێتی بووە. نووسەری ناوداریان عەرەبێ شەمۆیە (عەرەب شامیلۆڤ، ساڵی ١٨٩٧ لە دایک بووە ***)، کە ڕۆمانەکانی باسی ژیانی خۆی و ژیانی ئەو کوردانە دەکەن کە لە تورکیاوە کۆچیان کردووە.

## کتێبنامە


Edmonds, C. J., "A Kurdish Newspaper: Rozh-i-Kurdistan," *Journal of the Central Asian Society*, 12 (1925), 83-90.

Edmonds, C. J., "A Kurdish Lampoonist: Shaikh Riza Talabani," *Journal of the Royal Central Asian Society*, 22 (1935), 111-23.

Bois, T., *Connaissance des Kurdes* (1965), pp. 128-40.


## سەرچاوە:


Leonard S. Klein (General Editor): *Encyclopedia of World Literature in the 20th Century*, Revised Edition, Volume 2, E to K, Frederick Ungar Publication Co., New York 1984, pp. 627-629.


* ڕەفیق حیلمی ١٨٩٨ تا ٤-٨-١٩٦٠

** شاکیر فەتتاح ١٩١٤-١٩٨٨

*** عەرەبێ شەمۆ ١٨٩٧-١٩٧٩.

## سەرنجێکی گرنگ:

ئەم تێکستە، وەک هەموو تێکستێکی ئەنسیکلۆپیدیایی، بە شێوەیەکی تایبەت و چڕوپڕ نووسراوە و وەرگێڕانی بۆ زمانێکی وەک زمانی کوردی دەردیسەریی زۆری لە دوایە. ئەو وشە و دەربڕینانەی لە ناو [ئەم جۆرە کەوانەدان] لە تێکستەکە خۆیدا نین و من بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و لە کوردی نزیک کردنەوە (و هەندێ جاریش بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی نووسەری وتارەکە) بە کارم هێناون.

وەرگێڕ

# تەیرە ئەبابیلە

مستەفا ساڵح کەریم

سێ بەهارە، وشەی بابە و دایە بە زارتدا نەهاتووە، لە تەنیایی و غەریبیتدا هێندە بۆ کڵۆڵیی خۆت گریاویت، تا فرمێسکەکانت لەتەک رووومەتتدا بە یەک ئاشنان. بە دەست خۆت نییە هەرچەند چاوت بە کیژۆڵەیەک دەکەوێ، کسپە لە جەرگت هەڵدەستێ و دەگەڕێیتەوە دوا دیدار. ئێستا کە ئەو کارەڕەهاتە دەگێڕیتەوە و ڕۆژانی ئەو تەمەنە منداڵییەت دەهێنیتەوە پێش چاو، دنیایەکی سەیر دەبینیت، لە نێوان خەون و خەیاڵدا سەرت لێ تێک دەچێ. تارماییی ئازیزەکانت بە بەرچاوانتدا دێن و گوزەر دەکەن، ئامێزیان بۆ دەگریتەوە ... بەڵام بێهوودەیە!

***

بەیانی بوو، هێشتا گزنگی نەدابوو، بۆنی سەوزەگیا و ئاورنگ گوڵاوپرژێنی گوندەکەتانی دەکرد ... زیندەوەرەکان بەرودوا بە ئاگا هاتن؛ درەختە پەلوپۆ سەوزەکان بەروبوومی ڕۆژێکی تازەیان بۆ ئامادە دەکردن، پیاوان تاک تاکە بەرەو مزگەوت بۆ نوێژی بەیانی دەڕۆیشتن، ئەسپەشێی ماڵی کوێخا دەیحیلاند، مام خەفووری دراوسێتان لە بەرهەیوانەکەیاندا شانی دادابووە سەر بالیفێک، میمکە خاوەری ژنیشی نەرمەکۆکە دایگرتبوو، هێشتا لەسەر بانێژەکەتان بوویت، نەهاتبوویتە خوارێ، دایکت بە دیار تەنوورەکەوە بوو، ئەو لقە دارانەی تێی هاوێشتبوون سووتابوون و بووبوونە کەڵە پشکۆ، لە بەرەوە کولێرەی پێوە دەدا، کە چاوت بە کولێرەی برژاو کەوت بە خێرایی هاتیتە خوارێ، هاڵاوی کولێرەت بەسەردا هات ئارەزووی خواردنت جووڵا.

– چاییم دەم کردووە، ئەگەرەکوو برسیتە برۆ ماستەکە بهێنە و، ها ئەویشە کولێرەی گەرم پێوەی بخۆ.

دایکت ئەوەی پێ گوتی و لەپڕ دەستی بە مادەکەوە وشک بوو. دەنگی ئۆتۆمۆبیل دەهاتە بەر گوێت. نرکەی ماشێن و حیلەی ئەسپەشێی کوێخا و بارەبارِی بزن و مەڕ و قۆرەی گوێرەکە و مانگا و گارەگاری مامر تێکەڵ بە غەڵبەغەڵب و دەنگی ناسازی کەسانێک دەبوون کە لە زمانیان حاڵی نەدەبوویت.

زیندەوەر نەما لە خەو ڕانەپەڕێ. سەگوەڕ دەستی پێ کرد، قووقەی کەڵەباب ئاوایییان لەم پەڕ تا ئەو پەڕ بە ئاگا هێنا. بڵندگۆی مزگەوت بانگێکی ناوەختی بە گوێی خەڵکی ئاواییدا دا: "بەخێرایی شرۆشیتاڵتان بپێچنەوە، خۆتان ئامادە بکەن، لەم گوندە نامێنن، دەگوێزرێنەوە بۆ شوێنێکی دی، ئەمە فەرمانە و کەس بۆی نییە سەرپێچی بکات، هەر کەسێکیش بەرهەڵستیی بکات، لە بەرمزگەوتدا

گوللەباران دەکرێ."

شین و شەپۆڕی ژنان، واوەیلای پیرەژنەکان، گریانی منداڵە چاو خەواڵووەکان، ئاوازێکی زۆر خەمناکیان دەبەخشی. لە نزیک مزگەوتەوە زیلە سوپاییەکان بەڕیز وەستابوون، وەک نەهەنگ گەروویان بۆ دانیشتووانی ئاوایی کردبووەوە، سەربازەکانیش بە چەکەوە بووبوونە دوو بەش، بەشی یەکەمیان چواردەوری گوندەکەیان دابوو، بەشەکەی دیکەیش ماڵ بە ماڵ دەگەڕان و بە زەبری چەک فەرمانە شوومەکەیان بە جێ دەهێنا؛ بە پاڵ و بە پەلڕاکێشان خەڵکی ئاوایی دەخزێنرانە نێو زیلەکانەوە ... لە ماڵی ئێوە نزیک بوونەوە، دەستیان دایە هاپۆ خەفوور کە هێشتا شانی لەسەر بالیفەکەی لا نەدابو، بە تووڕەییەوە پێی گوتن:

– لاوە، بێفەڕی لەحنەتی، نایەم لەتەکتانا، با لێرە بمرم!

چەتەوڵێکی ڕەش، دوو ئەستێرەی زەرد بە یەخەی کراسەکەیەوە بوو، وێنەیەکی سەرۆکەکەیانی بە بەرۆکەوە بوو، نووکەشەقێکی تێ هەڵدا و دەستی دایە پەلی و ڕایکێشا، دیسان هاپۆ بە هەمان گرژی و هەڵچوونەوە گوتی:

– ئەگەرەکوو گەرەکتانە بمکوژن، دەی سا پیاو بن، هەر لێرەکانە بمکوژن!

کێشیان کرد. میمکە خاوەریش بە دوای ئەودا دۆعا و نزای دەکرد، کە لە حەوشەکە چووە دەرەوە، گوێت لێی بوو لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– سەد شوکر (زۆراو) لێرە نییە. لە دەور خۆی و تفەنگەکەی گەڕێم، قیروسیا لە ئێمە، هەر ئەوان سەلامەت بن.

نۆرە هاتە سەر ماڵی ئێوە، ساتەمەرگێکە هەرگیز لە یادت دەرناچێ. جووتە خوشکەکەشت لە خەو ڕاپەڕیبوون، خۆیان بە دایکتەوە مەڵاس دابوو. تۆش لە تەنیشتیانەوە دەستی بچکۆلەکەیانت گرتبوو، هەستت کرد دڵۆپە فرمێسکە گەرمەکانی چاوی دایکت ناوچەوانتی داخ کرد. وای بۆ دەچووی کە دایکت دەیەوێ شتێک بڵێ، کارێک بکات کە لە توانایدا بێ سێ کۆرپەکەی بپارێزێ، بەڵام جگە لە هەناسەیەکی سارد هیچ دەسەڵاتێکی دیکەی نەبوو. باوکت نیگای چاوەکانی بڕیبوونە تۆ، شڵەژابوو ... لە ڕوخساری هەڵبزرکاویدا زۆر شت تێ دەگەیشتی ... "ئاخۆ چ یادگارێک بوو لەو ساتە وەختەدا وەک شۆڕەبی دەیهەژاند."

پاش کەمێک تێڕامان ڕووی کردە دایکت و گوتی:

– با بڕۆین. چار نییە ...! بزانین خوا چیی لە چارەمان نووسیوە؟

کاروان بزووت، بەڵام لای گۆڕستانەکەوە وەستا. لە دڵی خۆتدا دەتگوت: "ئا لێرەدا، لەژێر درەختەگەورەکەی شەخسەکەدا چەندین جار لە جەژناندا دیلانێم لەتەک کچانی ئاواییدا کردووە ... ئیدی نابێ چیی تر دیلانێ بکەم."

دەنگی تەقینەوە بە ئاگای هێنای. تەپوتۆزی دارووپەردووی ڕووخاویش گێژەڵووکەیەکیان بەسەر ئاسمانی گوندەکەوە دروست کردبوو، چەند شۆفڵێک بەربووبوونە وێزەی خانووەکانتان و دەیانڕووخاندن، بە دینامێتیش حەوز و کانییەکەیان دەتەقاندەوە : دوای بە ئەنجام گەیاندنی کارەکەیان گەڕانەوە بۆ لای زیلەکان، زۆربەشیان بە دەستی بەتاڵ نەهاتبوونەوە؛ کەڵەشێر و مریشک و فرووج بە دەستیانەوە باڵەکوتێیان بوو.

چاوێکت بە مەزراکاندا گێڕا، وات هەست دەکرد کە گوڵەگەنمەکان دەزریکێنن، هاوار دەکەن: "مەڕۆن ... جێمان مەهێڵن ... ئێمە زادەی ئێوەین."

جیبێک لە پێشەوە دەڕۆیشت، ئێریەڵەکەی سەمای دەکرد، زیلەکانیش بە دوایدا دەکشان. خەڵکی دێکەتان بۆ دواجار بە نیگای چاو، ماڵئاواییان لە هەوارگەی چۆڵ کرد، بە چاوی فرمێسکاوییەوە دوا ماڵئاواییشیان لەو ئازیزانەیان کرد کە میوانی گۆڕستانن. مامۆستا مەلا هەسەنی ئیمامی مزگەوتەکەتان لە زیلەکەی ئێوەدا بوو، دوای فاتیحە خوێندن بۆ مردووەکان گوتی: "خۆزگەمان بە خۆتان کە ئەم خاکەتان بە نسیب بوو، تووشی ڕۆژی وا ڕەش نەبوون!"

به تیلەی چاو سەیری باوکتت کرد، چاوەکانی بڕیبوونە چیا بڵندەکان کە لە دوورەوە ئەوانیش بەڕێیان دەکردن، بۆنی گازی زیلەکان هێڵنجی بە گەورەکان دەهێنا و بچکۆلەکانیش دەڕشانەوە. ئەو سونگییانەش کرابوون بە لوولەی تفەنگی دەستی سەربازەکانەوە بووبوونە عیزرائیل و لە هەر تاسەیەکدا چاوەڕوانی ئەوە بوون لە گەرووی یەکێکتان بچەقن.

کاروانتان گەیشتە تۆپزاوا، بووبووە ڕۆژی حەشر. دەیان گوندی تریش لەو یەک دوو ڕۆژەدا بە دەردی گوندەکەی ئێوە برابوون، خەڵکەکەشی لەوێ خڕ کرابوونەوە. سەربازەکانیش وەک گەلەگورگ گەمارۆیان دابوون، ئەو شەوەتان بە کولەمەرگی بەسەر برد. هەر یەکەتان بە جۆرێک بیرتان لە چارەنووسی نادیارتان دەکردەوە. لەتەک شەفەقدا کۆیان کردنەوە، کوڕوکاڵ و پیاوەکانیان لە ژن و منداڵ جیا کردەوە. باوکەکان بۆ دواجار منداڵەکانیان لە ئامێز گرتن و فرمێسکی سۆزیان تێکەڵ بە کسپەی هەناسەی بۆچڕوکاوییان بوون. باوکت هەرسێکتانی ماچ کرد، ڕووی لە دایکت کرد و بەو دڵە پڕ لە حەسرەتەوە پێی وت: "خەرامان! ئەمانەتی تۆ و تەیموور و ئەختەر و دولبەر ... نازانم ئاخۆ یەکتری دەبینینەوە یان نا؟ ناشزانم ئێوە لە کوێ نیشتەجێ دەکرێن؟"

ئێوە داتانە پرمەی گریان، سەربازێک باوکتی ڕاکێشا، لەتەک پیاوەکانی دیکەدا سەریان خستنە نێو پاسەکانەوە، ئیتر لە چاوتان بزر بوون.

***

تۆی پەروەردەی خەم و مەینەتی، ئەو دەمە تەمەنت دە ساڵان بوو، ئێستا دوای سێ ساڵ وەک شریتێکی فیلمی سینەما گشت ڕووداوەکانت لە بەرچاوە ... لەتەک دایکت و خوشکە بچکۆلەکانتا خزانە نێو پاسێکی ترەوە کە پڕی بوو لە ژن و منداڵ. ئاگاتان لە باوکتان نەما، ئەم جارەش کاروانی پاسی درێژ بە ڕێ کەوت. ئەو ڕۆژە تا بانگی شێوان بە ڕێوە بوون. پاسەکان بە خێرایی ڕێی دووریان دەپێچایەوە. لەژێر لوولەی چەکی سەربازەکاندا کاتتان تێ دەپەڕاند. لە وەستانێکدا و لە دەنگەدەنگی دەرەوەدا بۆتان دەرکەوت کە لە ئاوەدانییەکدان، لەوانەیە شار بێ. یاساوڵەکانتان نەیاندەهێشتن پەردەی پەنجەرەکانی پاسەکە لابدەن تا بتوانن دەرەوە ببینن. پوورە مریەمی ژنی خاڵە وەیسە بە چرپە بە دایکتی گوت: "ئەشێ وە درێژاییی ئەمڕۆکە خەڵکی ئەو شارانەی پێیاندا تێپەڕیوین وایان زانیبێ بۆ گەشت و گوزار ئەچین!"

**مامۆستا مەلا هەسەنی ئیمامی مزگەوتەکەتان لە زیلەکەی ئێوەدا بوو، دوای فاتیحە خوێندن بۆ مردووەکان گوتی: "خۆزگەمان بە خۆتان کە ئەم خاکەتان بە نسیب بوو، تووشی ڕۆژی وا ڕەش نەبوون!"**

هێندە لەو شوێنە نەمانەوە، دووبارە پاسەکان بە خۆ کەوتن. نزیکەی خەوتنان لە چۆڵەوانییەکدا، لە بەر ڕۆشنایی لایتی پاسەکان، چاوت بە باوکت کەوت، وەک هەموو پیاوەکانی دی بە جامەدانەکەی، دەستیان لە دواوە بەستبووەوە. لەو کاتەدا شتێکی سامناک سەرنجتی ڕاکێشا؛ چەند شۆفڵێک و چەند چاڵێکی

گەورە و فراوانت بینی، لە دڵی خۆتدا وتت: "لەوانەیە لەم بیابانە سامناکە بێ نان و بێ ئاو جێمان بهێڵن هەتا دەمرین ... نەء، هەر کە ئەوان ملیان شکاند، خێرا ڕادەکەمە لای باوکم و دەستی دەکەمەوە، بە کۆمەڵ گشتمان ڕادەکەین." ئەوەندە لم و خۆڵ بە دەوری چاڵەکاندا هەڵدرابوونەوە بەشی دروست کردنی چەند گردۆڵکەیەکی دەکرد. فەرمان درا چاوتان ببەستنەوە. بە پشتێن و بە پەڕۆ، بە لەچک و سەرپۆش و دەسماڵی شیتاڵکراوی ژنان دەست بە چاوبەستنەوە کرا. زاق و زیقی منداڵ و شیوەن و ڕۆڵەڕۆی ژنان لە نێو بیابانەکەدا دەتاسا و دەنگتان بە هیچ لایەک نەدەگەیشت. مەلاژن بە گریانەوە دەیگوت: "هەی خەجاڵەتی دنیا و قەیامەت بن، خۆ دەیانگوت دەستیان ناچێتە زەعیفە و منداڵ ... کەچی وا چاومان دەبەستنەوە، خوا مزمەعیلیان بکات، دیارە دەیانەوێ زیندەبەچاڵمان بکەن! دەی خوایە ئەم زوڵمە قبووڵ نەکەی!"

دەستت بە قژە خاوەکەی ئەختەردا هێنا و دەستت کردە ملی دولبەر و تێر ماچت کرد. دایکیشت یەکە یەکە هەرسێکتانی ماچ کرد. ئەم جارەشیان فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتی تۆیان برژاندەوە. لە دەوری چاڵە قووڵە بەرینەکەدا ڕیز کران. خۆشت نازانی بۆ لەو کاتەدا حوجرەی مامۆستا مەلا هەسەنت بیر کەوتەوە؛ ئەو ڕۆژەی سوورەتی (الم تر کیف ...)ی پێ دەگوتن و دەیفەرموو ماناکەی ئەوەیە "ئەی نەتانبینی چۆن پەروەردگار پیلان و فێڵ و تەشقەڵەکەیانی پووچەڵ کردەوە؟ تەیرە ئەبابیلەی ناردە سەریان و بە بەردی دۆزەخ بەردبارانیان کردن! لە ئەنجامدا بوون بە کای خوراوی پاشئاخوڕ." لە دڵی خۆتدا دەتوت: "خوای گەورە بە هانامانەوە بێ، ئەم جارەش ئەو تەیرە ئەبابیلانە بۆ ئەم خوانەناسە زاڵمانە بڕەخسێنە! با ڕزگارمان ببێ." دەستڕێژ دەستی پێ کرد. گوللە وەک بڕێشکە داباری، گوێت لە دەنگی لاوێک بوو دەیزریکاند: "ئەی ئاسمان! ئەی ئەستێرەکان بە شایەت بن ئەو کانە نەوتانەی ئێمەی لەسەر بەم دەردە دەبەن وا بوونە بیری خوێن." لە ناختەوە دەگریایت و هەنسکت هەڵدەدا. خوێنی گەشی ئەو خەڵکە لە نێو لمەکەدا قوڵپی دەدا، هەستت وای پێ گەیاندی کە مانگ لەو کاتەدا زاری بۆ زامەکانتان کردۆتەوە و دەیەوێ ماچیان بکات. بۆ یەکەمین جار لە ژیانتدا جەستەی بچکۆلەت تامی قوڕقوشم و بارووتی کرد، پێکرای، درەو لە برەودا بوو. ئەم جارەش چزە لە سنگت هەستا، کەوتیت، خۆت بەرەو دیوی خوارەوەی چاڵەکە کێش کرد. بەسەر لمەکەدا خزایت، کەوتیتە ئەودیو. ترس و ئازار و فوارەی خوێن هانیان دەدای کە دەنگت لێوە نەیەت. هەناسەت لە خۆت بڕی. دەنگی خاکەناز و لرفەی شۆفڵەکان ئەوەیان دەگەیاند کە چاڵەکان پڕ دەکەنەوە. سەدان ژن و پیاو، گەورە و بچووک، کوڕ و کچ کران بە ژێر خۆڵ و لمەوە. شوێنەواری تاوان بزر کرا، تۆش بەرەبەرە دەچوویتە باوەشی بێهۆشییەوە و ئیدی ئاگات لە هیچ نەما.

***

کە تیشکی خۆر زامەکانتی گەست وەک دووپشکێک بەسەر سنگتدا بڕوا وات هەست دەکرد، شوێنی زامەکان و چواردەوریان مێروولەیان دەکرد، هێدی هێدی دەهاتیتەوە هۆش خۆت. زمانت وشک بووبوو، ئازارێکی زۆرت هەبوو، خوێن بە شان و مل و سنگتەوە ڕەق هەڵگەڕابوو. لەو ساتەدا بە هەموو تاسەیەکەوە خۆزگەت دەخواست گە گوێت لە دەنگە بەسۆزەکەی دایکت بێ، یان چاوت لە مەچەک و بازووی باوکت بێ، "ئاخ، بریا ئێستا دەست و پەنجەی ئەختەر و دولبەر لەسەر زامەکانم بوونایە."

پەڕۆکەی سەر چاوت لادا، دەستت بۆ لای شانت برد، بەر زاری برینێک کەوت، شوێنپەنجەکانت قەتماخەی زامەکانیان دەستنیشان دەکرد. سێ گوللەت پێوە بوو، سەرسنگت و لای شانتیان سمیبوو. ئازار لە زیادبووندا بوو، ئەژنۆکانت دەلەرزین، ترسیش لە دڵتدا خێوەتی هەڵدابوو. بێدەنگییەکی سامناک باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشابوو، چاوەکانت کەمێک هەڵگلۆفتن، خوێنی وشکەوەبوو بە پێستی لەشتەوە نووسابوو، گڕەیەک لە

کونی کراسەکەتەوە کسپەی لە زارکی زامەکانت هەڵدەستاند ... "چی رووی دا؟ بۆ بە تەنیام؟ ئەی کوان ئەو هەموو حەشاماتەی دوێنێ، بۆ کەسیان دیار نییە؟ ئەی ئەم گردۆڵکانەی دوێنێ شەو کە هاتین هەبوون؟" کە ئەم پرسیارانەت لە خۆت دەکرد بەرەبەرە رووداوەکانت بیردەکەوتنەوە ... "ئای ... ئەمە چاڵە گەورەکانن پڕ کراونەتەوە ... کە وا بێ ئێستا تاقە پاسەوانی گۆڕی بە کۆمەڵی ئەم گشت ئازیزانە بە تەنیا منم."

لەو کاتە سامناکەدا مجێورەکەی مزگەوتەکەی ئاواییت بیر کەوتەوە، کە پاسەوانیی باخە بچکۆلەکەی ماڵی مامۆستای دەکرد، تۆش پێدزەت دەکرد و دەتخافڵاند بۆ ئەوەی شاتوو بۆ خوشکەکانت بچنی. هەوڵت دا بەو پەڕۆیەی چاوتیان پێ بەستبوو، زامەکەی سەرسنگت پێ پێچا. خوێن لە لەشتدا دەیزریکاند، گەرداوێکی ترسناک کاسەی سەرتی هێنابووە ژاوەژاو. مەرگ سەرەتاتکێی لێ دەکردی. بە بێ کەس و بێ دەرەتان بانگی گریانت لێ هەڵدا. زۆر بە کەساسی دەگریایت. فرمێسکەکانت هێوریان کردیتەوە و هەندێ فەرامۆشییان پێ بەخشیت. پێڵووی چاوەکانت هەڵێنا. خۆت بەسەر گردۆڵکەکەدا، کە هەر خوا دەیزانێ جەستەی خوێناویی چەند ئینسانی کوردی لە بندایە. وا هاتە بەر گوێت کە دەنگێکی تاسێنراو لە نێو چاڵەکەوە نووزەی لێوە دێ! لە دەنگی ژنێکی سکسووتاو دەچوو. لە بەر خۆتەوە گوتت "ئەوە دەنگی دایکم نەبێ! بیەوێ بە هانامەوە بێت"، گوێت بە چاڵەکەوە نا، هیچت نەبیست. بە چاوە ماندووەکانت ڕوانیتە ئەم لا و ئەو لای خۆت. هیچت بە دی نەکرد، جگە لە لمی برژاو نەبێ. سێبەری ئەو خەونەشت ڕەوییەوە و هاتیتەوە ئەو ساتەی تێیدا دەژیای. تینت دایە خۆت. هەستایتە سەر پێ ... "دەبێ بڕۆم و ئەم گۆڕستانە بە جێ بهێڵم. نابێ زامەکانم ورەم لێ زەوت بکەن!" هەستت بە خەمگینییەکی لە ڕادە بەدەر دەکرد. ئازار بە شێوەی مۆتەکە سواری سنگت بووبوو. قاچەکانت مێرووڵەیان دەکرد. ناوبەناو هێڵنجیشت دەهات. گەرووت تا دەهات وشکتر دەبوو ... "ئای لەم مەرگە خۆڕایییە." ئەژنۆکانت دەلەرزین. سامی بیابان زامی سەخت، برسێتی، تینوێتی، ترس، بێئارامی، کڵپەی گڕی ناو دەروونت، ئەمانە گشتیان گەمارۆیان دابوویت. کەوتییت. ناچار، بە سنگەخشکێ جووڵایت. زامێکت کولایەوە، سوێی بردە دڵتەوە. تینت دایە خۆت. هەستایتەوە. بە دارەدارە کەوتیتە ڕێ ... بە پێ، بە سکەخشکێ، بە گاگۆڵکێ. تاوێک ڕۆیشتن و تاوێک پشوودان. بیابانە کاکی بە کاکییەکەت تەی دەکرد، تا چاوت بڕی دەکرد، درەختێ، تارماییەک، سەرابێکت بە دی نەدەکرد! دەمەدەمی ئێوارە، دوای ئەوەی خۆشت نازانی چەند سەعاتە بە ڕێوەی، ڕەشماڵێکت بە دی کرد. گورت دایە خۆت. تا لێی نزیک بوویتەوە. خەڵکی نێو ڕەشماڵەکە بە پیرتەوە هاتن. لە ئامێزیان گرتی ... تەنیا ئەوەندەت خۆش بوو کاسەیەک ئاوت خواردەوە. چۆرت لێ

**لەتەک شەفەقدا کۆیان کردنەوە، کوڕوکاڵ و پیاوەکانیان لە ژن و منداڵ جیا کردەوە. باوکەکان بۆ دواجار منداڵەکانیان لە ئامێز گرتن و فرمێسکی سۆزیان تێکەڵ بە کسپەی هەناسەی بۆچڕوکاوییان بوون**

بری، ئیدی ئاگات لە هیچ نەما. ***

کە لە بێئاگاییدا بووی، کەوتبوویتە ورێنە و هەڵبزرکاندن. وات دەزانی مەرگ لە نێو چەند زیلێکەوە بۆت دادەبەزێ. قیژاندت، ڕاپەڕییت ... کە چاوت کردەوە دەستێکی فریشتەئاسا لەسەر ناوچەوانت بوو، ژنێکی قەیرەی ڕێکوپێک، چەناگە خاڵاویی خەزێم لە لووت، خاولییەکی تەڕ کردبوو، زامەکانتی پاک دەکردەوە، کوڕێکی هەرزەکار جامۆڵکەیەک شیری بۆ هێنایت، ژنە بە ئیشارەت داوای لێ کردی بیخۆیتەوە ... بە قسەت کرد، زۆر بەلەزەت بوو لە لات. ئاهێکت بە بەردا هاتەوە. پیاوێکی کامڵیش کەوتە برژاندنەوەی زامەکانت و پێچانەوەیان ... لە عاست یەکتر لاڵ بوون. لە یەکدی نەدەگەیشتن. زۆر دڵسۆزانە خزمەتیان دەکردی. بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا خۆشی بخەنە دڵتەوە. ڕۆژێکیان گەنجێکی بالابەرزی گەنمڕەنگ بووە میوان، بە ڕوویەکی خۆشەوە لێت نزیک بووەوە، بە زمانێکی شکستەی کوردی پێی گوتی:

– کاکە چۆنی؟ باش دەبیت، هیچ خەمت نەبێ، ئێرە ماڵی خۆتە.

– ئەی جەنابت کێیت؟

– ئێرە ماڵی مامە، من ساڵانێک لای ئێوە سەرباز بووم، شتێک فێری کوردی بووم. پێم ناڵێی کێ زامداری کردوویت و چی تۆی گەیاندۆتە ئێرە؟

دڵی خۆت بۆ کردەوە. داستانی قارەمانێتیی سەربازەکانت گێڕایەوە بەرانبەر بە ژن و منداڵ، گوللەباران و ژێر خاک خستن. بە قوڵپی گریانەوە گوتت: "زۆرمان چاوەڕوانی تەیرەئەبابیلە کرد، هەر نەهات، لەی بیابان ئەژدەهاک بوو، هەڵیدەلووشین." کە بە عەرەبی بۆی گێڕانەوە، چاویان پڕ بوو لە فرمێسک. لەتەک میوانی لاودا کە ناوی حسێن بوو، بوونە هاوەڵ. دوای نزیکەی دوو هەفتەی دی ڕۆژێکیان پێی گوتی: "لەگەڵ مامم وامان بە چاک زانیوە بتبەمە ماڵی خۆمان لە سماوە، نەوەک لێرە تووش ببی، چونکە ئەگەر پێت بزانن ناهێڵن بە ساغی بەسەر دنیاوە بگەڕێی."

***

سێ ساڵت لە ماڵی ئەبوو حسێن بەسەر برد. هەمیشە بە خێزانەکەی و بە کوڕ و کچەکانی دەگوت: "ئاگاداری بن، ئەم کوڕە ئەو تاقە ماسییەیە کە لە نێو تۆڕ ڕزگاری بووە." ناویان گۆڕیبووی. زۆر هاتوچۆی دەرەوەت نەدەکرد، نەدەچوویتە قوتابخانە نەبادا پێت بزانن. وەک کوڕی خۆیان مامەڵەیان دەکردی ... تا بە هارێک هات لای ئێوە خڵتانی خوێن بوو. بەڵام هەواڵەکان وایان دەگەیاند کە بەهاری کوردستان سەوزە ... بۆیە خولیای گەڕانەوە کەوتە سەرت ... لەم شەوانەی دواییدا زۆر جار خەونت بە دایکتەوە دەبینی، لە خەودا سەرت لەسەر سنگی دادەنا، بۆنی سمڵ و مێخەکی ملی و ڕێحانەڕەشەی ژێر چەنەی مەستی دەکردی کە دەتدایە گریان، خەبەرت دەبووەوە. ئیدی ئەبوو حسێن کە لە جێی باوکت بوو، هەوڵێکی زۆری دا تا بە هۆی ناسیاو و خزمانیەوە گەیاندیتیانە کفری، بەڵام ئۆقرەت نەدەگرت، دڵت بۆ هەڵۆکانی گەرمیان لێی دەدا. پێشمەرگەیەکت لەتەکدا نێردرا. ئەم جارەیان بە تاسە و خۆشەویستییەوە هەنگاوت دەنا. چاوەکانت گەش بووبوونەوە، ڕەنگ و ڕوخسارت جوانتر بووبوو، بزەی شادمانی لەسەر لێوەکانت نەخشابوو. کە گەیشتیتە داوێنی چیا سەرکەشەکە، چاوت هەڵبڕی، پۆلێک پێشمەرگەت بە دی کردن، ئەوان بەرەو خوار بۆ لای تۆ دادەگەڕان، تۆش بەرەو ژوور بۆ لای ئەوان! هەنگاوەکانتان گورجتر کرد. کە لێک نزیک بوونەوە، فەرماندەکەیان گەنمڕەنگێکی سمێڵڕەشی چابوک، لاجانگەکانی کەمێک تاڵی سپییان تێ کەوتبوو، چاوەکانی گەش داستانەکانی گەرمیانیان تێدا دەخوێنرایەوە ... پڕ بە دەم بانگی کردیت: تەیـــــ ... موو ... وور. لەگەڵ بانگەوازەکەیدا گشت پێدەشتی گەرمیان و نزاری چڕی قۆپی و ئەشکەوتەکانی بێلوولە و سەرتەک و چیای بەمۆ دەنگیان دایەوە: تەیـــــ ... مووووووور ... تەیموور.

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

## هەجوی شوکری

شوکری لە داخی تۆ ئەمە ساڵێکە یا دووە
کێرم نەخۆشە، حاڵی پەرێشانە، کەوتووە.
جارێ بپرسە موخلیصەکەت چۆنە، چۆن نییە
مەحسووبە کۆنەکەت، عەجەبا، ماوە، مردووە؟
کوشتەی فیراقی تۆیە، ئەگەر عیلاجی نەکەی
ئۆباڵی بەو ملەت کە دەڵێی نێرکەکاردووە
عەمدەن ئەڵێم نەخۆشە، موراعاتی تۆ دەکەم
وەرنە دەمێکە ڕۆحی بە جەننەت سپاردووە
گەر من درۆ ئەکەم ئەوە دایکت بپرسە لێی
یایە بە دەستی خۆی کفن و دفنی کردووە
شانە و خەنە و حەمامی حەرام کردووە لە خۆی
پاش ڕەحمەتی، حەرامە لە من، سوێندی خواردووە.
ئێستەش کراسی چڵکنە، ناولنگی کوڵکنە
وەک دێوەڵووکە تووکی بەری بستێ هاتووە.
یایە ئەگەر سەگرمە بە ژێر کوڕکەیا بچێ
هەر وا دەزانێ لاقەمەلێکی پیا چووە
یایە کە مەعبەری دوبوری و دیهلیزی کوزی
یاتاغی ئەشقیایە، گوزەرگاهی ئۆردووە
شیعرێ کە تۆ بە چاکی دەزانی شیاکەیە
نەزمێ کە تۆ بەیانی دەفەرمووی گەنوگووە
هەر وەک تسێ کە جەوهەری خۆی دەربخا بە با
ناموسی خۆت بە شیعری سەفیهانە بردووە
بەم شیعرە بێفەڕانەوە نابی بە شێخ ڕەزا
زەحمەت مەکێشە ئینە کاری ئەرەسطووە



# پێشانگای وردەخەمەکانی کوردەواری

## خالید ستار موحەممەد

ساڵی ١٩٥٤ لە شاری نەوت، لە کەرکووکی کوردستانی عیراق لە دایک بووە. لە هیچ خوێندنگەیەکی هونەری نەیخوێندووە، هەر بە سەلیقە نیگاری کێشاوە. ساڵی ١٩٨٥ هات بۆ سوێد. تابلۆکانی پێشاندەری واقیعی کوردەوارین و لەو ڕاونان و ئەشکەنجە و کوشتنەوە سەرچاوە دەگرن کە گەلی کورد تێیدا دەژی.

خالید ستار لەم پێشانگایانەدا بەشداریی کردووە:

<> ١٩٧٩ سلێمانی ـ کوردستان، <> ١٩٨٣ سلێمانی ـ کوردستان

<> ١٩٨٦ کارلستاد و کارلسکووگا، سوێد <> ١٩٨٧ ستۆکهۆڵم

<> ١٩٨٨ لەندەن و فالشۆپینگ <> ١٩٩٠ فالشۆپینگ <> ١٩٩٤ لە ناوەندی چالاکیی لووندا بەشداریی کرد.



نیگارکێش: خالید ستار موحەممەد

جێگە: Galleri Tio

کات: ١٣-٣ تا ٣١-٣-١٩٩٥

ئامادەکار: Utbildningshuset/ Studentlitteraturs konstforening, LUND.

ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئیسماعیل

ئەمە جاری هەشتەمە کە کاک خالید پێشانگا دەکاتەوە. بار و دۆخی کوردستان و مرۆڤی کورد بە هەموو لایەنەکانیەوە لەم بەرهەمانەدا

ڕەنگیان داوەتەوە. میوانی پێشانگاکە، کورد بێ یا بێگانە، هەست بەو تەنیایی و نامۆییە دەکات کە هەندێ لە تابلۆکان دەیانهێننە زمان. پێشانگاکە لە ١٩ تابلۆ پێک هاتبوو و بەشی هەرە زۆریان هی ساڵانی ١٩٩٠ تا ١٩٩٣ بوون. بریا کاک خالید بەرهەمی زیاتری پێشکەش دەکرد.



لە تابلۆی یەکەم و دووەمدا ڕامان و ڕەو و تەنیایی باسی سەرەکین. تابلۆی یەکەم سێ بەشە و یەکدی تەواو دەکەن. لەگەڵ تابلۆی دووەمدا دەبنە چوار مرۆڤی کورد، کە وا دیارە مەبەست چوار بەشی کوردستانە. تابلۆی سێیەم کۆڕەوە مەزنەکەی کوردستانی خوارووە. لە تابلۆی چوارەمدا ئافرەتێکی کوردی دووگیان دەبینرێ، هیوای هونەرمەندە بە نەوەی نوێ. تابلۆی پێنجەم سێ پیاوی کوردن،بەرەو ئیش دەچن. تابلۆی نۆیەم و دەیەم هیوای گەڕانەوە بۆ کوردستانن. لە هەردوویاندا ئەسپ، هاوڕێ دێرینەکەی مرۆڤی کورد، سەرکەش و بەهێز و جوان، ڕوویان لە کوردستان کردووە.




تابلۆی ژمارە سیازدە جوانترین تابلۆی پێشانگاکە، کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ دەنەخشێنێ. منداڵێک دەست لە دەستی دایکیدایە بەڵام ڕووی لە گوندەکەیەتی و چاوی لە زێدی باوباپیرانێتی. ئەم تابلۆیە خەڵکێکی زۆری بە دیارەوە بوو ، بەرز هەڵسەنگێنرا .
دەهۆڵژەنێکی کورد ناوەڕۆکی تابلۆی نۆزدەیەمینە. کورد و دەهۆڵ و زوڕنا دوو جمکانەن، هێندەی بیرەوەریی گشتیمان پێی بزانێ، پێکەوە هاتوون و پێکەوە گەورە بوون.

لە تابلۆی یانزدەیەمیندا مرۆڤێک نەخۆشێکی بە کۆڵ هەڵگرتووە و نایەوێ بە جێی بهێڵێ و لە دوانزدەدا دوو پیاو و ژنێک بە تەوژم دەڕۆن. دەموچاوی هەر یەکەیان چیرۆکێکی پڕ لە هەوراز و نشێوە. ژنەکە شتێکی لە مشتدایە و نایەوێ دەستبەرداری ببێ؛ بەردە، گەوهەرە، یان نیشانەی مەسەلەیەکی گرنگ و پیرۆزە؟ لە تابلۆی حەڤدەیەمیندا خێزانێکی ئاوارەی کورد نوقمی تەنیایین، بەڵام لە پشتیانەوە چوار کورد لە دوورەوە بە دی دەکرێن. ئەم سێ تابلۆیە پاشخانێکن بۆ ئەو پرسیارەی کە کەسمان وەرامێکمان بۆی نەدۆزیوەتەوە: تا کەی ڕەو؟
تابلۆی ژمارە پانزدە مێژووی ساڵی ١٩٨٨ی پێوەیە، دەنا بۆ کەسێکی ئاشنای ڕووداوەکانی کوردەواری، ئافرەتەکە لەیلا زانا وە بیر دێنێتەوە. تابلۆی ژمارە هەژدەش دیسان ژنە، بەڵام ئەمجارە ژنێکی عیراقییە و جلی عەرەبیی لەبەردایە.

هیوادارم کاک خالید فڵچە و قەڵەمەکانی دانەنێ و بە بەرهەمی زیاتر دنیای هونەری کوردەواری دەوڵەمەندتر و ڕەنگینتر بکات.

# ئەم کچەکوردە



وادیارە ئاوارە و دەربەدەربوونی ئێمەی کورد و پەرش و بڵاوبوونەوەمان بە سەرتاسەری ئەم گۆی زەوییە فراوان و هەراوەدا، لەپاڵ کۆمەڵێ دەرد و ئازار و ناخۆشیدا، ئەو چاکەیەشی هەیە کە نەوەی نوێمان، بە بەهرە و توانستی خۆیان، لە کۆمەڵگەی تازەیاندا خۆیان و گەلەکەیان بە دنیا دەناسێنن. منداڵی کورد، ڕەواڵی کورد، کیژ و کوڕی لاوی کورد، ئەمڕۆ لە بواری جۆربەجۆری هونەر، ئەدەب، وەرزش و زانستدا بوونی خۆیان و نەتەوە کلۆڵەکەیان دەسەپێنن و وەک قەرەبوویەکی سایکۆلۆگی دەچنە ڕیزی پێشی پێشەوە.

هێرۆ موستەفا نموونەی کچەکوردێکی بەهرەدار و هەڵکەوتووە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەژی و دەخوێنێ و سەرکەوتووانە لە کار و خوێندنەکەیدا پێش دەکەوێ. هێرۆ لە دوا ساڵەکانی خوێندنگەی دوائامادەییدا وەک وتارنووسێکی لێهاتوو خەڵاتێکی گەورەی



وەرگرت و لە هەموو ویلایەتی داکۆتای سەروودا بە یەکەم دەرچوو. هەر ئەم خەڵاتە دەرگای گەلێ پێشکەوتنی گرنگتری بۆی خستە سەر پشت. ڕۆژنامەکان زۆریان لە بارەیەوە نووسی و باسی لێهاتوویی و ژیریی ئەویان کرد. هەر دوا بە دوای ئەوەش خەڵاتێکی گەورەتری پێ درا بۆ ئەوەی لە زانستگەی جۆرجتاون لە واشینتۆن، لە بەشی سیاسەتی نێونەتەوەییدا بخوێنێ.

هێرۆ موستەفا، یا هێرۆ عەبدولقادر محەمەد ئەمین موستەفا، کچی مامۆستا عەبدولقادری سەرنووسەری وەرزنامەی "بارزان"ـە کە لە ئەمەریکا بڵاودەکرێتەوە. هێشتا تەمەنی یەک ساڵ بووە کە ناوچەی هەولێر، مەڵبەند و زێدی باوباپیرانیان بە جێ هێشتووە و چوونەتە ئێران. ساڵی ١٩٧٧ چوونەتە ئەمەریکا و لەوێ گیرساونەتەوە.

ڕۆژنامەی The Minot Daily News لە سەروتاری ڕۆژی ٦-٢-١٩٩١ی خۆیدا زۆر بە گەرمی باسی سەرکەوتنی هێرۆ دەکات و ئەوجا دەنووسێ: "بەڵام هێرۆ لەوەش زیاترە. ئەو کوردە، ئەو گەلەی کە ساڵانێکە لەلایەن عیراقییەکان و زۆردارە شێتەکەیانەوە، سەددام حوسەین، ڕاودەنرێ و دەکوژرێ." وەرزنامەی Kurdish Life لە وتارێکدا سەبارەت کورد لە ئەمریکا بە درێژی باسی سەرکەوتنە زۆرەکانی هێرۆ دەنووسێ و ئەمجا دێتە سەر کوردبوونی ئەو: "هێرۆ هەرگیز نەیویستووە واز لە فەرهەنگی کورد بێنێ یا ڕەگوڕیشەی خۆی لە بیر بکات. کوردستان و شێوەژیانی کوردانە هەمیشە لە پێشی پێشەوەی بیر و هۆشی هێرۆدا دەمێنێتەوە."

هێرۆ موستەفا بێجگە لە زمانی کوردی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و سپانیش دەزانێ.

لە گفتوگۆیەکدا دەگەڵ بەرنامەی "کۆلکەزێڕینە"ی ڕۆژی ٢٠-٨-١٩٩٤ی بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکادا، لە وەرامی پرسیارێکی خاتوو موعتەبەر شێروانیدا

Phi Beta Kappa
Delta of the District of Columbia
Georgetown University
20057

April 5, 1995

Georgetown University

Alpha Sigma Nu
National Jesuit Honor Society

December 21, 1993

Ms. Herro K. Mustafa
[redacted]
Fairfax VA 22030

Dear Herro:

Congratulations! On behalf of the senior membership of Alpha Sigma Nu, I am pleased to inform you that you have been selected as a lifetime member of the National Jesuit Honor Society. We are confident that you will continue to serve the ideals of scholarship, service, and loyalty both in your remaining time at Georgetown and in your future career.

Mark your calendar (and those of your parents as well) now for the induction ceremony which will take place on Sunday, February 6, 1994 at 3:00 pm in the Intercultural Center Auditorium. Father Leo O'Donovan will preside over the ceremony which will formally admit you into the Honor Society. We will be meeting with you before then to discuss the ceremony and other activities that we are planning.

سەبارەت بە هیوا و پلانەکانی داهاتووی، هێرۆ دەڵێ: "هیوام ئەوەیە سەری کوردستان بدەم و بە باشی فێری زمانی کوردی ببم."

ئارام

# کتێبخانەی مامۆستای کورد

هەر بەرهەمێک (کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە) بە دیاری بۆ ئەم گۆڤارە نەنێردرابێ، بە ئەرکی خۆمانی نازانین لەم بەشەدا تۆماری بکەین.

## کتێب

* ئێریش شۆیرمان (نووسینەوە و ئامادەکردن): پیاوە سپییەکە، پاپالانگی؛ وتەکانی تویباڤی، سەرۆکی خێڵەکانی دەریای باشوور، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: خەبات عارف، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ١٤٦ ل.

* سەگڤان عەبدولحەکیم: جەگەرخوین، چاپخانەی "الحوادث"، بەغدا ١٩٨٦، ٣١ ل.

* ماجیدە محەمەد عەلی قازی: بۆ کابانیا مالێ، ژ بەلاڤکرنا ئەمینداریا گشتی یا ڕەوشەنبیری و لاوان ل دەڤەرا کوردستانی، ١٩٨٨، ٩٢ ل.

* ئادەمیزاد و نەفامێتی (زنجیرەی تێگەشتنە ئیسلامییەکان، ژمارە ٨)، دانانی لێژنەی نووسەران، بەرهەمی بەشی کوردیی دامەزراوەی ئەلبەلاغ، چاپی یەکەم ١٤١٣ ک - ١٩٩٢ز، دامەزراوەی ئەلبەلاغ، تاران، کۆماری ئیسلامیی ئێران، ٧٢ ل.

* الشیخ محمد عثمان سراج الدین النقشبندی: کتاب سراج القلوب، رجب ١٤١١ هـ، ٣٦٣ ص.

* دیوانی حەزرەتی شێخ موحەممەد عوثمان سراج الدین نەقشبەندی، بە زمانی کوردی و فارسی، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا موصطەفا صالح (فەنایی)، بەرگی دووهەم، چاپی ئەستانبوڵ، ساڵی ١٩٩٥ی زاینی، ١٢٥ ل.

* مەحەمەد مەولوود (مەم): ڕێگا (ڕۆمان)، پاکنووسی و ئامادەکردن و سەرپەرشتیی چاپ: ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجەیی، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ٤٣٣ ل.

* خوسرەو جاف: ڕاز (ڕۆمان)، چاپخانەی دار الحرية، بەغدا ١٩٩٤، ٢٧٦ ل.

* عبدالرحمن پاشا: سلاما کوردستان، فصول من انتفاضة الربیع (١٩٩١)، منشورات سپێدە ١٩٩٤، ٩٨ص.

* عبدالرحمن پاشا: عودة الابطال (قصة عودة البارزانی و رفاقه من الاتحاد السوفیتی بعد ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨)، منشورات سپێدە ١٩٩٤، ١٠٧ ص.

* بنیاد خەزنەدار: لە نامەخانەی باوکمەوە، بەرگی یەکەم، هەولێر ١٩٩٥.

* ئارەزوو عەبدوڵڵا: من و تۆ (شیعر)، پێشەکی: د. مارف خەزنەدار، هەولێر ١٩٩٥، ١٦ل.

* ئا. گەرناس: زەمبیلفرۆش (پییەس - دراما)، وەشانێن ڕۆژا نوو، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ١٠٤ڕ.

* مانڤێل ئا. هاسراتیان: کوردێن ترکیێ د دەما هەری نوە دا، وەرگەراندنا رووسی - کوردی: تیمووریێ خەلیل مورادۆڤ، ئەنستیتویا کوردی یا بروکسەلێ، ئیلۆن ١٩٩٤، ٤٠٥ ڕ.

* حوسێن محەمەد عەزیز: دیموکراسی، ئایدۆلۆژی، جەنگی نێوخۆ، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی باران، سوێد ١٩٩٤ / ٢٦٩٤ ک، ٨٤ ل.

* مەهاباد قەرەداغی: میدالیا (شیعر)، لە بڵاوکراوەکانی پەخشخانەی نەورۆز، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ١٠١ ل.

* مەهاباد قەرەداغی: لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا (لێکۆڵینەوە)، لە بڵاوکراوەکانی پەخشخانەی نەورۆز، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ١٧٤ ل.

* عەبوڵلا قەرەداغی: تەونی گومان (شیعر)، لە بڵاوکراوەکانی پەخشخانەی نەورۆز، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ٩٥ ل.

* رۆهات ئالاکۆم: ل کوردستانێ هێزەکە نووە، ژنێن کورد (لێکۆلینەکە دیرۆکی، ب ئالبوومەکە ئینفۆرماتیڤ)، وەشانێن ئاپێک، چاپا یەکەمین، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ١٤٥+٥+٧٤ ر.

* بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون: دامەزراوەی ئەلبەلاغ، ٤٠ ل.

* ئەهلی بەیت (س)؛ پلەیان، شێوەکار و بەرنامەیان، ڕێبازیان، دانانی: لێژنەی نووسەران، بەرهەمی بەشی کوردیی دامەزراوەی ئەلبەلاغ، چاپی یەکەم، دامەزراوەی ئەلبەلاغ، کۆماری ئیسلامیی ئیران، تاران ١٤١٥ ک – ١٩٩٤ ز، ٣١٢ ل.

* موئەییەد طەیب: ستران و بەفر و ئاگر (شیعر)، دهۆک ١٩٩٢، ١٢٥ ر.

* عەلی بچکۆل: یادی یەکەمین ساڵرۆژی شەهید مەریوان عەبدوڵلا، ڕاوەڵپەندی ـ پاکستان، بەهاری ١٩٩٥، ٦٦ ل.

* در. جەلادەت چەلیکەر: ل کوردستانێ وو ڕۆژهلاتا ناڤین چەکێن کیمیایی ـ بیۆلۆژیک وو ئاتۆمی، وەشانێن دۆز: ١٩، چاپا یەکەم: چریا پێشین ١٩٩٢، ئیستانبول، ٢٦٩ ر.

* ڕێبوار سیوەیلی: دیاردەگەرایی تاراوگە، چاپی یەکەم، باران، سوێد ١٩٩٥، ٢٦٨ ل.

* سلێمان قاسمیانی (کاکە): ئاهەنگی ئازادی و ئەڤین (شیعر)، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی هانا، سوێد، مانگی یەکی ١٩٩٥، ١٠٤ ل.

* کاکە [سلێمان قاسمیانی]: ئاو و هەتاو (شیعر بۆ منداڵان)، ئینتشاراتی هانا، سوێد ١٩٩٥، ٤٤ ل.

* پرتو کرمانشاهی: کوچە باغی ها، با مقدمە و اهتمام محمد علی سلطانی، خط فریبا مقصودی کرمانشاهی، نشر سها، چاپ اول، چاپ رستمخانی، بهار ١٣٧٣، ٢٣٠ ص.

* دیوانا مەلایێ جزیری: وەرگێران لە ڕاوێژی کرمانجی بە ڕووسی، سەرەتا، نامەژین، لێکۆڵینەوە و پێرست لە لایەن کەریمی ئەییووبییەوە، ڕێداکتۆری بەرپرسیار: سمیرنۆڤا ئی. ئا. ، کۆڕی زانیاریی ڕووسیە، ئینستیتووتی لێکۆڵینەوەی زمانناسی، سانکت پێتەربورگ، بڵاوکەرەوەی چاپەمەنیی "زانیاری"، ١٩٩٣ [١٩٩٤]، ٢٨٦ ل.

* صادق هیدایەت: بوومی کوێر (و داش ئاکۆل، بووکی پشت پەردە)، وەرگێر: عەلی نانەوازادە، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ٢٠٢ ل.

* ئیمام عەلی (س) کوڕی ئەبو تالب، زنجیرەی بنەماڵەی پێغەمبەر (ص):٢، دانانی لیژنەی نووسەران، بەرهەمی بەشی کوردیی دامەزتراوەی ئەلبەلاغ، بەشی یەکەم و دووەم و سێهەم، چاپخانەی صدر، چاپی یەکەم، تاران ١٤١٥ ک ـ ١٩٩٥ز، ١٧٦ + ١٧٦ ل.

* ئولف لوێفگرێن: ڕندۆ و تەلەفۆن/ رندۆ وو تەلەفۆن ( بە وێنەی ڕەنگدارەوە و بە هەردوو زاراوای زمانی کوردی)، وەشانخانەیا ئاپێک، سوێد ١٩٩٥، ٢٦ ل.

* ئولف لوێفگرێن: ڕندۆ و مشکۆ/ رندۆ وو مشکۆ ( بە وێنەی ڕەنگدارەوە و بە هەردوو زاراوای زمانی کوردی)، وەشانخانەیا ئاپێک، سوێد ١٩٩٥، ٢٦ ل.

* موحەممەد (ص)، نێرراوی خوا، زنجیرەی بنەماڵەی پێغەمبەر (ص): ١، بەشی سێهەم (ئادەمیزاد)، دانانی لێژنەی نووسەران، بەرهەمی بەشی کوردیی دامەزراوەی ئەلبەلاغ، چاپخانەی: صەدر، چاپی یەکەم ، ئێران، تاران، ١٤١٥ک– ١٩٩٥ز، ٢١٦ ل.

* دکتر عبدالله ابریشمی: نقد و بررسی ناسیۆنالیسم (ملی گرایی)، ناشر: نگارندە، چاپ اول، ایران، تهران ١٣٧٣، ١٢٢ ص.

* لسەر ئەردێ ژیانا هەردەم، خوەدیوەشان: شاهدێن یاهۆوا، ئالْمانیا ١٩٩٣.

* د. عبدالباسط سیدا: من الوعی الاسطوری الی بدایات التفکیر الفلسفی النظری (بلاد الرافدین تحدیدا)، دار الحصاد للنشر والتوزیع، سوریة، دمشق، الطبعة الاولی ١٩٩٥، ٣٤٣ ص.

* ئیهسان جۆولەمێرگی: جەمبەلی، کورێ میرێ هەکاریان، ئاپێک، چاپا یەکەمین، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ١٩٧ ڕ.

* د. فاضل قفطان و د. کمال مصطفی معروف: پرۆژەی بە کوردی کردنی زانست و خوێندنی باڵا ..، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ١٩٩٤، ٣٨ ل.

* د. محمد فاضل قفطان، یوسف حمه صالح مصطفی و د. کمال معروف: حقوق الانسان، مدخل حضاری للشعب الکردی نحو العالم و المستقبل .. "منطلقات فکریة عن حقوق الانسان فی کردستان"، اربیل، کردستان العراق، حزیران ١٩٩٤، ٥٨ ص.

* لەتیف هەڵمەت: گورگەکانی لەتیف هەڵمەت (شیعر)، چاپخانەی ئازادی، سلێمانی ١٩٩٥، ٦٠ ل.

* ئازاد حەمە: فرمێسکەکانی ئێرۆس (هۆنراوە)، چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٥، ٢٢٤ ل.

* ئازاد حەمە: ڕەهەندی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٥، ٤٧٨ ل.

* ئاری هەرسین: بگات بە دەستی .... (شیعر)، کات و جێگەی چاپی پێوە نییە، ٢٤ ل.

* ئەلێکساندر پوشکین: گەشتێک بۆ ئەرزەڕۆم، لە سەردەمی هێرشی ساڵی ١٨٢٩دا، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە بۆ کوردی، تێبینی و پەراوێز: دۆکتۆر مارف خەزنەدار، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان، سۆڵلەنتوونا، سوێد ١٩٩٥، ١١٢ ل.

* هەڵبژاردە لە چیرۆکی کورتی بێگانە، هەشت چیرۆک لە بەری قەڵەمی لیرۆکنووسە بەناوبانگەکانی جیهان هەڵبژێراون و کراون بە کوردی، وەرگێر: گۆران، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان، سۆڵلەنتوونا، سوێد ١٩٩٥، ٧٦ ل.

* یێڤگێنی پاستێرناک: بۆریس پاستێرناک، فەرهاد شاکەلی لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان، سۆڵلەنتوونا، سوێد ١٩٩٥، ٥٥ ل.

* مەحموود مەلا عیززەت (کۆی کردۆتەوە و ڕێکی خستووە، نامە فارسییەکانی کردووە بە کوردی، پەراوێز و تۆماری بۆ کردووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە): دەوڵەتی جمهوری[ی] کوردستان، نامە و دۆکومێنت، بەرگی دووەم، ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ٢٨٥ ل (٣٧٩-٦٦٩ + ٥ لاپەڕە نەخشە).

* فرات جەوەری (ئامادەکار و وەرگەر): گۆتنێن ناڤداران، ئافۆریسما، وەشانێن نوودەم: ١٠، چاپا یەکەمین، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ١٠٥ ڕ.

* ساموێل بیکێت: ل بەندا گۆدۆت (پییەس)، وەرگەر: فرات جەوەری، وەشانێن نوودەم: ١٢، چاپا یەکەمین، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ١١٢ ڕ.

* ڕاستی: ئەنجامێ خیانەتێ گویفکێ مێژوویێیە، ل نڤیسینگەها ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندنا لقێ ١، پ. د. ک. هاتە چاپکرن، مکتب الاخلاص، دهۆک، کوردستان ١٩٩٥، ٧٢ ڕ.

* محەمەد موحسین کتانی: کاتێ لوولەی تفەنگ ... دەبێتە قەڵەم، ئامادەکردن و داڕشتنەوەی: ئەسعەد عەدۆ، چاپخانەی ئۆفسێتی دهۆک، کوردستان [ساڵی چاپ دیار نییە]، ٨٦ ل.

* کۆیێ بەرز: کۆلە نێبا (شەهەر ـ ێ دملی)، وەشانخانەی ئیرەمەتی، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ٩٨ ڕ.

* Borhanedin A. Yassin: Vision or Reality? The Kurds in the Policy of the Great Powers, 1941-1947, Lund Studies in International History, Lund University Press 1995, 246 pp.

* Jean-Marie Criel & Pervine Jamil: Costumes et Tapis Kurdes, Institut Kurde de Bruxelles, Janvier 1995, 95 p.

(بەرکار و بەرپرسی نووسین: س. چ. هێرش)، ژمارە: ٧، بەهاری ١٣٧٤(١٩٩٥)، ژمارە: ٨، هاوینی ١٩٩٥ (١٣٧٤) سوندسڤاڵ، سوێد.

* مەم: گۆڤارێکی ئەدەبیی گشتییە، نووسەرانی شەقڵاوە دەری دەکەن، ژمارە: ١، ساڵی ١٩٩١، ژمارە: ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ (کوردستان).

* یەکگرتوو: ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە کوردی و عەرەبی دەری دەکات، ژمارە: ٣٨، هەینی ٢١ی ذوالقعدة ١٤١٥ ک، ٢١-٤-١٩٩٥، ژمارە: ٤٠، هەینی، ٦ی ذوالحجة ١٤١٥ ک، ٥-٥-١٩٩٥ز، ساڵی دووەم، ژمارە: ٤٥، هەینی، ١٨ی موحەڕڕەم ١٤١٦ ک، ١٦-٦-١٩٩٥، ژمارە: ٤٦، هەینی، ٢٥ی موحەڕڕەمی ١٤١٦ ک، ٢٣-٦-١٩٩٥ز؛ ژمارە: ٤٨، هەینی، ٩ی صەفەری ١٤١٦ ک، ٧-٧-١٩٩٥ز؛ ژمارە: ٤٩، هەینی، ١٦ی صەفەری ١٤١٦ ک، ١٤-٧-١٩٩٥ز؛ ژمارە: ٥٠، هەینی، ٢٣ی صەفەری ١٤١٦ ک، ٢١-٧-١٩٩٥ز؛ ژمارە: ٥١، هەینی، ٣٠ی صەفەری ١٤١٦ ک، ٢٨-٧-١٩٩٥ز (هەولێر، کوردستان).

* ئاڵای ئازادی: ڕۆژنامەیەکی سیاسیی هەفتانەیە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکات، ژمارە: ١٥٦، یەکشەممە ١٥-١-١٩٩٥، ژمارە: ١٥٧، یەکشەممە ٢٢-١-١٩٩٥.

* پەیمان: هەفتینامەیا سیاسی، ڕەوشەنبیری، گشتی، هژمار: ٢، دوشەمب ٢٥-٧-١٩٩٤، هژمار: ٥، دوشەمب ٥-٩-١٩٩٤، هژمار: ٦، چوارشەمب ٢١-٩-١٩٩٤، هژمار: ٧، چوارشەمب ٥-١٠-١٩٩٤، هژمار: ١١، چوارشەمب ٣٠-١١-١٩٩٤، هژمار: ١٢، چوارشەمب ١٤-١٢-١٩٩٤، هژمار: ١٥، چوارشەمب ١٨-١-١٩٩٥، هژمار: ١٦، چوارشەمب ٢٥-١-١٩٩٥ هژمار: ١٧، چوارشەمب ١-٢-١٩٩٥، هژمار: ١٨، چوارشەمب ٨-٢-١٩٩٥، هژمار: ١٩، چوارشەمب ١٥-٢-١٩٩٥، هژمار: ٢٠، چوارشەمب ٢٢-٢-١٩٩٥، هژمار: ٢١، چوارشەمب ١-٣-١٩٩٥، هژمار: ٢٢، چوارشەمب ٨-٣-١٩٩٥، هژمار: ٢٥، چوارشەمب ٢٩-٣-١٩٩٥،

* Reza: Kurdes. Les chants brules, Collection dirigee par Esther Woerdehoff aux Editions Benteli, Berne 1995, 144 p.

* Anthology of Contemporary Kurdish Poetry, Published by Kurdish Solidarity Committee and Yashar Ismail, editors: Estella Schmid, Sheri Laizer and K. Mirawdeli, London, December 1994, 48 pp.

## گۆڤار

* لالش: گۆڤارەکا ڕۆشنبیریی وەرزانەیە بنگەهێ لالش ب زمانێ کوردی و عەرەبی دەردئێخت، ژمارە: ٢-٣، ژمارە: ٤، ١٩٩٤ (دهۆک، کوردستان).

* نووبهار: مەهنامەیا چاندی، هونەری، ئەدەبی، هەژمار: ٢٨، چلەیا پاشین ١٩٩٥، هەژمار: ٢٩، سبات ١٩٩٥؛ هەژمار: ٣٠، ئادار ١٩٩٥، هەژمار ٣٣، حەزیران ١٩٩٥ (ئەستەمووڵ، تورکیا).

* المنار الكردي: سياسية عامة تعنى بالشئون الكردية تصدر في لندن عن المركز الخارجي للاتحاد الوطني الكردستاني (مسئول التحرير: سامي شورش)، العدد ٢٨، السبت ١١ اذار ١٩٩٥.

* خەبات (النضال)، طبعة الخارج، يصدرها المكتب الاعلامي للحزب الديمقراطي الكوردستاني - الموحد في الخارج، العدد: صفر، ١٧ اذار ١٩٩٥، العدد: ١، ايار ١٩٩٥ (لندن).

* خەبات: جريدة سياسية اسبوعية، لسان حال الحزب الديمقراطي الكردستاني الموحد، العددان: ٧٥٩ و ٧٦٠، الجمعة ١٠-٣-١٩٩٥م، ٩ شوال ١٤١٥ هـ (كردستان).

* سیمرغ: گۆڤارێکی فەرهەنگیی وەرزییە، یانەی هاوکار لە بەلـژیک دەری دەکات (سەرنووسەر: ئامانج شاکەلی)، ژمارە چوار، ساڵی یەکەم، زستانی ١٩٩٤ / ١٩٩٥، ژمارە: پێنج و شەش، ساڵی دووەم، بەهار و هاوینی ١٩٩٥.

* گزینگ: گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی - ئەدەبییە

هژمار: ٢٨، چوارشەمب ٢٦-٤-١٩٩٥، هژمار: ٢٩، دوشەمب ٨-٥-١٩٩٥، هژمار: ٣١، چوارشەمب ٧-٦-١٩٩٥ (دهۆک، کوردستان).

* ئاوێنە: ئەدەبی ـ فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی، ژمارە: ١٦، ساڵی ١٣٧٣، ژمارە: ١٩ و ٢٠، ساڵی ١٣٧٤ (تاران).

* نوودەم: کۆڤارا هونەری، ئەدەبی وو چاندی ( خوەدی وو بەرپرسیارێ گشتی: فرات جەوەری)، هەژمار: ١٣، بهار ١٩٩٥، هەژمار: ١٤، هاڤین ١٩٩٥، هەژمار: ١٥، پاییز ١٩٩٥ (سوێد).

* خوێندکاری کورد: گۆڤاری ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کوردە لە ئەوروپا، ژمارە: ٢٠، نەورۆزی ٢٦٠٧ - ١٩٩٥ (ئەڵمانیا).

* سروە: گۆڤاری ئەدەبی ـ فەرهەنگی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ئینتیشاراتی سەلاحوددینی ئەییووبی، بڵاوی دەکاتەوە، ژمارە ٩٧-٩٨، گەلاوێژ ـ خەرمانانی ١٣٧٣، ژمارە: ٩٩-١٠٠، ڕەزبەر ـ خەزەڵوەری ١٣٧٣، ژمارە: ١٠١-١٠٢، سەرماوەز ـ بەفرانباری ١٣٧٣، ژمارە: ١٠٣-١٠٤، ڕێبەندان ـ ڕەشەمەی ١٣٧٣، ژمارە: ١٠٥-١٠٦، خاکەلێوە ـ بانەمەڕی ١٣٧٣، ژمارە: ١٠٧-١٠٨، جۆزردان ـ پووشپەڕی ١٣٧٤ (ورمێ ـ کوردستانی ئێران).

* کردستان: سياسية ـ ثقافية ـ شهرية، تصدرها المكتب الاعلامي الكردي في النرويج (رئيس التحرير: خالد رنجدر)، العدد: ١٥، اذار ـ مارس ١٩٩٥، شوال ١٤١٥، العدد: ١٦، نيسان / اپريل ١٩٥٥، ذوالقعدة ١٤١٥، العدد: ١٧، مايس ١٩٩٥، محرم ١٤١٦، العدد: ١٨، حزيران ١٩٩٥، صفر ١٤١٦، العدد: ١٩، تموز ـ يوليو ١٩٩٥، ربيع الاول ١٤١٦.

* هەڵەبجە: گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێت (سەرنووسەر: موحسین جوامێر)، ژمارە: ٢٢-٢٣، ساڵی حەوتەم، مارت ١٩٩٥ / شەووال ١٤١٥ک؛ ژمارە: ٢٤، ساڵی حەوتەم، یۆنیۆ ١٩٩٥ز، موحەڕڕەم ١٤١٦ک (سوێد).

* پەڕەسێلکە: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی منداڵانە، ژمارە ٤- ١٩٩٥ (هەولێر).

* بەربانگ: ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد، ژمارە: ١٠٠، گولان ١٩٩٥.

* دیدار: ئۆرگانی یەکێتیی لاوانی کورد ـ سوێد، ژمارە: ١٤، مارت ١٩٩٥.

* دلانپار: دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان، ژمارە: ١، خولی پێنجەم، ٢٥-٣-١٩٩٥ (فینلاند).

* العراق الحر: لسان حال المجلس العراقي الحر، ملحق العدد ٥٧، الاثنين ٢٤ نيسان ١٩٩٥ (لندن).

* کۆنگرە (سەرخۆبوون، دیموکراسی، ئازادی)، بڵاوکراوەی هاوکات دەگەڵ جموجووڵ و ڕووداو و ئاڵوگۆڕییەکانی سێیەم کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، کۆمیتەی ئامادەکردنی ک. ن. ک. بڵاوی دەکاتەوە، ژمارە: ٣، ڕۆژی ٤-٤-١٩٩٥، ژمارە: ٤، ڕۆژی ٢٠-٤-١٩٩٥، ژمارە: ٥، ڕۆژی ٣٠-٥-١٩٩٥ (فینلاند).

* ئەنستیتوتا کوردی یا بروکسەلێ: بولتەنا سێمەهی یا ئاگاهدارێ ، نومرۆ: ٢١، کانوون ١٩٩٤.

* نداء الحق (بانگی هەق): مجلة اسلامية تصدرها الرابطة الاسلامية الكردية (رئيس التحرير: ابو توانا القرەداغی)، العددان ١٢ - ١٣، السنة الثالثة، ديسمبر ١٩٩٤.

* ژینی نوێ: ئاوەڵایە بۆ ڕۆشنبیری کوردی قەلەم ـ نەترس، دەستەیەک لە ڕۆشنبیرانی کورد لە کوردستان و دەرەوە بەڕێوەی دەبەن، میدیای جیهانی [ی] کورد دەری دەکات (سەرنووسەر: ڕێبوار فەتاح)، ژمارە: ١، ئەپریلی ١٩٩٥، ژمارە: ٢، ئابی ١٩٩٥ (لەندەن).

* کۆمار: گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ـ کولتوورییە، ژمارە: ١٩، بانەمەڕی ١٩٩٥ (سوێد).

* کوردستانی نوێ (چاپی دەولی): مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو هەفتەی جارێک دەری دەکات (سەرپەرشتکار: سامی شۆڕش)، ژمارە: ١٥، شەممە ٢٧ی مایسی ١٩٩٥، ژمارە: ١٦، شەممە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٥، ژمارە: ١٧، شەممە ٢٤ی

حوزەیران ۱۹۹٥، (لەندەن).

* کوردستانی نوێ (چاپی دەولی): نیومانگییەکی سیاسی ـ ڕۆشنبیری ـ گشتییە مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات (سەرپەرشتکار: سامی شۆڕش)، ژمارە: ۱۸، ۸ی تەمووزی ۱۹۹٥، ژمارە: ۱۹، شەممە ۲۲ی تەمووزی ۱۹۹٥، ژمارە: ۲۰، هەینی ٤ی ئاب ۱۹۹٥، ژمارە: ۲۱، هەینی ۱۸ی ئاب ۱۹۹٥؛ ژمارە: ۲۲، هەینی ۱ی ئەیلوولی ۱۹۹٥؛ ژمارە: ۲۳، هەینی ۱٥ی ئەیلوولی ۱۹۹٥ (لەندەن).

* گزنگ (زانست، ئاشتی، ئاوەدانکردنەوە): گۆڤارێکی وەرزییە، لقی ئاوارەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق دەری دەکات، سەرنووسەر: ساڵح مەحموود (ڕێبوار)، ژمارە: ۹، ساڵی دووهەم، زستانی ۲٦۹٤ی کوردی (ئێران).

* گوڵان (هەفتەنامە): خاوەنی ئیمتیاز: فرەنسۆ هەریری، سەرنووسەر: سەرۆ قادر، سکرتێری نووسین: بەدران ئەحمەد، ژمارە: ٤۲، ۱۲ی نیسان ۱۹۹٥، ۲۳ی خاکەلێوە ۲٦۹٥ (پیرمام، کوردستان).

* کۆنسەیا کورد: ئۆرگانا کۆنسەیا کۆمەلەیێن کوردستانێ ل سوێدێ، نومرۆ:۳، هەزیران ۱۹۹٥.

* هەڤۆت: مجلة کردیة ثقافیة مستقلة، تصدر دوریا، العدد: ۷، اواخر نیسان ۱۹۹٥ (سویسرا).

* گۆڤاری کۆڕی زانیاری [ی] عێراق "دەستەی کورد"، بەرگی بیستوپێنجەم و بیستوشەشەم، چاپخانەی کۆڕی زانیار [ی] عێراق، ۱٤۱٥ی ک ـ ۱۹۹٤ی ز (بەغدا).

* ڕۆشنبیری نوێ: گۆڤارێکی وەرزیی لێکۆڵینەوەیە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەری دەکات (سەرنووسەر: د. بەدرخان سندی، جێگری سەرنووسەر: خەلیل ساڵەیی، سکرتێری نووسین: سەمیرە محەمەد عەلی) ژمارە: ۱۳٥ی ئاداری ساڵی ۱۹۹٥ (بەغدا).

* ڕەنگین: گۆڤارێکی مانگانەی سیاسیی گشتییە، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەری دەکات (سەرنووسەر: د. بەدرخان سندی، جێگری سەرنووسەر: ئەحمەد زەردەشت، سکرتێری نووسین: نازەنین ئەحمەد)، ژمارە: ۷۳ی ساڵی ۱۹۹٤، ژمارە: ۷٤ی ساڵی ۱۹۹٤، ژمارە: ۷٥ی کانوونی دووەمی ۱۹۹٥، ژمارە: ۷٦ی شوباتی ۱۹۹٥، ژمارە: ۷۷ی ئاداری ۱۹۹٥، ژمارە: ۷۸ی نیسانی ۱۹۹٥، ژمارە: ۷۹ی ئایاری ۱۹۹٥؛ ژمارە: ۸۰، ۱٥ی حوزەیرانی ۱۹۹٥، ژمارە: ۸۱، ۱٥ی تەمووزی ۱۹۹٥، ژمارە: ۸۲، ۱٥ی ئابی ۱۹۹٥ (بەغدا).

* بغداد: جریدة الوفاق الوطنی العراقی الاسبوعیة، العدد: ۲۲۰، السنة الخامسة، الجمعة ۱۰ اذار (مارس) ۱۹۹٥م، ۹ شوال ۱٤۱٥ هـ؛ العدد: ۲۳۳، السنة الخامسة، الجمعة ۱٦ حزیران (یونیو) ۱۹۹٥م الموافق ۱۸ محرم ۱٤۱٦ هـ.

* ڕێگای کوردستان (طریق کردستان)، (یا عمال العالم اتحدوا!، وطن حر و شعب سعید): الجریدة المرکزیة للحزب الشیوعی الکردستانی ـ العراق، العدد: ۱۳۹، السنة: ٥۰، اوائل حزیران ۱۹۹٥ (اربیل، کردستان).

* الانصات: نشرة اخباریة یومیة یصدرها الحزب الدیمقراطی الکردستانی، الفرع الاول ـ قسم الثقافة والاعلام، العدد: ۱۳٤٥، ۱٦ حزیران ۱۹۹٥، العدد: ۱۳٤٦، ۱۷ حزیران ۱۹۹٥ (کردستان).

* لێکۆڵین: کۆڤارا ئینستیتویا کوردی ژ بۆ لێکۆڵین وو زانستی یێ، هەژمار: ۱، ئادار ۱۹۹٥ (بەرلین، ئەڵمانیا).

* برایەتی [التاخی]: ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات، ژمارە: ۲۱۲۹ و ۲۱۳۰، پێنجشەممە ٦-۷-۱۹۹٥، ۱٥ی پووشپەڕی ۲٦۹٥ی کوردی، ۸ی صەفەری ۱٤۱٦ی کۆچی (کوردستان).

* ئەنستیتوتا کوردی یا بروکسەلێ: بولتەنا سێمەهی یا ئاگاهداری یێ، نومرۆ: ۲۳، هەزیران ۱۹۹٥.

* منظمة مراقبة حقوق الانسان فی کردستان، تقریر دوری تصدره منظمة مراقبة حقوق الانسان فی کردستان، العدد (۱)، حزیران ۱۹۹٥، اربیل، کردستان.

* پەیام: گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و کولتووریی گشتییە،

پابەندی هیچ ڕێباز و ڕێڕەوێکی ڕامیاری و ئاینی نییە، گۆڤاری کۆمەڵەی کولتووری کوردوستانییە لە یۆنشۆپینگ، ژمارە دوو، حوزەیرانی ١٩٩٥.

* ئالا: ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ژمارە: ٢٥، مانگی پووشپەڕی ١٩٩٥ (نۆروێژ).

* کەلەپووری کورد: گۆڤارێکی کەلەپووری و فۆلکلۆریی وەرزییە کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی دەری دەکات، ژمارە: ٦، نەورۆزی ١٩٩٥ (ژمارەی تایبەت بە فۆلکلۆری منداڵان)، سلێمانی، کوردستان.

* مەتین: کۆڤارەکا هەیڤانەیە، لقێ ئێکێ پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو ب زمانێ کوردی و عەرەبی دەردئێخت، خولا سیێ، هەژمار ٣٥، تەباخ ١٩٩٤ (کوردستان).

* خوێندکاری کورد: گۆڤاری ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کوردە لە ئەوروپا (سۆکسە)، ژمارە: ٢١، ٢٦٠٧-١٩٩٥.

* Namah: produced three times annually by the Badlisy Center for Kurdish Studies, Inc. Volume III, number 1, Spring 1995 (USA).

* Jin: Kurdiska Kvinnobulletin, utges av Kurdistans Kvinnoforbund i Sverige, Dubbelnummer, nr. 2-3 (1994-95).

* Kurdish Life: Published by the Center for Reasearch, the Kurdish Liberary, Number 13, Winter 1995, number 14, Spring 1995 (USA).

* Droits de l'Homme, sans fronti`eres, Journal Europeen Des Droits De L'Homme, 7e ann`ee, no 1-2/ 1995 (Belgique).

* Kurdistan: Une publication de l'Institut Kurde de Bruxelles et de Solidarite Socialite-Fond de Cooperation au Developpement avec le soutien de la Communautes Europeennes, 2eme impression decembre 1994.

* Kurdish Institute of Brussels: Quarterly Newsletter, no. 22, March 1995.

* Kurdistan heute: Zeitschrift des Kurdischen Informations - und Dokumentationszentrums e.V., Nr. 14, Mai- Juni 1995 (Bonn, Germany).

## ... و بەڵگەنامە

* دەقی بروسکەی سەرۆک مەسعوود بارزانی بە بۆنەی کارەساتەکەی ٢٧ی شوباتی شاری زاخۆ، ٢٧-٢-١٩٩٥.

* الطالباني و قيادته متورطون مباشرة في مجزرة زاخو، ٢٨-٢-١٩٩٥.

* بيان صحفي من المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني، صلاح الدين - كردستان ٨ اذار ١٩٩٥.

* پارتی دیموکراتی کوردستان، لقی شەش (ئەوروپا): شەهیدبوونی شەش کوردی عیراقی لە ناو خاکی تورکیا و درۆ و بوختانەکانی یەکێتی، ١٣-٣-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: داستانێکی تری پێشمەرگە لە گەرمیان، ڕاگەیاندنی پارتی یا هی ڕژێمی سەدامە ؟! ١٢-٣-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: بانگەوازێک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆ کوردە هەڵخەڵەتاوەکانی ڕژێم.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: ڕاپۆرتی هەواڵ: پانۆرامای سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی بەرگریدا.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: گەل چەواشە مەکەن ... فەرموون بۆ سەنگەری شەرەف ! سەروتاری کوردستانی نوێ، ١٠-٣-١٩٩٥؛ قسەکەرێکی ڕەسمیی ی. ن. ک: ئامادەین یارمەتیی کۆبوونەوەی پەرلەمان بدەین.

* حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دەفتەری سیاسی: بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربارەی ڕەفتارێکی نادۆستانەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ٢٧-١٢-١٣٧٣.

* حزب دمكرات كردستان ايران، دفتر سياسى: اعلاميه دفتر سياسى حزب دمكرات كردستان ايران در مورد اقدام غير دوستانه اتحاد ميهنى كردستان، ٢٧-١٢-١٣٧٣.

* ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کورد و کوردستانی لە سوێد سەبارەت بە: ڕاگرتنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، ٢١-٣-١٩٩٥.

* مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان: ڕوون کردنەوەیەک دەربارەی ئۆتۆمبیلی چێنراو بە ٧٧٠ کیلۆگرام لە TNT. ٢٤-٣-١٩٩٥.

* جێ بە جێکەرانی تاوانەکەی ٢٧-٢ی سەرانی ٦٦ و هەوڵی تەقاندنەوەی پتر لە ٧٥٠ کیلۆ TNTیەکەی دیکەش ئاشکرا بوون، ٢٦-٣-١٩٩٥.

* المكتب السياسى للحزب الديمقراطى الكردستانى: تصريح ، مسلحو الاتحاد الوطنى الكردستانى يقتحمون مبنى برلمان كردستان و يهينون السيد رئيس البرلمان و يقطعون كافة الاتصالات السلكية و اللاسلكية بخارج المبنى فى مدينة اربيل، صلاح الدين فى ٢٨-٣-١٩٩٥.

* الاتحاد الوطنى الكردستانى، مكتب دمشق: تصريح.

* ک. ب. گ. ، ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد - سۆکسە - : هەڵەبجەی زیندوو، نەورۆزی ٢٦٠٧، مارتی ١٩٩٥.

* کۆمیسیۆنی پارێزگاریی مافی مرۆڤی کورد، بەشی ئەورویا: بۆ ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کورد و نیشتمانی کوردستانی خۆشەویست، هەینی ٢٤-٣-١٩٩٥.

* الشيخ عمر غريب : تقويم لبعض القضايا والمواقف الفكرية والسياسية من وجهة نظر الحزب الاسلامى الكردستانى، ايار ١٩٩٥.

* الشيخ عمر غريب : حول البرلمان الكردى فى هولندا، ١٥-٥-١٩٩٥ (اسلام اباد / پاكستان).

* الشيخ عمر غريب : الى رئاسة موء تمر الصحوة الاسلامية فى كردستان للاتحاد الاسلامى الكردستانى الموقرة، ١٦-٥-١٩٩٥.

* الشيخ عمر غريب: ملاحظات و ردود على اراء الخبير البريطانى اندرو مانغو، ٥-٦-١٩٩٥.

* دەقی بروسکەی جەلال طالەبانی بۆ لێژنەی حەوت حیزبەکەی بەڕێز، ژمارە: ٢١٩٦، ڕۆژ: ١١-٦-١٩٩٥.

* لێژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو: شێرکۆ بێکەس لە پای چی دەیەوێت جارێکی تر شەڕی چەپەڵی کوردکوژی هەڵگیرسێنێتەوە؟، ١٥-٦-١٩٩٥.

* کۆمیسیۆنی بەرگری لە مافی گەلی کوردستان: جارێکی دی و شەڕی هاوینەهەوار لە مانگی گەلاوێژدا سەرفرازی و سەرکەوتنی حوکوومەتی باشوورە، ١٣-٧-١٩٩٥، دانمارک.

* الاتحاد الوطنى الكردستانى: القوات العراقية و قوات الحدک تشن هجوما مشتركا على مواقع الاتحاد، ١٧-٧-١٩٩٥.

* قسەکەرێکی مەکتەبی سیاسی لەبارەی گێچەڵ و شەڕفرۆشتنی سەرکردایەتیی مەسعوود - نێچیرڤانەوە ڕایگەیاند.

* ناطق باسم الاتحاد الوطنى الكردستانى: بيان صحفى، ١٨-٧-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: دووکەڵی ڕەواندوز چەمۆڵە لە بنەماڵەی ئاشبەتاڵ و لە خوێنی خۆیشی گوڵ ئەچنێ بۆ هەندرێن و بۆ کاولۆکان، ١٩-٧-١٩٩٥.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: پارتی و عیراق بە هاوبەشی تۆپبارانی هەولێر دەکەن. سەرانی پارتی دەڵێن: تاقی کردنەوەی کوردی عیراق سەر نەکەوت و بۆیە دەبێت لەگەڵ سەدام ڕێک بکەوین و هەر شتێکمان بداتێ پێی قایل بین.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: سەرکردایەتیی شەڕفرۆشی مەسعوود - نێچیر لە یادی ئینقلابی ٣٠ تەموزیشدا هەولێر و ئۆردوگاکانی دەوروبەری تۆپباران دەکەن.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندی ڕێکخستنی

دەرەوە: د. مەحموود عوسمان لە کۆڕێکی جەماوەرەیدا: بروسکەم بۆ کاک مەسعوود کردووە و پێم وتووە: تۆپباران کردنی هەولێر لە ١٧ی تەمووز و ٣٠ی تەممووزدا تەفسیرێکی خراپی بۆ دەکرێ.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە: ڕاپۆرتێک سەبارەت بە ناوبژیوانیی ئەمریکا بۆ شەڕی ناوخۆی کوردستان؛ کاترین پۆرتر: لە هەولێر گوێم لە دەنگی تۆپ بوو، دەرکەوت مووشەکی عێراقە و لە هەمان کاتدا مووشەکی پارتیش لە هەولێری دەدا، بۆردومانەکە ڕێک خرابوو.

* ڕوونکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە کۆڕێکی قانوونی کە لە لەندەندا دەبەسترێت، بە ئیمزای نزیکەی پەنجا کەس، لەندەن ٢٠-٧-١٩٩٥.

* پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک - هەندەران: بە بۆنەی شەهیدکردنی هاوبیری هێژامان کاک مولازیم کەریم سەلامەوە، گەلاوێژی ٢٦٠٧، سەرەتای ئابی ١٩٩٥.

* یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، کۆمیتەی ڕێکخستنی ئەورووپا: بانگەواز، ٢٧-٨-١٩٩٥.

* یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، کۆمیتەی ڕێکخستنی ئەورووپا: ڕوونکردنەوەیەک، ٢٠-٨-١٩٩٥.

* الاتحاد الوطنی الدیمقراطی الکردستانی (الاتحاد الدیمقراطی): البیان التاسیسی، ٢١ اذار ١٩٩٥.

* یەکێتیی نابینایانی کوردستان، مەڵبەندی گشتی (سەرۆک: فەتتاح ئەحمەد محەمەدئەمین): بەنگەوازێکی هانای بەپەلە لە نابینایانی هەرێمی کوردستانی عیراقەوە بۆ: خێرخوازان و مرۆڤدۆستانی جیهان، خاوەن ویژدانە زیندووەکان لە هەر کوێیەک هەن ...[بە کوردی و ئینگلیزی]، ٢٦-٨-١٩٩٥.

## سێ کتێبی نوێ
## لە بڵاوکراوەکانی
## کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان

<> ئەلیکساندر پوشکین: **گەشتێک بۆ ئەرزەڕۆم،** وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: دۆکتۆر مارف خەزنەدار.

<> گۆران: ***هەڵبژاردە لە چیرۆکی کورتی بێگانە،*** چاپی دووەم.

<> یێفگێنی پاستێرناک: ***بۆریس پاستێرناک،*** وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فەرهاد شاکەلی.

ناونیشانی داواکردن:

Kulturforeningen Sverige-Kurdistan
Box 615, 191 26 Sollentuna
Sweden

بێجگە لەو سێ کتێبەش کۆمەڵێ کتێبی دیکە لە لایەن کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستانەوە چاپ کراون و دەکرێ هەر لەڕێگەی ئەو ناونیشانەوە داوا بکرێن:

<> محەمەدئەمین حسێن: سەلیقەی کوردەواری

<> عەزیز کەیخوسرەوی: چاوپێکەوتنێکی تیشکهاوێژ، فەرهاد شاکەلی لە مەسەلەکانی فەرهەنگی کورد دەدوێت.

<> فەرهاد شاکەلی: نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم.

<> هەژار: بە یادی تۆ دەژی دڵم.

ئۆسکار وایڵد: شازادەی بەختیار، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامۆستا گۆران.

هەروەها دوو کتێب بە زمانی سوێدی:

Goran: Tarar och konst

Doften av mitt lands moln

## ئەیووب

وتیان ئەیووب ڕۆژێک پەنجەی ژانی دەکرد
دەنا، بۆ شار، قەت نەدەچوو.
چی لە شار کات
کە چاوی دڵبەر لە شاخ بێ ...
کە چوو بۆ شار
چەند سەعاتێ، بەرگەی دووریی "دڵ"ی نەگرت
نەک پەنجەیەک
هەموو لەشی لە کووچەیێکی (سنە)دا
کڵپەی کرد و
بوو بە چرا.

## ڕێگەی گەیشتن ...

وەرە با بڕۆین، چرایە هەڵکەین، لە بەر ڕۆشنایی‌ی کزی چرادا
ئایەتەکانی یەزدان لەبەرکەین.
ڕێگەی گەیشتن بە یەزدان زۆرە
ئێمە بە ڕێگەی "چرا"دا دەڕۆین
وەرە با بڕۆین چرایەک هەڵکەین.

## ئاوریشم

لە جێی ئاوریشم "با" لەبەر دەکات
چ ئاوریشمێکی جوانە لەبەریا.
لەسەر بەردێکی قەراغ کانیەکە
لە خۆی دەڕوانێ
هیچ کەس نازانێ
کامیان جوانترە، پەیکەری سەر بەرد
یا کچاوێنەی بنی ئاوەکە.

**کامەران قازی**

# بانگی وریایی‌ی کورد

یەکێ لە کۆمەڵە سیاسییە کوردەکان لە ساڵی ۱۹۳۰دا دەریکردووە

پێشکەشکردن و پێشەکی و پەراوێز بۆنووسینی:
پیران

ئەم بەیاننامەیە لە لایەنێکەوە دەرچووە ناوونیشانی (K. P. K.)ی بۆ خۆی داناوە، کە ئێمە وای بۆ ئەچین کورتکراوەی سێ وشەی (کۆمەڵی پێشکەوتنی کورد) یان (کوردان) بێ. من بەش بە حاڵی خۆم تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکا ناوی کۆمەڵێکی وام بەرچاو نەکەوتووە و لە کەسیشم نەبیستووە و نازانم لە چ جۆرە کەسانێ پێکهاتووە و لە چ ناوچەیەکی کوردستانی خوارووداو لەناو چ توێژاڵێکی کۆمەڵا چالاکیی خۆی نواندووە. لەوەندەیش بەولاوە کە لە خودی بەیاننامەکەوە دەرئەکەوێ، تێکڕای ئامانجە تاکتیکی و ستراتیژییەکانیم لێ ئاشکرا نییە.

وەک لەم بەیاننامەیەوە دەرئەکەوێ، کۆمەڵی ناوبراو بە شێوەیەکی واقیعبینانە هۆی پاشکەوتنی گەلی کورد و بە مەرام نەگەیشتنی ئەگێڕێتەوە بۆ ناکۆکی و دووبەرەکیی ناوخۆ، هەروەها دەوری ڕۆشنبیرانیش کە ناویان لێ ئەنێ (تێگەیشتووی پێگەیشتوو) یا (مونەووەر)، لە خەباتا، بەباشی دەسنیشان ئەکا. زۆر باشیش بۆ ئەوە چووە کە جێبەجێکردنی ئەو نەخشە و پلانە سیاسییانەی کەسانی (تێگەیشتووی پێگەیشتوو) دایانئەنێن بۆ خەباتی نەتەوە پێویستی بە بوونی هێزە، بەڵام لێرەدا کەوتووەتە هەڵەیەکی گەورەی کوشندەوە کە ئەوەتە لە جیاتی ئەوەی گەلی ڕێکخراو و ئامادەکراو بە سەرچاوەی هێز دابنێ، عەشایری بە سەرکردەیی‌ی سەرەک عەشیرەتەکان بەو سەرچاوەی هێزە داناوە. ئەوەیش، واتە دەوری کەسانی تێگەیشتووی پێگەیشتووی میللەت کوێرببێتەوە و هیچیان بۆ نەمێنێتەوە، چونکە هەرگیز ئەوە بۆکەس دابین ناکرێ لە کۆمەڵێکی پاشکەوتووا کە ڕژێمی عەشیرەتی و سەرەک عەشیرەتەکان هەموو شتێ بن، کەسانی تێگەیشتووی پێگەیشتووی میللەت بتوانن کارێ بکەن سەرەک عەشیرەتەکان بە گوێرەی نەخشەدانانی ئەوان بجووڵێنەوە. مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە دەوری عەشیرەت و سەرەک عەشیرەتەکان پشتگوێ بخەم، بەڵام ئەمە زۆری جیایە لەوە کە سەرکردایەتیی جەماوەر بدرێتە دەست سەرەک عەشیرەتەکان.

لەم بایەخ پێدانی زیاد لە ئەندازەی عەشیرەت و سەرەک عەشیرەتەکانەوە لەوانەیە مرۆ بتوانێ بڵێ بنەمای کۆمەڵایەتیی ئەم کۆمەڵە بریتی بووە لە هەندێ ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەری کوڕە ئاغا و دەرەبەگ کە دەرکی هێزی جەماوەری گەلیان نەکردووە و لەوانە نەبوون سەبر و حەوسەڵەی چوونە ناو کۆڕی بازرگانان و کاسبکاران و مەلا و فەقێ و جووتیاران و وەرزێرانیان ببێ، بۆیە بە خەیاڵی خۆیان ڕاکێشانی ئاغا و بەگەکانیان بۆ کۆڕی خەبات بە سەرچاوەی هێز داناوە. گوایە لە ڕێگای ئەوانەوە

ئەتوانن دەست بەسەر جەماوەری عەشیرەتەکاندا بگرن و بیانهێننە مەیدانەوە و بۆیەش بۆ پێشکەش کردنی داخوازییەکانی نەتەوە بۆ مەندوبی سامیی بەریتانیا داوا لە خەڵک ئەکەن لە هەر ناوچەیەک بچنە ژێر سایەی سەرەک عەشیرەتەکان و لە ڕێگای ئەوانەوە داخوازییەکانیان پێشکەش بکەن. بێ ئاگا لەوە کە زۆرتری سەرەک عەشیرەتەکانی کوردستان پێش لە هاتنی ئینگلیزەوە بە ماوەیەکی زۆر فریان بە تێکۆشانەوە بۆ مافەکانی گەل نەمابوو و هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە هەموو قورسایی‌یەکی ئامانجی خۆیان خستبووە سەر دەستگرتن بەسەر زۆرترین پارچە زەویوزاری میریی ناوچەکانی خۆیانا و ئەرکی سەرکردایەتیی خەبات کەوتبووە ئەستۆی بۆرژوای تازە لەدایکبووی نیشتمانی کە وردە وردە هەنگاوی بەرەو گەشەکردن ئەنا.

لە مێژووی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی‌ی گەلانا ئەوە بە زەقی بەرچاو ئەکەوێ کە گەلێ لە ڕۆشنبیرانی زێدە نەتەوەپەرست ئەکەنە ڕیزکردنی مایەی شانازی بۆ گەلەکەیان و هەڵاویردنیان بەسەر گەلانی تردا، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوە ئاخۆ لەو کارەیانا لە سنووری ڕاستی لائەدەن یان نا، و ئیددیعاکانیان خۆ لەبەردەمی لێکۆڵینەوەدا ڕائەگرن یا خێر. لەم بەیاننامەیشا شتێکی لەم بابەتە هەیە کە کۆمەڵێ سیفەتی جوانی ڕیز کردووە و ئەڵێ کورد لەم سیفەتانەدا فەزڵی بەسەر دراوسێکانیا هەیە. ئێمە لێرەدا خۆمان بە دوان لەم بارەوە خەریک ناکەین و ئەوەمان بەسە کە ئەم دیاردەیە، وەک وتمان، وەنەبێ شتێ بێ هەر لەناو کوردا ڕووی دابێ و لە زۆر گەلی تریشا شتی وا بووە. بەڵام ڕستەیەکی هەیە نامانەوێ بەسەریا تێپەڕ بین کە ئەڵێ: «ئەتوانین بڵێین موئەسیس و ڕاگری حوکومەتی عێراق لە کوردەکانە». لە ئاستی ئەم قسەیەدا بە پێویستی ئەزانین بڵێین ڕاستە ئەفسەرانی لە ئەستەموولّ خوێندووی کوردستانی باشوور و بەتایبەتی سلێمانی دەورێکی گەورەیان لە پێکەوەنانی سوپای عێراقا بووە و تا ماوەیەکیش هەندێکیان لە گەورەترین بەرپرس و کارفەرمایانی سوپای عێراق بوون. بەڵام ئەمە بۆ کورد خۆی بە چی ئەچێ؟ ئەگەر ئەو ئەفسەرانە بەڕاستی خێرێکیان بە ناوچەوانەوە ئەبوو ئەوە هەموو ئەچوونە پاڵ حوکومەتی شێخ مەحموود و بە هیچ کلۆجێ پشتیان بەرنەئەدا و بە هەر جۆرێ بوایە ئەوەندەی سیاسەتی ئەو ڕۆژەی ئینگلیز دەرفەتی ئەدا، کەڵکیان لە وەزعەکە وەرئەگرت و هۆشیارانە ئەجووڵانەوە بۆ ئەوەی میرنشینەکەی شێخ ببوایە بە شتێک لە دواڕۆژا بەرهەمێکی وەک میرنشینەکەی ئەردەنی مەلیک عەبدوڵلا یا وەک شێخنشینەکانی کەنداوی لێ دەرچوایە.

ئەگەر لە باری سەرنجی نەتەوایەتیی ڕووتەوە بڕوانینە ئەم جۆرە کەسانە، ئەبێ بە کورد نا، بەڵکە بە کەسانێکی عێراقیی تەواویان دانێین کە لە دوا لێکدانەوەدا دەرئەکەوێ هەموو توانی خۆیان بۆ خزمەتی دەوڵەتێ تەرخان کردووە کە مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلەکەیانی پێشێل کردووە و بەشێکی وڵاتەکەیانی بە خۆیەوە نووساندووە. شانازی کردن بەم جۆرە کەسانەوە، بۆ کەسانێ کە لە چوارچێوەی نەتەوەییدا بڕواننە کاروبار، بە هیچ جۆرێ نە ڕەوایە و نە مایەی سەربەرزییە.

بەیاننامەکە هەندێ ڕووداوی سیاسیی ئەو سەردەمە ئەگێڕێتەوە بۆ چالاکیی خۆی وەک دامەزراندنی (موختارییەتی ئیداری) لە کوردستانی باکوور و وەک نیشتەجێکردنی هەندێ عەشایەری کورد لەسەر سنووری عێراق و تورکیا و سووریا و کردنەوەی قوتابخانەی پێ خوێندن بە کوردی بۆ منداڵانی ئەو عەشایرانە. من ئێستا کە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنووسم، سەرچاوەی وام لەبەردەستا نییە ڕووی ڕاستیی ئەم ڕووداوانە و هۆی ڕوودانیان لێوە حاڵی ببم و بزانم ئەو موختارییە ئیدارییەی کوردستانی تورکیا کامە بووە و دەوری ئەم کۆمەڵە چی بووە تیایا و لەوەدا کە فەرەنسە ناچار ببێ کە خێڵە کورد لەسەر سنووری عێراق و تورکیا و سوریا نیشتەجێ بکا و قوتابخانەی کوردی بۆ

مناڵەکانیان بکاتەوە. بۆیە ڕاستکردنەوەی ئەو مەسەلەیە بۆ مێژوونووسەکانمان بەجێ دێڵم. بەڵام لام وایە بەم کۆمەڵە و بە کۆمەڵە کوردەکانی تر دەورێکیان لە هەندێ هەڵوێستی ئینگلیزە داگیرکەرەکان و حوکومەتی عێراقی نۆکەریا بووبێ. بەهەرحاڵ بۆئەوەی بەڕاستی ئەم مەسەلەمان بۆ ساغ ببێتەوە، پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ سەر ئەرشیفەکانی وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانیا و حوکوومەتی عێراق و کتێبخانە تایبەتییەکانی تێکۆشەرەکانی ئەو سەردەمەمان و چاوپێکەوتنیان و هێنانەوە یادی بیرەوەرییەکانیان و تا بیشزانین ئەم جەمعییەتی ئیتتحادی کورد و عەرەبە کە لە سلێمانی دامەزراوە و بەیاننامەکە ناوی ئەهێنێ، کامە بووە و لە کێ پێک هاتووە و ئامانجی چی بووە و ئەو وەزیرە عێراقییانەی بەم ناوەوە سەریان لە کوردستان داوە کێ بوون و ویستوویانە چی بکەن. من لەو مەیدانەدا ڕووی دەمم ئەکەمە مێژوونووسی گەورەی کورد دکتۆر کەمال مەزهەر بەڵکوو ڕووناکییەکی تەواومان بۆ باوێتە سەر ئەو باسە و باسی تێکڕای چالاکیی کۆمەڵە نهێنییەکانی ساڵانی پاش جەنگی یەکەم و پێش جەنگی دووەمی جیهانمان. لە عێراقا هەر ئەم شک ئەبەم شایانی هەڵگرتنی ئەم ئەرکە قورسە بێ.

ئەو خاڵە زۆر بایەخدارەی ئەم بەیاننامە جەختی لەسەر کردووە ئەوەیە کە مەندووبی سامیی بەریتانیا لە بەغدا لە ١٢ی نیسانی ئەو ساڵەدا دێ بۆ کوردستان و مەبەستی تێگەیشتنی خواستی دڵ و دەروونی میللەتی کوردە لەبارەی دواڕۆژی کوردستانی عێراقەوە و، بۆ ئەوە داوا لە جەماوەر ئەکات، واتە بەیاننامەکە، هەر کۆمەڵە خەڵکی لە ناوچەی خۆیانا پێوەندی بە سەرەک هۆزەکانەوە بکەن و مەندووبی سامی بە هەر ناوچەیەکا گوزەری کرد خەڵکی لەگەڵ سەرەک هۆزەکانیان داوای مافی بەجێی خۆیانیان لێ بکەن و، ئەگەر توانیشیان خۆپێشاندان ونومایش ڕێک بخەن. ئەمە زۆرجوان و بەجێ بوو ئەگەر سەرەک هۆزەکان لەناو خۆیانا هەموو کورد و یەکپارچە و یەکدڵ بوونایە و، ئەگەر ڕابوردوویەکی گەشی وایان لە مەیدانی کوردایەتیدا بووایە وا لە مرۆ بکا تەمای دەستپێشخەرییەکی لەم جۆرەی لێیان ببێ و، ئەگەر لەناو خۆیانا ئەنجومەنێکی گوێلێڕاگیراوی وایان هەبووایە جێگەی بیرۆی سیاسیی حیزبێکی سەرکردەیان بۆ بگرێتەوە و نەخشەی هەڵسووڕانیان بۆ دابنێ. بەڵام ئەفسووس!! سەرەک خێڵی کورد بەشی هەرە زۆریان بە جارێکی ترا ئەچوون و ئاوازەیەکی تریان لێ ئەدا و بە گۆرانییەکی تر هەڵئەپەڕین و لەسەر سەرینی نووستنیش بیریان لە ئامانجی پیرۆزی وا نەئەکردەوە. ئەو ئەرکە گەورەیەی بەیاننامەکە داوا لە جەماوەر ئەکا بە سەرەک خێڵە پاشکەوتووە لەچەکە خۆری بەولاوە هیچ لێنەهاتووەکانیانی بسپێرن، ئەرکی سەرشانی ئەوان نەبوو. قۆناغێکی پێشکەوتووتری لە ژیانی گەلا و حیزبێکی هەڵسووڕاو و چالاکی وای ئەویست ڕیشەی لە دڵ و دەروونی خەڵکا داکوتابێ و ڕێکوپێکییەکی توند و تۆڵ و بەربڵاوی هەبێ و لەگەڵ دەزگایەکی کارامەی ڕاگەیاندنا بتوانێ هەر کاتێ بە پێویستی زانی جەماوەرێکی فراوان بڕژێنێتە کۆڕی خەباتەوە.

هەر هیچ نەبێ ئەبوو ئەم کۆمەڵە خۆی دەستپێشخەریی بۆ ئەم کارە بکردایە و بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵە کوردەکانی تریشا بکردایە کە دیارە هی تری وەک خۆی لە مەیدانی خەباتا بوون و ئەبێ بە یەکتریشیان زانیبێ و، بە هەموویان جەماوەری خەڵک و گەورەپیاوانی کۆمەڵ و ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی سەربەدەرەوەی تری میللەتیان بانگ بکردایە و سڵیان لەوە نەکردایەتەوە کە بە ناوی خۆیانەوە بێنە مەیدان و وەک نمایندەی گەل داوای (تەماس)یان لەگەڵ مەندووبی سامی و کاربەدەستانی (ئیحتیلال) بکردایە، جا کە کەوتنە تەقەلایەکی واوە کەسیش نکووڵیی لەوە نابێ لە چوارچێوەی خڕکردنەوەی هەموو هێزەکانی کۆمەڵا ڕووی دەم بکەنە سەرەک خێڵەکانیش، وەک توێژاڵێکی خاوەن ڕێوشوێنی ناو گەل، تا ئەوانیش کامیان، کورد واتەنی، تڵپی تەڕیان تیا مابێ

بێنە مەیدانەوە و بەشە بەشداری و دڵسۆزی و نیشتمانپەروەریی خۆی بنوێنێ. ئەمە بوو ڕێگای ڕاستەقینەی خەبات بۆ ئەو ڕۆژە، نەک ئەوەی کە لەو سەردەمەی ٦٤ ساڵ لەمەوبەری کوردستانی پاشکەوتووی دیل و دەسبەسەرا خۆی لەژێر پەردەی سێ چوار پیتی کەم کەس نەبێ لێتێنەگەیشتووی لاتینییا بشارێتەوە و داوا لە جەماوەر بکا ببێ بە سەربازی ژێر دەستی «سەرکردە»هایەکی مەیدان چۆڵکردووی سەرکردەیی نەویستووی وەک سەرەک خێڵەکان کە بەشی هەرە زۆریان لالێکردنەوەیەکی بچووکترین کاربەدەستی ئینگلیزیشیان لە هەموو ئامانجێکی کورد و کوردستان لا پیرۆزتر بوو، وەک لە ڕووداوەکانی ساڵانی کێشەی نێوان شێخ مەحموود و ئینگلیزەکانا بە ئاشکرا و بێ پەردە دەرکەوت.

دوایی بەیاننامەکەیش بەچەند ڕستەیەکی ئێجگار ڕەشبینانە و تەنگەنەفەس هاتووە کە گوایە: «هاوارە، هاوار! کورد لە حاڵی سەکەراتدایە، ژیاندنەوە و بە مەقسەد گەیشتنمان بەستراوە بەم هاوارەوە، ئاخر نەفەسمانە... لە دواییدا پەشیمانی بێکەڵکە... هەر جارێکە و هەر ئەم جارە...»

ئاشکرایە ئەم قسانە هیچ بنەمایەکی ڕاست و دروستیان نەبووە. ئێمە نە لە حاڵی گیانەڵادا بووین و نە ژیانەوە و بە مەقسەدگەیشتنمان بەسترابوو بە سەرلێدان و داخوازی لێکردنی مەندووبی سامییەوە و نە گەشتەکەی کوردستانی ئەویش بۆ تێگەیشتنی خواست و ئارەزووی میللەتی کورد بووە و، نە حکوومەتەکەیشی، ئەگەر مەبەستی بووایە شتێ بۆ کورد بکا، پەکی لەسەر ئەوە کەوتبوو بزانێ لە ڕاستیدا چییان ئەوێ. کورد، ئەوەتا دیارە، تا ئێستاش نەبڕاوەتەوە و لەمەوپاشیش هەرگیز نابڕێتەوە و، ڕزگاریی ڕاستەقینەیشی بەوەوە بەستراوە جەماوەری ئەوەندە وریا ببێتەوە ڕیشی خۆی نەداتە دەستی هەرکەسێ بۆ سوودی تەسکی خۆی و دام و دەزگای دەوری، پێی پێبکەنێ و، هەر خۆی و بەسەرکردەیی پێشەنگی نوماینەدەی ڕاستەقینەی دیموکرات و لەخۆبووردووی باوەڕ بەگەڵ کردووی خۆی و لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەموو سەرێکی بارودۆخی ناوخۆ و دەرەوە ئەرکی ئازادکردنی خۆی لە ئەستۆ بگرێ.

نامەی موتەسەڕڕیفییەتی لیوای سلێمانی بۆ وەزارەتی ناوخۆ کە چەند دانەی لە بەیاننامەکە لەگەڵا نێردراوە بۆ بەغا (١)

نهێنی

ژمارە: س ٢/٢٩

لە: موتەسەڕڕیفییەتی لیوای سلێمانییەوە

بۆ: وەزارەتی ناوخۆ – بەغدا

مێژوو ١٩٣٠/٣/١٢

بابەت: پێشکەشکردنی بەیاننامە لە بارەی پڕۆپاگەندەی کوردەوە

دوابەدوای دوو نامەکەی ئەم دایرەیە کە ژمارەیان س/٣٢ و ٣٤ و مێژوویان ٨ و ١٠ی مارتی ١٩٣٠ بوو.

لەگەڵ ئەم نامەیەدا چوار دانە لەو بەیاننامانەتان پێشکەش ئەکەین لە بارەی پڕۆپاگەندەی کوردەوە، کە دانەیەکیان بۆ سەرۆکی شارەوانی و سێ دانەیان بۆ هەڵەبجە هاتوون لەگەڵ سێ پاکەت (زەرف)دا. لە پاکەتەکان و مۆرەکانی پۆستەوە وا دەردەکەوێ ئەم بەیاننامانە لە بەغدا و کەرکووکەوە بە پۆستە دێن بۆ سلێمانی و هەڵەبجە. بێگومان دە ئەوەندە یان بیست ئەوەندەی ئەو بەیاننامەیش کە هاتوون بۆ ئێمە، لەلایەن کەسانی دیکە و لەلایەن هۆزەکانەوە وەرگیراون بێ ئەوەی بکەونە دەستی ئێمە و، بەناو خەڵک و خێڵەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە پێمان ڕاگەیێنراوە کەوا چەند دانە لەم بەیاننامە و چەند مەزبەتەیەکیش لە ڕێگای خانەقینەوە نێردراون بۆ هەڵەبجە، هەر بۆ بڵاوکردنەوەیان بەناو خێڵەکانا.

بە پایەبڵندتان عەرز ئەکەین کەوا بڵاوبوونەوەی ئەم بەیاننامانە لە دواڕۆژا بیرو زەینی خەڵک لەکەدار ئەکا و ئەنجامێکی خراپی بۆ بەڕێوەبەرێتی ئەبێ. لەبەر ئەوە

تکای خۆم لە پایەبڵندتان دووبارە ئەکەمەوە گەورەیی بفەرموون چ کارێ بۆ نەهێشتنی هاتنی بەیاننامە بۆ ئەم لیوایە پێویستە، بەجێی بهێنین.

ئیمزا

موتەسەڕڕیفی لیوای سلێمانی

## تێکستی بەیاننامەکە

ژمارە/٣٧٥

س ٣/١

بانگی وریایی‌ی کورد(٢)

ئەی قەومی نەجیب و ئەی میللەتی کورد! لە دڵێکی گەرمەوە هاوارێکی بەکوڵتان عەرز دەکەین.

(١) خۆتان ئەزانن کە لەم عەسرەدا هەموو میللەتێک بە حورریەت وە(٣) بە سەربەستی لەژێر بەیداخی بەرزی خۆیا ئەژی، تەنها میللەتی قەدیم وە قەومی نەجیبی کورد لەژێر زنجیری ئەسارەتی ئەم و ئەوا ئەناڵێنێ. ئەمیشە یەگانە خەتای نیفاق وە عەدەمی ئیتتیفاقی ناوخۆمانە. موبالات نەفەرموونی ڕوئەسا موحتەرەمەکانی عەشایەرە غەیوورەکانمانە، وەئیللا ئەگەر بە چاوێکی دیققەت تەماشا بکرێ میللەتی کورد شەجاعەتەن، سەخاوەتەن، عیلمەن، قیدەمەن فەزڵی زۆری بەسەر دراوسێکانیا هەیە، ئەتوانین بڵێین (لە زەمانی تورکا) ڕیجالە مەشهوورە بەقیمەتەکانی حوکوومەتی تورک بەشێکی موناسیبی کورد بوون. بەڵێ بیلخاسە ئەتوانین بڵێین کە موئەسیس وە ڕاگری حوکوومەتی عێراق لە کوردەکانە. ئەمە مەعلوومە حاجەت بە ناوبردنی ناکات.

(٢) ڕێ دۆزینەوە، شوێن هەڵگرتن، تەشخیسی وەقت و زەمان، بڵاوکردنی فیکر و غایە، تەرتیبی پلان لە ڕێگەی تەعقیبی میللەت لەسەر بەشی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی (مونەووەر) میللەتە؛ تەتبیقیان موستەلزیمی قووەتە، وە قووەتی ئێمە عەشایەرە موحتەرەمەکان و پیاوە گەورە ناودارە بەقیمەتەکانمانە. ئەم دوو فیرقە هەرکامیان لە خزمەت وە لە وەزیفەی موقەددەسەیانا سستی وە تەکاسول بکەن، بەر لەعنەتی ئەخلافی بێچارە ئەکەون وە تەئریخی کورد لەعنەتی ئەکا. ئۆف... هاوار!

(٣) هەرچەن میللەتی کورد تەئریخەن لە (گورد) موشتەققە، ترس و خەوفی نییە، شەجاعەتی، زەکاوەتی فیتریی ئەم میللەتە لای هەموو موئەڕڕیخین سابیتە، بەڵام بۆ مەعلوومات ئەم قسەیەتان عەرز ئەکەین. وەزارەتی داخیلییە لە ترسی (ئەم کۆمەڵە)، بە تەئریخی ٢ی مارتی ١٩٣٠(٤) سیرڕی بۆ هەموو لیوایەکی عێراق تەعمیمی نووسیوە کە سەعی بۆ عەدەمی ئیتتیفاق و یەکێتیی ڕوئەسای عەشائیری ئێمە بکرێ، بەڵکە ئێمە هەروا عەنعەناتی میللییە، مەعاریف، سیاسەتمان پێشێل بێ، وە هەر لەژێر زنجیری ئەسارەت وە خدمەتکاریی ئەم و ئەودا بژین، ئالەتی فەعالییەتی ئەغیار بین. لەبەر ئەمە ئێوە کە قووەتمانن وریاتان ئەکەینەوە کە لە نەتیجەی کۆششی ئەم کۆمەڵەدا (١) تورک مەجبوور بوو لەسەر ڕاپۆری موفەتتیشی عومومیی کوردستانی شیمالی (ئیبراهیم تەلیع بەگ) موختارییەتی ئیدارەی کوردستانی شیمالی بدات. (٢) فەرانگسز مەجبوور بوو لەسەر ڕاپۆری(٥) لە دەیرەزوور، هیسچە(٦)، قامیشلی، سنجاردا عەشائیری کورد دابمەزرێنێ. جگە لەمە فەرنگسزەکان مەجبوور بوون بۆ ئەو کوردانە مەکتەب بە کوردی بکەنەوە. (مەعە.....)(٧) لەبەر بەعزێ پرۆپاغەندە هێشتا لە کوردستانی جونووبیدا کە سەرچاوەی کوردستانە ئەوەندە تەئیسرات نەبووە. شایانی حیرەت؛ تەعەججوب؛ تەئەسسوفە... لە نەتیجەی خزمەتی ئەم جەمعییەتەی ئێوەدا عارەبەکان مەجبوور بوون کە چەند وەزیرێک بۆ پرۆپاغەندە بەناوی ئیتتحادی کورد و عارەبەوە بنێرنە کوردستان، حەتتا جەمعییەتێک بەم ناوەوە لە سلێمانێ - کەرکووکا دامەزراوە، بە زیدد و زەرەری مەعاریفی میللی(٨)، عاداتی، عەنعەناتی کورد، حوقووق، وەزعییەتیان وەرگرتووە. هەرچەن بەعزێ لە

سافدڵانی کورد داخڵی بوون، بەڵام ئەزانین کە زەکاوەتی فیتری، غیرەتی میللی، تێگەیشتنیان ئیستیحکام و سپێرێکی بەقووەتە. بەڵام بۆ ئاگاداری عەرز ئەکرێ.

(موهیم)

(٤) لە ١٢ی نیسانی ٩٣٠ مەندووبی سامیی عێراق تەشریفی دێ بۆ مەناتیقی کوردان. ئەم گەڕانەی ڕاستە و ڕاست بۆ تێگەیشتنی ئارەزوو و موتالەباتی (کوردە). لەبەر ئەوە هەر لە ئێستاوە بۆ هەموو کوردێک بۆ داوای حەققی مەشرووعەی خۆی بە یەک دەنگ هاوارکردن لەگەڵ ڕوئەسای موحتەرەمی مەنتیقەی خۆی تەماس بکات، موشاروئیلەیهی بە کوێدا ڕائەبوورێ لەو جێگە ڕەئسەن موراجەعەت وە داوای حەققی مەشرووعەیان واجیبە، وە ئەگەر مومکینە نومایش وە موزاهەرات بنوێنرێ... (هاوارە... هاوار. کورد لە حاڵی سەکەراتدایە. ژیاندنەوە وە بە مەقسەد گەیشتنمان بەستراوە بەم هاوارەوە لە هەموو کوردێک ئەبیسترێ (وە ئەپرسرێتەوە). ئاخر نەفەسمانە. لە دواییدا پەشیمانی بێکەڵکە (هەر جارێکە. هەر ئەمجارە). هاوارە هاوار.

٢ی مارت ١٩٣٠

K.P.K. لک ش/ ١ (٩)

## پەراوێز:

(١) تێکستی ئەم نامەیە بە عەرەبی بە تایپ نووسراوە و ئێمە خۆمان وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. عەرەبییەکەیشی پڕە لە هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووس.

(٢) ئەم بەیاننامە بە کاربۆن لەسەر کاغەزێکی تەنک نووسراوەتەوە و نوسخەکەی بەردەسیشمان زۆر کاڵە و بە مەینەت ڕاست ئەکرێتەوە و قابیلی فۆتۆکردن نەبوو و دیارە نوسخەی پێنجەم یا شەشەمە. ئێمە خۆیشمان شێوە نووسینەکەیمان هێناوەتە سەر شێوەی ستانداردی ئەمڕۆمان.

(٣) هەرچی وشەی (وە) لەم بەیاننامەدا هەیە ئێمە خۆمان بە (وە)مان نووسیوە، ئەگینا لە بەیاننامەکەدا بە (و)ێک نووسراون و ئەویش ڕاستە کە (و)ێکێ تەنیا بن. بەڵام چونکە ئەو (و)وانە لە هەموو شوێنێکی بەیاننامەکەدا خراونەتە پاڵ وشەی پاشەوەیان، ئێمە وامان لێک داوەتەوە کە مەبەست (وە) بێ بە نیشانەی ئەوەدا کە لە چەند شوێنێکا لکێنراون بە وشەی پێشیانەوە، وەک لە (ئەی قەومی نەجیبو...)دا کە دیارە لەو شوێنانەدا مەبەست ئەوەیە بە (وە) نەخوێنرێتەوە و بخرێتە پاڵ وشەی پێشەوەیان. بۆیە ئێمەش لەو چەند شوێنەدا بە (و)ێکی تەنها و لەپاڵ وشەی پێشەوەیانمانان نووسین.

(٤) لەم مێژووەدا هەڵەیەک هەیە چونکە بەیاننامەکە خۆی مێژووی ٢ی مارتی ١٩٣٠ی پێوەیە، ئیتر چۆن هەر لەو ڕۆژەدا کە ئەو تەعمیمەی وەزارەتی ناوخۆ دەرچووە، گەیشتووەتە دەستی ئەم کۆمەڵە و هەر لەو ڕۆژەیشا کۆمەڵە ئەم بەیانەی دەرکرد و باسی ئەو تەعمیمەی تیا کردووە.

(٥) لەم دارشتنەوە نازانرێ ڕاپۆرتی کێ مەبەستە. دووریشە بگەڕێتەوە بۆ ئیبراهیم تەلیع بەگەکەی کە ڕاپۆرتی پێشووی لە بارەی موختارییەتی ئیدارەی کوردستانی شیمالییەووە دابوو. چونکە ئەوێ پێوەندیی بە تورکیاوە هەبوو و ئێرە بە فرانسەوە. لەبەر ئەوە لەوانەیە لێرەدا وشەیەک پەڕیبێ.

(٦) لەوانەیە مەبەست لەم وشەی (هسچە)یە (حەسەکە) بێ کە ئەکەوێتە سەر سنووری عێراق و سووریا، بە نیشانەی ناوی دەیرەزوور و قامیشلی و سنجاردا.

(٧) پاشماوەی ئەم نیمچە ڕستەیەمان بۆ ساغ نەکرایەوە. لەوە ئەچێ (مع الاسف) یا (مع التأسف) یا (مع کل الاسف) بێ.

(٨) ئەو وشانەمان وا خوێندەوە. لە بەیاننامەکەدا وا نووسراوە: (ضد و ضرری معارف، مللی).

(٩) بۆمان ساغ نەبووەوە ئەم ش/١ـە ئیشارەتە بۆ چێ؟

# ئەزموونکاری لە ئۆپێرادا

دانا ڕەئووف

## چاوەڕوانکاران

ئۆپێرایەکی یەک پەردەیی بچووکە

مۆسیقای: لارش یۆهان ڤێرلێ Lars Johan Werle

نووسینی:

ڤێرنەر ئاسپنستروێم Werner Aspenström

ئامادەکردنی تێکستەکە بۆ ئۆپێرا:

ئیڤار بێریکڤیست Iwar Bergkwist

سینۆگراف: Adele Anggard

کۆرۆگراف: Marion Vijn

ڕێژیسۆر: Lars Runsten

## ئەزموون و ئۆپێرا

ئۆپێرا ئەو جیهانە چڕ و ئەفسووناوییەیە کە چەندین سەدەیە وەک هونەرێکی تایبەتی و گەورە برەوی بە هەنگاوەکانی داوە. چەندین ئاراستە و داڕێژراوی سەرسووڕهێنەر و تێکڕای هونەرەکانی تر بنەماکانیان پێک هێناوە، ئەمە بێجگە لە مۆسیقا و تۆن و گۆرانیی ئۆپێرالی کە دەبنە یەکە سەرەکییەکانی پێکهاتەی ئۆپێرا. گەلێک لە کەڵە مۆسیقاکارە جیهانییەکان کات و ڕووبەرێکی فراوانیان لە پرۆژەکانیان بۆ نووسینی ئۆپێرا تەرخان کردووە. گەنجینەی مۆسیقا و فەرهەنگی کلاسیکی ژمارەیەکی زۆر ئۆپێرای مەزنی بۆ پاراستووین. بەرهەمەکانی ڤاگنەر و شتراوس و پیسێت و ئالبان باری و سترافینسکی و چایکۆڤسکی ساڵانە وەک نەریتێکی کلاسیکی بە هەمان شێواز و مۆسیقاوە لەسەر هەموو شانۆ جیهانییەکان بە چەندین شێوازی جیاواز دەنوێنرێن و دەنوێنرێنەوە. ئۆپێرا سنوور و داڕشتەیەکی دیاریکراوی لە خۆ گرتووە و وەک مۆرکێکی تایبەت بنەما کلاسیکییەکانیان پاراستووە.


بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا هونەری ئۆپێرا گۆڕانکاریی گەورە و جۆراوجۆری بەسەردا هاتووە و تەوژم و شێوازەکانی ڕیگی و هونەری هاوچەرخ پانتاییەکانی جیهانی ئۆپێراشیان گرتۆتەوە.

دەرهێنان و دیدی ڕێژیسۆر و بنەماکانی داڕشتەی سینۆگرافی و ڕووناکی و شێوەکاری مۆرکێکی ئەزموونکاری و مۆدێرنی بەخشیوە بە پرۆژە ئۆپرالییە نوێیەکان. بەمەش لە چەمک و سنوورە کلاسیکییەکەی ڕزگاری بووە و زیاتر لە ڕووبەرێکی تر و پانتاییەکی ئەزموونکار و جیاوازدا بەرجەستە بووە. نوێکاریی جیهانی ئۆپێرا تەنها شێواز و پراکتیزەکردنی ئەو پرۆژانەی نەگرتۆتەوە، بەڵکە ئەمڕۆ چەندان نووسەری نوێ لە نێوەندی هونەری ئۆپێرای جیهانیدا وە دەرکەوتوون. بێگومان ئەو نووسەرانە بیر و ناوەڕۆکی نوێ و تازەیان نووسیوە و کردوویانەتە یەکەم بنەماکانی پرۆژە ئۆپێرالییەکان. ئەمەش کارێکی زۆر نوێ و ئەزموونکارانەیە لە جیهانی ئۆپێرادا و چەندان نووسەر و ڕێژیسۆری جیهانی، ڕۆژانە لەسەر شانۆکانی ئەوروپا ئەزموونەکانیان دەنوێنن و پێشان دەدەن و بەردەوام بیری نوێ و شێوازی نوێ دەبێتە بوارێکی فراوان بۆ بەرجەستەکردن و ئاراستەی بنیادی ئۆپێراله نوێیەکان.

## چاوەڕوانکاران Väntarna

چاوەڕوانکاران ئۆپێرایەکی یەک پەردەیی کورتە و هەنگاوێکی گرنگە لە جیهانی نوێی ئۆپێرادا.

پاڵەوانەکانی بریتین لە چەند یارییەکی منداڵان؛ وەک بووکەشووشەیەکی کۆن و دڕاو و چڵکن (نیشانەی هەژاری)، بووکەشووشەیەکی نوێ و خاوێن (نیشانەی دەوڵەمەندی)، لەگەڵ ورچێک و تیمساحێک و کەروێشکێک و تووتییەک. ئەم کۆمەڵە یارییە لە ژوورەکەی (کاترینا)دا بڵاوکراونەتەوە. بەڵام کاترینا خۆی بوونی نییە و نابینرێ. لەوانەیە گەورە بووبێت و ئیدی پێویستی بەو بووکەشووشە و یارییانە نەمابێت و فرێی دابن و جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ لایان. ئەم یارییانەی ژوورەکەی کاترینا لە ململانێیەکی بەردەوامدان. مام ورچ دەڵێت کاترینا دەگەڕێتەوە و تەنیا



یاری لەگەڵ من دەکات. بووکەشووشەکان دەگرین و دەڵێن نەخێر ئەو ئێمەی خۆشتر دەوێت و دەگەڕێتەوە بۆ لای ئێمە و بەو شێوەیە و لەناو خۆیاندا لە نێوان ئەو چاوەڕوانییەدا یاری دەکەن، گۆرانی دەڵێن، وێنە دەکێشن و سەما دەکەن. هەندێ جاریش شەڕ لەگەڵ یەکتری دەکەن. بەڵام هەموو ساتێک لە ترسی ئەوەدان کە کاترینا نەگەڕێتەوە بۆ لایان.

نووسەری تێکستەکە، ڤێرنەر ئاسپەنسترۆم Werner Aspenström، سەبارەت بە بارودۆخی نووسینی تێکستەکەی وتوویەتی : "ڕۆژێک بەرێکەوت سەیری ژووری منداڵەکانم کرد، بینیم چەندین گورگ و مشک و پشیلەی یاری کردن لە ژوورەکەدا بڵاوکراونەتەوە، لەوە دەچوو منداڵەکانم دوای یاری پێکردن ئەو شتانەی خۆیان کۆنەکردبێتەوە و هەروا بەو شێوەیە بە جێیان هێشتبێت. لە گورگ و مشک و پشیلەکانیان ورد بوومەوە. هەندێکیان کۆن بووبوون و هەندێکیان چاوەکانی دەرهاتبوو. دوای ئەوەی هەندێ لە یارییەکانیان ورد بوومەوە ئەوەم بە بیردا هات کە هەندێ لە منداڵەکانم گەورە بوونە و پێویستیان بەو شتانە نەماوە." لێرەوە بیری نووسینی تێکستەکەی لەلا دروست دەبێت.

هەروەها نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو تێکستەی "بۆ ئەو گەورەسالانە نووسیوە کە وا هەست دەکەن هێشتا منداڵن، یان بۆ ئەو منداڵانەی کە هەست دەکەن گەورە بوونە."

بۆ بەرجەستەکردنی ئەو پرۆژەیە وەک کارێکی ئۆپێرالی و بە شێوازێکی مۆدێرن پێویستی بە تەقەلا و ماندووبوونێکی زۆر کردووە. بەتایبەتی وەک ئەزموونێکی ئۆپرالیی نوێ. گرووپی کارەکە هەوڵیان داوە لە هەموو سنوور و پانتاییە دیار و کلاسیکییەکانی جیهانی ئۆپێرادا دوور بکەونەوە و شێوە و شێوازێکی نوێ بدۆزنەوە و بە ئاراستەیەکی نوێ کار بکەن و پانتاییەکانی شانۆ لە جیهانێکی فانتازیای تایبەتدا داڕێژنەوە.

وەک لە نووسراوی پێشکەشکردنی پرۆگرامی ئۆپێراکەدا هاتووە، سەرەتا ئەکتەرەکان لە بنیادی پانتاییە دیاریکراوادا گۆرانییان وتووە و هەوڵیان داوە بزاوتی گونجاو و ئاوازی گونجاو بدۆزنەوە. گەمە بکەن و پانتایی و مەوداکان پڕبکەنەوە. ڕێژیسۆریش هەر بەو

شێوەیە هەوڵی داوە بزاوتن و پەیوەندییەکانیان لەسەر هەموو ئاستەکان ڕێک بخات و لە دیدی تایبەتی خۆیەوە بەرجەستەیان بکات.

هەر بەو شێوەیەش لارش یۆهان ڤێرلێ Lars Johan Werle کە مۆسیقای کارەکەی نووسیوە بەردەوام ئامادەی مەشقی پڕ لە کار و بنیات نان و دارِمان و سەرلەنوێ بنیات نانەوەی ئەکتەرەکان و ڕێژیسۆر بووە. لە ڕوانگەی کاری ڕاگوزاری و تەقەلای بەردەوامی ئەکتەرەکان و دیدی دەرهێنەرەوە ئەویش مۆسیقاکەی نووسیوە. هەروەها هەوڵی داوە کە کارە مۆسیقییەکەی لەسەر ئاستی مێلۆدی بنووسێت تا لەگەڵ توانا و ئاستی گەرووی هەموو ئەکتەرەکاندا بگونجێت. لەم ڕووەوە لارش یۆهان ڤێرلێ وتوویەتی: "گەروو بەشێکە لە لەش و گیان"، تەقەلای نووسەرە مۆسیقییەکە لە نێوەندی کارەکەوە ئاراستەی هەموو تۆن و ئازار و هارمۆنییەکی ئاستە مۆسیقییەکانی کردبوو، لەبەر ئەوە زۆر یەکانگیر و گونجاو بەرجەستە بووبوو، بەتایبەتی لەگەڵ تێکستەکە و دیدی ڕێژیسۆر و جووڵەی پڕ لە دەربڕین و گێڕانەوەی ئەکتەرەکان. هەر بەو شێوەیە توانیبووی هارمۆنییەکی نوێ بدۆزێتەوە. ئەمەش وای کردبوو کە هەموو توانا شێوەکارییەکان ڕێک بخات و جۆرە چێژێکی زۆر تایبەتی بە پرۆژەکە ببەخشێ.

هۆڵ و بیناسازی و جێگای دانیشتن لە ئۆپێراکاندا بە درێژایی مێژوو جێگای تێڕوانین و گرنگی پێ دانێکی بێسنووری کارمەندانی شانۆ و پادشا و دەستەڵاتداران بووە. هەر بەو شێوەیەش بینەر و جەماوەر بە پێی دابەشکردنی چینەکای کۆمەڵ و ئاستی دەستەڵات و باری ئابووری لە هۆڵە گەورەکانی ئۆپێرادا دابەش دەبوون. بەڵام تەقەلا و پرۆژە نوێخوازەکانی ئەمڕۆی هونەری ئۆپێرا لەسەر ئەم ئاستەش گۆڕانکایی بەسەردا هاتووە و هۆڵە گەورە و جوانە دێرینەکانی ئۆپێرا وە لاوە نراوە و هیچ سنوور و پێودانگێک نەماوە بۆ لە قاڵبدان و دیاریکردنی سنووری هۆڵەکان و جۆری دانیشتن. لەم پرۆژەیەدا ئەو (یاری)یانە لە هۆڵێکی گەورەی یەکپارچەیی بنیاد و پانتایی و مەودایەتی فراوانی ئاراستە و دارِشتەی نمایشەکە بڵاوبووبوونەوە و بینەرانیش وەک بەشێک لەو پانتاییە بە شێوەی نیوەبازنەیەکی گەورە دانیشتبوون و لە گەمەی ئەو یارییانە ورد بووبوونەوە. هەروەها جێگای هاتنە



ژوورەوە و چوونە دەرەوەی بینەرانیش بە نێوەندی پانتایی نمایشەکەدا دیاری کرابوو. ئەمەش هەوڵ و تەقەلایەکی نوێ و ئەزموونکارانەیە لە مەودای نمایشەکەدا دیاری کرابوو. ئەمەش هەوڵ و تەقەلایەکی نوێ و ئەزموونکارانەیە لە جیهانی ئۆپێرادا و وەرچەرخانێکی مێژوویییە لە ڕووی شێوازە کۆن و کلاسیکییەکانی ئۆپێرادا.

Dana Marouf

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە پرۆگرامی ئۆپێراکە خۆی وەرگرتووە.

# سیاسەت و دین لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆدا

دانا ڕەئووف



ئەمساڵ فێستیڤاڵی شانۆی نێونەتەوەیی لە ١٥ هەتا ٢٠ی مانگی ئاب (ئۆگوست) لە شاری تامەفۆرش لە فینلاند بە ڕێوە برا. بێجگە لە فینلاند، وڵاتانی تری سکاندیناڤی و ئەورووپای ڕۆژاوا و ئەمەریکا و ئەمەریکای لاتینی بەشدارییان کردبوو. هەروەها لە پەراوێزی فێستیڤاڵەکەدا چەندین کۆڕ و دیدار و سەمینار لەمەڕ شانۆ لەلایەن پسپۆڕ و ڕەخنەگر و هونەرمەندانی شانۆوە سەبارەت بە گیروگرفت و بوارە جۆراوجۆرەکانی شانۆ پێشکەش کرا.


ئێوارەی ١٥ی ئاب شانۆگەرییەکی مارکێتا کیمبرێڵ Marketa Kimbrell پێشکەش کرا کە لەسەر بناغەی ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤ بنیات نرابوو. شانۆگەرییەکە تێکەڵاوییەکی فرەلایەنە بوو لە سیاسەت و گیروگرفتە گرنگەکانی دنیا؛ بۆ نموونە شەڕی ڤێتنام و مەسەلەی ڕەشپێستەکان و بایەخی نەوت و بەکارهێنانی وەک چەکێک لە بواری پێوەندییە ئاڵۆزەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی عەرەبدا، و ئەمجاریش لەوێوە شەڕی عیراق و ئێران و دواتریش شەڕی دووەمی کەنداو. دەرهێنەر بەرهەمەکەی خۆی لە باغچەیەکی فراوان و کراوەدا پێشکەش کرد. بۆ ڕوونکردنەوەی وێنە و سەردەمە جیاوازەکان چەندین وێنەی شانۆیی بە کار هێنرابوون. ئەکتەرەکان لەو بۆشاییە فراوانەدا و بە بەرچاوی بینەرانەوە دیمەنەکانیان دەگۆڕی و وێنەی جوان جوانیان دەکردە پاشخانی بەرهەمەکە. شایانی ئاماژە پێ کردنە کە دەرهێنەر بە کەرەسەیەکی کەم و بەکارهێنانێکی ژیرانەی سینۆگراف توانیبووی مێژوویەکی درێژ بخاتە سەر تەختەی شانۆ.

لە زانستگەی تامەفۆرش، گرۆی یورکای شاری هێلسینکی پایەتەخت شانۆنامەی "لە سەربانی جیهان"ی پێشکەش کرد کە کاری هوکلە نووسیبووی و ئاترۆ کاهیلووتۆ دەرهێنەری بوو. شانۆنامەکە باسی ئەوەی دەکرد چۆن چین ساڵی ١٩٥٩ وڵاتی (تیبت)ی داگیر کرد. هەروەها خەباتی گەلی تیبت بۆ پاراستنی فەرهەنگ و داب و نەریتی نەتەوایەتیی خۆیان و بۆ بەرگری لە ئایینی

خۆیان، بوودیزم، بەرانبەر هێرشی داگیرکارانەی کۆمونیستەکانی چین گەوهەری بەرهەمەکە بوو. هاوکێشەیەکی گرنگی ئەم شانۆنامەیە کێشە، یا پێوەندیی نێوان سیاسەت و دین بوو، کە لە زۆر لایەنەوە خرابووە ڕوو.

گرۆی لا کاندێلاریا La Candelaria ی کۆلۆمبیایی شانۆگەریی "لەسەر سنوور"یان پێشکەش کرد، کە لەسەر ڕۆمانی "مێژووی پەتایەکی پێشبینیکراو" ی گابریێل گارسیا مارکێز بنیات نرابوو. لەم شانۆگەرییەدا ژیانی منداڵانی بێکەس و بێدەرەتان هێنرابووە سەر تەختە و خرابووە پێش بینەران. گرۆیەکە بە هۆی تێکەڵاوییەوە لەگەڵ ئەو منداڵانەدا لە ئازار و ژان و دەردیان گەیشتوون. هەر خۆیان کۆمەڵێکی شانۆیان دروست کردووە و کەوتوونەتە کار، بەڵام هەمیشە ترسی پیاوانی خوێنمژی مافیایان لە دڵدا بووە. ترسەکەش ئاخری دێتە دی و مافیای مرۆکوژ و خوێنرێژ لە ناویان دەبەن. ئەم شانۆگەرییە بە ڕای زۆربەی ڕەخنەگران باشترین بەرهەمی فێستیڤاڵەکە بوو.

گرۆیەکی دیکەی هێلسینکیی پایتەختی فینلاند شانۆنامەی "هاملێت"ی ویلیام شەکسپیریان پێشکەش کرد کە ئێریک سوێدەربلووم Erik Söderblom دەرهێنەری بوو. لەم بەرهەمەدا چ هاملێت و چ پادشا لە ڕوانگەیەکی تازە و هاوچەرخەوە تەماشا کرابوون. سەرەڕای شێوازی تایبەتی سینۆگرافی، لەم کارەدا دوو ئۆرکێستری مۆسیقای جاز و ئامێری دیکەش لە هەردوو سەری بەر شانۆکە دانرابوون و بە ئاوازی جوان و لە پلەی جیاوازدا دەبوونە مەودایەکی تازە لە ڕووداو و



لایەنی هونەریی کارەکەیان قووڵتر دەکردەوە.

لەم فێستیڤاڵەدا دین و سیاسەت دوو بابەتی هەرە گرنگی زۆربەی بەرهەمەکان بوون. داگیرکردنی وڵاتان و ژێردەستەکردنی گەلانی بچووک و تاڵان کردنی خێر و بێریان، لە پاڵ ئەوەشدا هەردوو لایەنی سیاسەت و دین و ڕۆڵیان لە هێشتنەوە و بەردەوام بوونی داگیر و کۆڵۆنی کردن یا بەرهەڵستی و خۆ ڕزگارکردندا دەبوونە چەمکی زاڵی کارەکان. سەماش لایەنێکی دیکەی گرنگی بەرهەمەکان بوو، کە زۆر جار دەبووە تەواوکەری ئەو چەمک و بیرەی قسە و وشە بە تەنیا نەیدەتوانی بیڵێ.

شانۆی شەقام لەم فێستیڤاڵەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. بێجگە لە چەندان گرۆی فینلاندی کە بێ پسانەوە بە کۆڵان و شەقامەکانی شارەکەدا لە هاتوچۆدا بوون و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵ دەبوون، ئەمستردام بە دوو شانۆگەری و ئینگلستان بە سێ شانۆگەری لە چالاکیی ناو شەقامدا بەشدار بوون. هەروەها ئەمریکاش لە باغچەیەکی گەورە و فراواندا بەرهەمی خۆیان پێشکەش کرد.

دانا ڕەئووف Dana Marouf

بەکر ییڵدز

# ڕەشۆئاغا

کوردۆ عەلی
لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی

ڕەشۆئاغا بە قامچییە چەرمە چکۆلەکەی دەستی، تەقەی لە چەکمەکانی هەستاند و چووە ماڵەوە. وەجاخزادەیەکی کۆنە، خەڵکی دەڵێن لە باب و باپیرەوە، دە، بیست پشتە هەر ئاغا بوون. لەگەڵ گەیشتە ژوورەکە، هەر سێ ژنەکەی وەک کێچ ڕاپەڕین و لەبەردەمیدا چەمانەوە، هەڵپە و پێشبڕکێی ئەوەیان بوو چەکمەکانی لە پێ داکەنن. وەلێ بەخت تەنها یاری گوڵوی چاوسەوزی، کەزی ڕەشی، کەفەڵپان بوو، ئاغا چەکمەکانی بۆ ئەو ڕاگرت. گوڵو هێجگار بەختەوەر بوو بەوەی کە هەلی داکەندنی چەکمەکانی ئاغا بۆ ئەو هەڵکەوت، چونکە ئەوەی ئەو دەرووەی لێ کراباوە، ئەوا بۆی هەبوو شەو بچێتە باخەڵی ئاغاوە. سا ئەو شەوە ڕەشۆئاغا، گوڵوی لە ئامێز گرت.

لە کەناری حەوشە گەورەکەدا تەویلەیەک بوو، هەشت نۆ گوێدرێژ و شەش هەسپ و شەش وشتری تێدا بوو. مەیتەرێک سەرەوکاریی ئەو ولاخانەی دەکرد و هەر لەوێش لەکن ئەوان دەخەوت. شەو درەنگانێک لە لووشکەلووشکێک وە خەبەر هات، گوێدرێژێک خەریکی بۆنکردنی گوێدرێژێکی دیکە بوو.

مەیتەرەکە وە دەنگ هات: "هۆۆۆش کەرە، بەو شەوەکییە کاتی وەی نییە." ئیدی خەوی زڕا، لە تەویلەکە دەرپەڕی و چووە حەوشە.

کیژەکەی ڕەشۆئاغا هێشتا نەخەوتبوو. تیشکێکی کز لە ژوورکەیەوە، دڕی بە تاریکاییی ئەو شەوەزەنگە دەدا. ئەوی ڕاستی بێت مەیتەرکە بە نیاز نەبوو سەر بە ژوورەکەیدا شۆڕ کاتەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ناشێت، کیژی ئاغامە." وەلێ ڕووناکییەکە بۆ تێڕوانینی بە کێشی کرد.

لەپڕێکدا دیتی وا کیژی ئاغا خۆی دادەکەنێت. قیژاندی "ئۆف خودا هاوار" و بەرەو تەویلەکە تێی تەقاندەوە. دیتی وا دوو گوێدرێژەکەش خەریکن. ئارەزووی بزوا. لەناکاو بەرەو ئەو ژوورە غاری دا کە ڕووناکییە کەمەکەی لێ دەبریسکایەوە. هەناسەی وا سوار بووبوو، گەر بە دەم هەناسەی نەدابا، لەو جۆش و خرۆشەدا پەکی دەکەوت.

کیژی ئاغا خەونی دەدیت، خەون بە پیاوێکەوە کە قامکی لەسەر لێوی گەرمی دەنا و بە دەستێکیش مەمکۆڵەکانی هەڵدەگوشی. بیری لە پیاوێک دەکردەوە لەو چیایە، پیاوێک لەنێو هەوراندا، پیاوێکی بۆشناخی، کەڵەگەتی، قۆزی زرنگ، زۆرزانێک، خانەدانێک، پیاوێک کە بتوانێت دیوارەکانی بابی بۆ بقەڵەشێنێت.

ئا لەو دەمەدا مەیتەر وە ژوور کەوت. کاتێک کیژە دیتی ئەو پیاوەی وا لە هەورەوە دابادی، مەیتەرەکەیانە، ئیدی زمانی بەسترا. ترسێکی بێئەندازەی لێ نیشت. مەیتەرەکە هەلی لە دەست نەدا، دەمی کیژەی گرت، بەرەو تەویلەکە بە کێشی کرد، لە پشتی هەسپێکی نا و تاریکەشەوە لە ئاوزەنگی دا.

ڕۆژ بووەوە، ڕەشۆئاغا هێشتا شەکەت و ماندوو لەپاڵ گوڵودا ڕاکشابوو، ژنە گەورەکەی دەرگای کوتا و قیژاندی: "ئاغا، هەی چارەڕەش خۆمان، زووکە ڕابە، کیژەکەت ڕەدوو کەوتووە."

ئاغا لێفەی فڕێ دا و لە پێخەف دەرپەڕی.

"بەدبەخت چت گوت؟ خۆ تۆقاندمت."

"وەرە بنوارە، کیژەکەت هەڵگیراوە."

پێکرا بەرەو ژووری کچە غاریان دا، جلکەکانی هەروا لەوێ کەوتبوون.

"کوا کیژەکەم؟"

خوڵامێکی گوتی: "مەیتەرەکە بێ سەر و شوێنە و هەسپێکیش دیار نییە."



بەکر ییڵدز، ساڵی ۱۹۳۳ لە ڕوحا(ئورفە) لە دایک بووە. ئەنیستیتوتی هونەری تەواو کردووە و پاشان لە ئەستەمووڵ چاپگەریی خوێندووە. ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئەڵمانیا کرێکاریی کردووە. ساڵی ۱۹٦٦ یەکەمین ڕۆمانی، *تورک لە ئەڵمانیا*، بڵاوکرایەوە. لەوەو دواش بە دووی یەکدا ئەم بەرهەمانەی بڵاوبوونەوە: *ڕەشۆ ئاغا* (۱۹٦۸)، *واگۆنی ڕەش* (۱۹٦۹)، *شاهانی قاچاخچی* (۱۹۷۰)، *بێکەسان* (۱۹۷۱)، *شەریکەی ژن خواستن* (۱۹۷۲)، *گۆرانیی سپی* (۱۹۷۳)، *لە دنیادا سوارێک تێپەڕ بوو* (۱۹۷۵)، *نانی ئەڵمانی* (۱۹۷٤) و *حەڕان* (۱۹۷۲).

ئەم کورتەچیرۆکە، لە کتێبی: "Geographie der Unterdrückten" وەرگیراوە، کە بەرهەمی کۆمەڵەنووسەرێکە لەسەر کورد، کوردناسی شارەزا و کارامەی دۆستی کورد "Jürgen Roth" کۆی کردۆتەوە و ساڵی ۱۹۷۸ دەزگای چاپەمەنی "rororo" چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.

ڕەشۆئاغا ڕەنگی پەڕی، زەرد زەرد بوو. بەتوورەیییەوە نەڕاندی: "خۆیەتی، ئەوە دوژمنەکەمە."، "ئاخ تاقە کچەکەم، خۆ مەیتەرەکەم لە پیسایی زارۆکانم بێنرختر بوو." "دێڵێ، ون بە لە پێش چاوانم، دیارە شیری پاکت بە کیژەکەم نەداوە، هەی دەغەزار." زینۆی دایکی کچە لەبەرخۆیەوە گوتی: "ئاغام، جا تاوانی من چییە؟ بە خودای من ئاگام لە هیچ نییە. دە بۆ خۆت ڕابە هەسپەکەت بێنە و دووی کەوە و پەیدای کەوە."

ڕەشۆئاغا شەپێکی لە زینۆ سرەواند، جڵەوی هەسپەکەی گرت و نەڕاندی: "تا دەگەڕێمەوە دەبێت گشت دەرگاکان خڕ داخرێن. هەتا مەلی مەلئاساییش کە بێرەدا دەفرن، نابێت بەم ئابڕووچوونە بزانن."

بە شەقامە گەورەکەدا چووە خوارێ و ئەوجا بە پووشەلانەکەدا لە غاری دا. گشت دەرگاکان بە دوای ئەودا سەرکلۆم کران، پەنجەرەکان داخران. ڕەشۆئاغا بە دڵێکی پڕ لە کینە و لە خەم کەیلەوە گەیشتە گوندەکەی. بەر لەوەی بگاتە گۆڕەپانی گوند، هەسپەکەی ڕاگرت و دابەزی. دەمی هەسپە کەفی دەچەڕاند. ڕەشۆئاغا ڕوانییە حەوشەی ماڵێک، دیتی ئاوەڵکراسێک بە تەنافێکەوە هەڵخراوە. پێی وابوو ئەم دەبێت پەڵە و لەکەی گشت شەرم و شوورەیییەکی سەر زەوی بسڕێتەوە. هەڵمەتی برد و بە پێلەقە لە دەرگای ماڵە بەربوو.

ژنێک لەژوورەوە ڕۆنیشتبوو. هاواری کرد: "ئەوە کێیە؟"

ڕەشۆئاغا شێتگیرانە نەڕاندی: "ئا کچێ بیکەوە، منم، ئاغاتم."

دەرگا کرایەوە.

"فەرموو ئاغام."

"ئەوە لە کەنگێوە مسکێنی من بوونەتە سۆزانی؟"

"قوربان لەڕێی خودادا، چۆن فەرمایشتی ئاوها دەفەرموون؟"

"ئەوە چ سۆزانییەک ئا ئەو دەرپێیەی هەڵواسیوە؟ کێ لەم گوندانەمدا وا بێچاووڕوو بووە، بوێرێت دەرپێی بە داردا بکات؟"

ژنە ترس دایگرت، بەپەلە ڕای کرد ئاوەڵکراسی لە تەناف کردەوە. ئا لەو دەمەدا، ڕەشۆئاغا لوولەی تفەنگەکەی تێکرد، قامکی لە پەلەپیتکە گیرکرد و تەقاندی. بە یەکەم گوللە ژنە هێشتا هەر بە پێوە بوو، پاش دووهەم گوللە بە لادا هات و کەوت، ئاوەڵکراسەکەی هەر بە دەستەوە بوو. ئاغا هەر ئاوڕیشی لێ نەدایەوە، بەرەو ماڵێکی دی ملی نا. تەقەکان دڵەخورپەیان بە وەرزێرەکان خست، بەرەو گۆڕەپانی گوند غاریان دەدا و دەیانپرسی چ قەوماوە.

ڕەشۆئاغا لەبەردەم ماڵێکدا ڕاوەستا و شیڕاندی: "هۆ هۆ هەنچەرلی سیغۆ... هەنچەرلی سیغۆ."

پاش قەدەرێک کابرایەکی دەموچاوپانی، سمێڵبابڕی، کەپەنک بە شان هات: "بەڵێ قوربان، ئاغام."

"خێرابە، گشت پیاوەکان کۆوەکە، دەچینە ئەشکەفتی خوێن."

"فەرمووودەی ئاغامە، قوربان."

"خێرا... بۆ ئەشکەفتی خوێن."

"بۆ ئەشکەفتی خوێن."

ڕەشۆئاغا خۆی هەڵدایە سەر هەسپەکەی و بەرەو ئەشکەفتی خوێن لە غاری دا. هەنچەرلی سیغۆ بەپەلە گشت پیاوەکانی کۆوە کرد.

ئەشکەفتی خوێن لە ترۆپکی شاخەکە، لەپاڵ دەربەندە گچکەدا بوو. ڕەشۆئاغا چووە ئەشکەفتەکەوە. پاش قەدەرێک هەنچەرلی سیغۆ و هەشت پیاو گەیشتن.

"سەلامونعەلەیکوم."

ڕەشۆئاغا بێ ئەوەی وەرامی سڵاوەکەیان بداتەوە، گوتی: "هەنچەرلی سیغۆ، چاک گوێ ڕاهێڵە بزانە چ دەڵێم، بەر لە هەر شتێک هێندە بزانە کە ئەوڕۆ ڕەشترین ڕۆژی ژیانمە. گشت پیاوەکان دەنێریت، هەموو ڕێگەکانی ئەم کێوانە دەبەستن. دەبێت گەر لە بنی عەردی بووە، مەیتەرەکەم و کچەکەمم بۆ پەیدا کەنەوە. هەر دۆزیتاننەوە دەستبەجێ مەیتەرەکەم دەکوژن. بەڵام کچەکەمم بەزیندوویی دەوێتەوە. من دەچمە شار. ئیدی نابێت کەس بەو بەزمەی بزانێت. دنیات لێ دەکەمە چەرمی چۆلەکە، هەتا کیژەکەمم بۆ پەیدا دەکەیەوە. دەی

خێرا کەن... دەبێت ئەوەش بزانن من لەم ئەشکەفتەدا نهێنییەکم لاتان درکاندووە، ئیدی ئێوە لەم دەقیقەیەوە هەموو شت دەبیستن، بەڵام هیچ نادرکێنن. چاوەکانتان دەکەنە بروسکە و دنیام بۆ ژێرەوژوور دەکەن.

هەنچەرلی سیغۆ لە ئاغای فێگرتووی چارەڕەشی چووە پێش:

"قوربان، ئاغام، لەسەرەخۆ، دڵنیا بە شەرەفی جەنابتان، شەرەفی ئێمەشە. خاترجەم بە هەر پەیدایان دەکەین، لە شارەمێروولەشدا خۆیان حەشار دابێت، وە بنی زەریاش کەوتبن، وە گیریان هەر دێنین، ئەرێ وەڵڵا."

ڕەشۆئاغا گوتی: "ئادەی، ئیدی خوێنم لێتان دەوێت."

گوتەکانی ئاغا سامناک بوون.

ڕۆژێک ڕابوورد، حەوتوویەک و مانگێکیش. مەیتەر و کچە نەدۆزرانەوە، نە بەزیندوویی، نە بەمردوویی.

ڕەشۆئاغا و گشت خزم و خوێشانی لە ماتەمدا بوون. پیاوانیان لە ماڵ وەدەر نەدەکەوتن، نە دەچوونە چایخانە، نە هیچ جێیەکی دی. ڕدێنیان بەردابووەوە و سەریان شۆڕ کردبووەوە. ژنانیشیان نە بۆ گەرماو دەچوون، نە سەردانی دەر و دراوسێیان دەکرد. لە گوندەکەدا باس هەر باسی ئەو شەرمەزارییە بوو:

"کیژی ڕەشۆئاغا ڕەدوو کەوت."

"کیژی ڕەشۆئاغا دەغا بوو."

"کیژی ڕەشۆئاغا لەکەی شەرمی بە خۆدا سوو."

"کیژی ڕەشۆئاغا بووە سۆزانی، سۆزانییەکی وا، دەرپێکەی بە شانیدا دا."

"ڕەشۆئاغا چۆن ئاغایەکە، کە جگەرگۆشەی خۆی، شەرەفی خۆی پێ نەپارێزرێت."

ڕەشۆئاغا چیدی بۆ هیچ کوێ نەدەچوو، دەگەڵ کەس نەدەدوا. دەیزانی چیی پێ دەڵێن. کە کیژ هەڵگیرا، مەسەلەکە جوداوازیی نییە، لەم گوندە بێت، یاخود لە ئورفە، یا لە سیڤەرەک، چوون یەکە. سەرشۆڕیی لەوە سەرشۆڕیی تر نییە. چ چارەش نییە لە چاوەڕوانی زێتر. چاوەڕوانی تا پەیدا دەکرێتەوە، دەنا چارەی دی نییە.

پیاوی کیژهەڵگیراو کەس لە کووچە و بازاڕاندا سڵاوی لێ ناکات، کە دەچێتە چایخانە، هەرچی لەوێن دەستبەجێ هەڵدەستن، بۆی چۆڵ دەکەن و دەڕۆن. کەواتە ڕەدووکەوتن پەتایەکی کۆمەڵایەتیی پیسە.

ڕەشۆئاغاش هەمان دەردی لێ ڕوودا. ئەوەی بە تەنگ شەرەفی خۆیەوە بوو، وەک پشیلەیەکی مێملێ شێتی لە ڕەشۆئاغا دەڕوانی.

خەریک بوو دوو مانگ تێدەپەڕی، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو، خۆر چیدی چاوی بە مرۆڤ نەدەقووچاند. ڕەشۆئاغا لە حەوشەکەدا چوارمشقی لەسەر کلیمێک ڕۆنیشتبوو. زینۆی دایکی کچەی هەڵگیراویش لەپاڵ دەرگاکەدا دانیشتبوو. بۆ دووردووری دەڕوانی. لەناکاو لە دەرگا درا. هەنچەرلی سیغۆ وە ژوور کەوت، بۆ لای ڕەشۆئاغا ڕای کرد و بە گوێیدا چرپاند: "کیژەکەت وا لەبەر دەرگایە."

ڕەشۆئاغا لەجێی خۆی ڕاپەڕی:

"ئاوها... ئەی مەیتەرەکە؟!

"بە گولله بێژامان."

ڕەشۆئاغا وەرچەرخا، گوتی: "بیهێننە ماڵ، بیبەنە گەنجینەکە."

کیژەکە چارشێوێکی بەردابووەوە، هاتە حەوشە، بەملا و ئەولایدا ڕوانی و سەرنجێکی دایکی دا کە لە پشتی دەرگاکەوە دانیشتبوو. بەڵام دایکی نە بەپیریەوە چوو، نە بانگی کرد: "هۆ کچەکەم."

باشە تاوانی کچە چییە؟ مەیتەرێک لە نیوەشەوێکدا وەپێشی داوە، لە ڕێگەش ترسێکی وا دایگرتووە، کە نەیوێراوە لاقەی بکات.

زینۆی دایکی چوو، دەستی گرت و بردییە گەنجینەکە. پاش ئەو هەموو ماوەیە، ئیدی وا یەکەمین جارە لە ماڵی بابی دەخەوێت. بەڵام گشتیان لە حاندی سارد و بێ هەست و سۆز و بەزەیین.

سبەی ماڵەکە لە جۆش و خرۆشاندا بوو. هەواڵ دەهات و هەواڵ دەچوو. هەوا گەرمی کردبوو. ئا لەو دەمەدا دایکی هاتە لای. هێندە گریا بوو، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون. گەر وێرابای پڕ بە گەرووی گریابا،

ئازارەکە هێند پڕسوێ نەدەبوو. ئاهێکی ساردی لەنێوان ئاگری خۆشەویستیی کچەکەی و پشکۆی داب و نەریتدا هەڵکێشا. ئەوجا تێر ڕوانییە چاوەکانی. بۆ خۆیشی وەختێک پازدەساڵان نەبوو؟ جێپەنجەی ترس و ساوایی بە ڕووخسارییەوە دیار بوون، وەلێ نیشانەی ترس زاڵتر بوو.

گوتی: "چ پرسیارت لێ ناکەم، چارە نییە، چارەنووسێکی هێجگار تاڵە و دەبێت بینۆشیت. بابت دەتباتە نێو ڕەزەکان."

کچە توند توند دایکی لە ئامێز گرت، گوتی: "خەم ناکات، خەم ناکات، خۆ من نە ڕەدووکەوتووم و نە هیچ بێئابڕوویی‌یەکیشم کردووە. نیشانەم پێیە. تەواوی ئەو ماوەیەش، هەر وەکی خوشک و برا بووین، بۆ خۆمان بەسواری دەسووڕاینەوە."

زینۆی دایکی ویستی خۆی لە دەستی ڕاپسکێنێت، بەڵام کێژۆڵەکەی لە ترسی تارمایی‌ی مردن، باسکی هێند توند تێ ئاڵاندبوو، کە هەستی خۆشەویستی هەژاندی و بەو دەستانەی تامەزرۆی تێهەڵسوونی بوون، تێر تێری بەسەر دڵیەوە نووساند. ئەوجا پڕ بە گەرووی لە گابۆڕی دا، پرمەی گریانی لە ژوور و خانووەوە سەری کرد و تەواوی گوندی ڕاچڵەکاند.

ڕەشۆئاغا پاش ئەو چەند مانگە، بۆ یەکەمین جار لە ماڵ وە دەرکەوت، وەلێ تەنها نەبوو، کچەکەی لەتەکدا بوو. قیت سواری ئەسپەکەی بووبوو، هەروەک ژەنەراڵێک کە تازە بەسەرکەوتوویی لە جەنگێک گەڕابێتەوە، کیژەش لەشەرمدا سەری نەوی کردبوو. شەرمەکەی ئەم و سەرکەوتنەکەی ڕەشۆئاغای نێودار، هەر یەک بوون. گوندەکەیان جێهێشت، بە ڕێگەیەکی چۆڵ و هۆڵدا، بە کەنار چەندین ڕەز و باخدا تێپەڕین، ئەوجا گەیشتنە ڕەزەکانی خۆیان.

ئای لەو دەمەی کیژە هێشتا منداڵ بوو، گەلەک جار ئا لێرە یاریی دەکرد و بە دەستە لەرزۆکەکانی ترێی دەڕنی و دەیخوارد.

لە کەناری ڕەزەکەدا شەش پیاو وەستابوون، ئەوانە بەوەجترین پیاوی هۆز و خانەوادەکەی بوون. گۆڕێکیان ئامادە کردبوو. ڕەشۆئاغا لەسەرەخۆ لە ئەسپەکەی دابەزی. هەموو سەریان بۆ چەماندەوە. گشت لە گشتیان ئامادەی گۆڕکردنی قوربانییەک بوون، تا خۆیان بە سەروەری بژین.

ڕەشۆئاغا کیژەکەی بەرەو گۆڕەکە ڕاپێچ کرد، کچە کەمەک خۆی ڕاپسکاند، بەڵام هەستی کرد ناتوانێت لە دەست ئەو هەمووە هەڵبێت و هیچی پێ ناکرێت، ئیدی بەناچاری ملی دا و هیچی نەگوت.

لە پەنا گوێیدا دەمانچەیەک تەقی، کچە دەمودەست بە لادا هات. کەسێک ئەو خوێنەی نەدیت کە بە جلکی ئەو ساوایەدا فیچقەی کرد. هەر کە خۆڵی بەسەردا کرا، خێرا چاپووکترین سوار لە ئاوزەنگیی دا. ئەسپەکەی لەبەردەم ماڵی ڕەشۆئاغادا ڕاگرت. ئەوە مامی کیژە بوو. دەرگا کرایەوە، پیاوە چووە حەوشە و ئەو مژدە خۆشەی ڕاگەیاند: "کار تەواو بوو. هەموو شت بڕایەوە. خودا لێی خۆش بێت."

لەناکاو هاوار و غەڵبەغەڵبێک هاتە گوێی، ئەوە دەنگی زینۆ بوو، دایکی کچە خۆی بۆ ئەرکی نوێ ئامادە دەکرد. بۆ گەرماو دەچوو تا سەری لە خەنە بگرێت، چونکە شەرەفیان کردرایەوە.

# لەتیف هەڵمەت:

## لە ساڵی دووهەزاردا "تەبایی و ململانێی نێوان هاووڵاتییە ئەلەکترۆنییەکانی کۆمارەکەم" چاپ دەکەم

ئامادەکردنی: صەلاح شاکەلی

*پ: ماوەیەکە شیعر بڵاو ناکەیتەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، ئایا خۆت خەریکی شیعرنووسین نییت یا ناتەوێ بڵاویان بکەیتەوە؟*

و: ڕاستە، ماوەیەکە شیعری نوێم بڵاوناکەمەوە، چونکە بڕیارم داوە شیعری دوای ساڵی ١٩٩٢، پێش ساڵی ٢٠٠٠ نەخەمە بەرچاو. لەم ماوەیەدا کۆمەڵە شیعرێکم بە ناونیشانی (گورگەکانی *لەتیف هەڵمەت*) بە چاپ گەیاندووە، بریتییە لەو شیعرانەی کە لە نێوان ساڵانی کۆتایی‌ی هەشتاکان تا کۆتایی‌ی ١٩٩٢ نووسیومن. ڕەنگە هەر لەم ماوەیەدا کۆمەڵێ دووان شیعر و چیرۆکی بابەتی منداڵان بە چاپ بگەیەنم ... و پشت بە خوا لە ساڵی دووهەزاردا (*تەبایی و ململانێی نێوان هاووڵاتییە* ئەلەکترۆنییەکانی کۆماری *لەتیف هەڵمەت*) لە چاپ دەدەم، کە بریتییە لە شیعرێکی درێژ و بە کارێکی شیعریی گەورەی خۆمی لە قەڵەم دەدەم و وەکوو فۆرم و ناوەڕۆک شتێکی نوێ دەبێ لە ئەتڵەسی شیعری کوردیدا، جگە لەوەش من جارجار بە عەرەبی هەندێ بابەت بڵاودەکەمەوە کە شیعرن.

*پ: شیعر لە کوردستانی عیراقدا چۆن بەراورد ئەکەیت، ئێستای لەگەڵ قۆناغەکانی پێش ڕاپەڕیندا،لە ڕووی ناوەڕۆک و تەکنیکیشەوە ؟*

و: بەراوردکردنی شیعری کوردی لە کوردستانی عیراقدا (قۆناغەکانی پێش ڕاپەڕین لەگەڵ قۆناغەکانی دوای ڕاپەڕین) کارێکی ئاسان نییە و ناتوانم بە ڕایەکی سەرپێی‌ی یەکالای بکەمەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم شیعری کوردیی ساڵانی حەفتاکان تاوەکوو ناوەندی هەشتاکان لە ترۆپکدایە و لەو ماوەیەدا شیعر و شاعیری مەزن هاتوونەتە کایەوە. ئەو ماوەیە لاپەڕەیەکی زێڕینە لە نەخشەی شیعری کوردیدا و لە دوای ڕاپەڕینیش زۆربەی دەنگەکانی ئەو ماوەیە بە گوڕ و تاوی زیاترەوە لە بوارەکاندان و داهێنانی تایبەتی و دیار و بەرچاوەی خۆیان هەیە و لەگەڵ ئەوانیشدا کۆمەڵێ شاعیری لاو پەیدا بوون و هەندێکیان بەهرەدار و داهێنەرن و هەندێکیشیان کونەی فوودراون، بە نووکەدەرزییەک بایان تێدا نامێنێ ... جگە لەوە ڕاپەڕین مەرج نییە شاعیری گەورە دروست بکات. لەوانەیە پەنجا ڕاپەڕین شاعیرێکی ڕەسەن و گەورە دروست نەکەن و بە پێچەوانەوە دەشێ نسکۆیەک پەنجا شاعیری بەهرەدار و دەیان شاعیری گەورە دروست بکات. هەرچۆنێ بێ کاروانی زێڕینی شیعری کوردی هەر بەردەوامە، بەڵام تا ئێستاش شاعیرانی حەفتاکان و هەشتاکان سەرقافڵەچیی کاروانەکەن ... دەشێت لەپڕ بەهرەیەکی مەزنی نوێ بێتە ئاراوە بەڵام تا ئێستا ئەو بەهرە ڕچەشکێنە دیار نییە ... لەوانەیە پەنجا یا سەد ساڵی دیکە دەرکەوێ ... دەبێ ئەوەش بڵێم لافلێدەری داهێنان زۆرن، بەڵام نە خۆیان و تەنانەت نە هیچ حیزبێکیش ناتوانێ ئەو لافانەیان بەرجەستە بکات و لە خەوەوە بیکات بە حەقیقەت.

*پ: ئەو شاعیرە لاوانەی پاش ئێوە دەستیان دایە*


*شیعرنووسین چۆنیان ئەبینیت؟*

و: لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا تا ڕادەیەک وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە و سەرباری ئەو قسانەم دەڵێم ڕچەشکێن و ڕچەشکاندن هەلومەرجی تایبەتی خۆیان هەیە ... ئێستا شاعیری لاوی بەهرەدار هەن، بەڵام من چ بڵێم ڕچەشکێن نین، داهێنەری ڕەسەن نین ... من شیعرخوێنێکی باشم، باوەڕ بکە هەتا ئێستا شیعری هیچ یەکێک لە شاعیرە لاوەکانم نەخوێندۆتەوە ئەوەندە جوان بێ بڵێم خۆزگە ئەم شیعرە شیعری من بووایە. من وا هەست دەکەم زۆربەی ئەم لاوانە لە نووسیندا پەلە دەکەن و زۆر دەنووسن و کەم دەخوێننەوە. هەندێکیشیان لاسایی لەسەدا سەدی شیعری هەندێ شاعیری ئەوروپی یان فارسی و ڕووسی دەکەنەوە. یاخود بە شێواوی دەیکەن بە کوردی و ناوی خۆیانی لەسەر دەنووسن. زۆرن ئەوانەی شیعری لەم جۆرەیان هەیە و پۆزی پێوە لێ دەدەن و گەوەزەیی پێوە دەکەن. شتێکی دیکەش هەیە، هەر مێینەیەک دەست بداتە قەڵەم و شیعرێک بنووسێ ئیتر بە (قودرەتی قادر) دەبێ بە داهێنەر و نازناوی گەورە گەورەی خەڵات دەکرێ. لەم بابەتە شاعیرانەش ئێستا زۆرن.

ئاخ، داهێنەری نوێی ڕچەشکێن تۆ لە کوێی؟! بۆ لە دایک نابی؟ ئاخ، شێخ ڕەزا تۆ لە کوێی خەنجەری دەبانی زمانت لەم سەردەمە پڕ لە فیشاڵە زاخاو دەی؟

*پ: شیعر بە تایبەتی و فەرهەنگی کوردی بە گشتی لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا لە چ ئاستێکدایە، بە پێی ئاگاداریتان؟*

و: بە ڕای من شیعری کوردی لە کوردستانی عیراقدا لە شیعری هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان پێشکەوتووترە و شیعری کوردیی کوردستانی عیراق بە گشتی لە ئاستێکی جیهانیدایە ... لە کوردستانی ئێراندا لە دوای شاعیری گەورەی خوالێخۆشبوو هێمن



شاعیرێکی تر لە ئاستی ئەو یا ڕچەشکێن نەهاتۆتە مەیدانەوە.

لە کوردستانی تورکیا لە ئەحمەد عارفدا وەستاوە و ئەحمەد عارف لە شاعیرانی پەنجاکانی کوردستانی عیراق جیا ناکرێتەوە، چ وەک شێوە و چ وەک ناوەڕۆک. لە کوردستانی سووریادا، دوای جگەرخوێن و قەدریجان ڕەوتی شیعری کوردی وەستاوە و ئەو شاعیرە کوردانەش کە بە کوردی دەنووسن هەر پاشکۆی شیعری عەرەبین و ڕەنگوڕووی کوردەوارییان نییە. ئەگەر شیعری کوردستانی عیراق و فەرهەنگی کوردی لە کوردستانی عیراقدا لە شیعر و فەرهەنگی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەهێزتر و گەشتر و پێشکەوتووتر بێ، ئەمە پاشخانی مێژوویی و فەرهەنگیی خۆی هەیە و شانازییە بۆ سەرجەمی نەتەوەی کورد.

*پ: پرسیارێکی کۆن و هەمیشەیی ... شیعر چییە و تۆ بۆ کێی ئەنووسیت؟*

و: شیعر ئافرەتێکی ئەفسانەیی زۆر سەرسەخت و

کەللەڕەقە ... لەوەتی مرۆڤ هەیە ئەویش هەیە ... جارجار دەگری و هەندێ جار پێدەکەنێ ... جار بە جار بەردەبارانمان دەکات و هەندێ جاریش خەندەباران.

جارجار دەبێ بە ڕەوە چۆلەکەی سپی و بەر پەنجەرەکانمان پڕاوپڕ دەکات لە ڕووناکی و گوڵی خەونی جۆربەجۆر، هەندێ جاریش وەکوو ڕەشەبایەکی توند شووشەی پەنجەرەکان دەشکێنێ. هەندێ جار عەبا و پەچە دەپۆشێ و لەو دیوی دەلاقەوە لەگەڵمان دەدوێ، هەندێ جاریش بە ڕووت و قووتی لەسەر شۆستەکان و بەر دەرگاکاندا سەما دەکات. بەڵام هەرگیز کچێنی و نهێنیی خۆی نەک بە خوێنەر، بە شاعیریشی نابەخشێت.

بۆچی من دەزانم خۆم چیم تا بزانم شیعر چییە؟ بۆچی من دەزانم بۆ دەژیم تا بزانم بۆچی شیعر دەنووسم؟ من وا هەست دەکەم لەوەتی لە دایک بووم شیعر بەشێکە لە لەشم وەک دەست و چاو و قاچ و لووتم، وەکوو ... دڵم ... لەوە زیاتر من چیی دی لە بارەی شیعرەوە بڵێم درۆیە ...!

*پ: **خوا و شارە بچکۆلەکەمان** نۆبەرەی شیعری چاپکراوت بوو. مەبەستت لەو ناوە چییە؟*

و: هەندێ کەس وایان دەزانی مەبەستم لە ***خوا و شارە بچکۆلەکەمان*** خوا و شاری کفرییە ... هەندێ وایان دەزانی مەبەستم خوا و کوردستانە، هەندێکی دی وایان دەزانی مەبەستم خوا و گەردوونە. هەرچۆنێ بێ وەکوو چۆن شیعر لێکدانەوەی جیاواز و جۆربەجۆر هەڵدەگرێ، ناونیشانی کۆمەڵە شیعریش بەشێکە لە شیعر و لێکدانەوەی جیاواز و جۆربەجۆر هەڵدەگرێ و خۆیشم دەتوانم بڵێم (خوا)کە خوایەکی خەیاڵی هەرزەکارێکی شاعیر و یاخییە و شارەکەشی شارێکی خەیاڵییە لە جۆری کۆمارەکەی ئەفلاتوون و شارە شکۆدارەکەی فارابی و بەهەشتە ئەفسانەیی‌یەکەی عەدن.

*پ: بە بێ گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو ئەم وشانە چی ئەگەیەنن..؟*

**نیشتمان**: بەهەشت، بەندیخانە، لانکە، تابووت.

**ئافرەت**: هەوێنی شیعری مەزن، داگیرکەری پیاو، بۆمبای گوڵ و عەتر و خەندە.

**کفری**: خۆشترین شاری گەردوون، خۆشترین خەون، خۆشترین یادگار.

**عەبدوڵلا پەشێو**: فرمێسک و زام، بتی شکاو، شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، دوا بەرهەم.

*پ: دوا پرۆژەی لەتیف هەڵمەت چییە؟*

و: ئێستا زۆر پرۆژەم بە دەستەوەیە، گرنگترینیان ئەو هۆنراوەیەمە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣وە دەستم پێ کردووە و ناوم لێ ناوە (*تەبایی و ململانێی نێوان هاوولاتییە ئەلەکترۆنییەکانی کۆماری لەتیف هەڵمەت*).

هەروەها نووسینێکم بە دەستەوەیە دەربارەی سۆفیگەرێتی و ئەم بابەتەشم بە بۆچوونێکی تازە دەزانم لە بارەی سۆفیگەرێتییەوە و لە کلاوڕۆژنەیەکی نوێوە چوومەتە ناو جیهانی پیرۆزی سۆفیگەرێتییەوە، بەشێکم لەم بابەتە تەواو کردووە و خوا یار بێ بەشەکانی دیکەشی تەواو دەکەم.

هەروەها جاروبار بابەتی منداڵان دەنووسم و هەندێ جاریش وتاری ڕۆژنامەیی بڵاودەکەمەوە. پرۆژەی دیکەشم لە بواری نووسیندا زۆرن، ناتوانم باسی هەموویان لەم هەلە کورتەدا بخەمە ڕوو. بەڵام هیوادارم پێش ساڵی ٢٠٠٠ بابەتەکەی سۆفیگەرێتی و هەندێ بابەتی دیکەم لە چاپ بدەم و لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٠دا شیعرە درێژەکەم لە پێشدا لە کۆڕێکی چەند ڕۆژیدا بخوێنمەوە و لە ئەنجامیشدا لە چاپی بدەم، ئیتر خەون هەزارە یەکێکیان لەبارە.

# ڕێبوار سیوەیلی

## چەند شیعرێک

### ساتەکانی چێژ و تێڕامان

(١)
بێدەنگی بە زمانی ئاوێنە دەدوێ.
ئاوێنە مەستی جەستەمە،
منیش لێوڕێژم لە خۆشەویستی.

(٢)
ئاو و ئاوێنە
لەژێر بەردی دارستاندا ژوان دەبەستن
من نیگاری بەری دەستی گەڵاکان
دەخوێنمەوە:
"پاییز" !

(٣)
درەختێ فێری کردم:
"خەتای پاییز نییە گەڵام زوو هەڵدەوەرێن
حەسوودییە،
سەوز دەگۆڕێ بە زەرد و
زەردیش دەداتە دەم با ..."

(٤)
ئێمر شارێمان نەدەدۆزییەوە
ئەویش بەرەو مەزراکان بە ڕێی دەکردین.
**
ڕێبواری نەشارەزا
پێ نانێ بە یاسای گیادا.

(٥)
کاتێک لە پردەکان نزیک بوونەوە
ئەسپەکان،
لە چوارناڵەوە کردیانە یۆرغە
برسێتی دەیحیلاند !

(٦)
بە ڕوخساریەوە
شوێنپێی چۆلەکەیەک
یان پشیلەیەکیش دیار نەبوو.

چەندە تەنیا بە گۆڕمان سپارد؛
وەک بەفر:
سپی ...

١٩٩٠

# مامۆستای کورد:

## ده ساڵ تەمەن، ٢٦ ژمارە، ١٩٨٠ لاپەڕە

**فەرهاد شاکەلی**

هاوینی ئەمساڵ گۆڤاری مامۆستای کورد ده ساڵی ڕێکی تەمەنی پڕکردەوە. ژمارەی یەکەم لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٨٥دا بڵاوکرایەوە. دە ساڵ بۆ گۆڤارێکی کوردی کە لە دەرەوەی وڵات دەربچێت تەمەنێکی کەم نییە، بەڵکە بەشدارییەکی گەورەیە لە پاراستن و گەشەپێدانی فەرهەنگ و بیر و زمانی نەتەوەی کورددا. بۆ نووسەران و هەڵسووڕێنەرانیشی ئەزموونێکی یەکجار گەورە و گرنگ و دەوڵەمەندە. پێم وایە جارێ زووە و کاتی ئەوە نەهاتووە ئەزموونەکانمان خڕبکەینەوە و لە چوارچێوەیەکی لۆگیکی و عەقلانیدا دایانبڕێژینەوە، بەڵام دەکرێ وەک چەند هێڵێکی ڕوونی کارکردن و هەڵسوکەوت چاویان پێدا بگێڕینەوە و لێیان بکۆڵینەوە.

هەر لە سەرەتاوە ئێمە سێ وشەمان بۆ خۆمان وەک دروشم دانابوو؛ کوردایەتی، زانست، ئازادی. بۆ زیاتر و وردتر ڕوونکردنەوەش هەمیشە دروشمی سێیەممان وەک دێمۆکراسی و ئازادیی بیروڕادەربڕین لێک داوەتەوە و بەکار هێناوە. ئێستا هەر کەسێکی بەویژدان و ڕاستگۆ تەماشای بیستوشەش ژمارەی گۆڤارەکە بکات، کە لە ١٩٨٠ لاپەڕە پێک هاتووە، زۆر چاک ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئێمە چەندە بەرانبەر قسە و گفتی خۆمان ڕاستگۆ و وەفادار بووین.

من نامەوێ بڵێم لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا لە ڕووی کار و بۆچوون و پێوەندی و پێکهاتەی فکریمانەوە هەر لە سەرەتاوە چۆن بووین، هەمیشە هەر وا ماوینەوە و بە موو لامان نەداوە. لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڤارەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە پلەیەکەوە چۆتە پلەیەکی دیکە، بەڵام هەمیشەش کارەکەمان لە سەرکەوتن و هەڵکشاندا بووە، هەمیشەش بەرەو چاک و چاکتر بوون ڕۆیشتووین و ئەگەر تووشی هەڵەیەکیش بووبین هەوڵمان داوە هەرچی زووتر خۆمان ڕاست بکەینەوە.

لە ژمارەکانی ساڵی یەکەم و دووەمدا زۆرمان بایەخ بە لایەنی هونەری و تەکنیکیی مامۆستای کورد نەدەدا. ئێستا کە تەماشای ژمارەکانی ١ تا ٧ دەکەین دەبینین چەندە ساکارن و بگرە تا ڕادەیەکی زۆریش لە جوانکاریی هونەری بێبەشن. بەشێکی ئەم ناتەواوییە هی ئەوە بوو دەستمان نەدەگەیشتە تەکنیکی پێشکەوتوو. کە لە ژمارەی چوارەمەوە کەوتینە بەکارهێنانی کۆمپیووتەریش (ماکینتۆش)، مەودای هەڵبژاردن و گۆڕانکاری تەسک و سنووردار بوو. ئەودەم

له دوو جۆره تیپ زیاترمان نەبوو؛ گۆران و سلێمانی. هەروەها لەبەر ئەوەی گۆڤارەکە لە شارێکی دیکە چاپ دەکرا، وێنەشمان بە دەگمەن بە کار دەبرد. بەڵام بەشەکەی دیکەی ناتەواوییەکەمان، دیارە، نەزانی و کەمئەزموونیی خۆمان بوو.

**مامۆستای کورد هەر لە سەرەتاوە گۆڤارێکی ڕچەشکێن بووە و هەوڵی داوە خۆی لە هیچ باس و بابەتێک، کە بکرێ لە گۆڤارێکی فەرهەنگیدا بڵاوبکرێتەوە، نەبوێرێ و سنووری هەموو تابوویەک ببڕێت**

بە جێ گەیاندووە.

لەو ساڵانەدا بیری هەرە زاڵ لە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردایەتیدا، بیری چەپایەتی، بیری کۆمونیستانەی سۆڤیێتپەرستانە بوو. حیزبەکانی سەر بە سۆڤیێت هەلومەرجێکی تێرۆریستانەی وایان دروست کردبوو، کە

بەرگی گۆڤارەکە هەمیشە یەکێک بووە لە نیگەرانییە گەورەکانمان. ماوەیەک وای لێ هاتبوو، ئەو ڕۆژەی دەچووین بۆ چاپخانە هەر وێنەیەکمان دەست بکەوتایە، کە بە ئاستەم پێوەندیی بە ناوەرۆکی ئەو ژمارەوە هەبووایە، دەمانکردە وێنەی بەرگ و بەو جۆرە "لە کۆڵمان دەکردەوە". زۆرمان حەز دەکرد هەر نەبێ بەرگی گۆڤارەکەمان ڕەنگاوەڕەنگ چاپ بکردایە، بەڵام ئەوە خەونێکی دوورەدەستە، هەتا وەک ئێستا بێپارە و کەمدەست بین و تا خوێنەری کوردی ئەورووپا ئەوەندە کەمتەرخەم بن، وەدیهێنانی زەحمەتە.

مامۆستای کورد هەر لە سەرەتاوە گۆڤارێکی ڕچەشکێن بووە و هەوڵی داوە خۆی لە هیچ باس و بابەتێک، کە بکرێ لە گۆڤارێکی فەرهەنگیدا بڵاوبکرێتەوە، نەبوێرێ و سنووری هەموو تابوویەک (Taboo) ببڕێت. هەمیشە ویستوومانە بابەت و ڕوانگەی تازە پێشکەش بە خوێنەری کورد بکەین. هەمیشە ویستوومانە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە فرەبابەت و فرەڕەنگ بێت. هەمیشە بە لامانەوە گرنگ بووە بنەمای دێمۆکراسی و ئازادیی بیروڕادەربڕین بکەینە سەرمەشق و دژی سانسۆر بین. ئەگەر کەسێک باری فەرهەنگی و سیاسیی کوردی هەشتاکانی لە بیر بێت زۆر چاک دەزانێ مامۆستای کورد چەندە سەرسەختانە لەم بوارەدا بۆ پێشەوە چووە و ئەرکێکی چەند گەورە و گرانی

تەنانەت هێزە نەتەوەپەرست و نیشتمانپەروەرەکانیش نەیاندەوێرا هەڵوێستێکیان هەبێت. هەر کەسێک سەرنجێکی نەک دوژمنانە، بەڵکە تەنیا ڕەخنەگرانەشی لەبارەی سۆڤیێت و کامپی ئەودەم سۆسیالیستەوە دەربڕیبایە، یەکسەر بە خۆیان و دۆست و لایەنگر و ئەندام و ڕۆژنامە شەرعی و ناشەرعییەکانیانەوە دەیانکردە شاتەشاتێک، قسەکەی شێخ ڕەزای مەزنی وە بیر دەهێنایەوە "دەم دەکاتەوە وەکوو هار، وا ئەزانم سەگە و بە من ئەحەپێ". ڕاپۆرتنووسەکانیان زۆریان ڕاپۆرت دژی ئێمە نووسی، ڕۆژنامەکانیان "ئیعلانی حەرب"یان لەگەڵ کردین و ویستیان ناومان بزڕێنن و حیزبەکانیان و بێچووەحیزبەکانیان کەوتنە هێرش بردنە سەرمان. لە بیرمە جارێک لەگەڵ یەکێکیاندا قسەمان دەکرد، من وتم: "بە لای منەوە سیاسەتی ئەمریکا و سۆڤیێت هەر یەک شتە، هەردوویان ئیمپریالیستن و هیچ یەکێکیشیان دۆستی کورد نین،" کەچی وتی: "نا وانییە، ئەتوو مادامەکی دژی سۆڤیێت بیت، بتەوێ و نەتەوێ یەعنی خزمەتی ئەمەریکا دەکەی،" جا وەرە ئەمە ... تێبگەیێنە!! تەنانەت وشە و زاراوەکانی زمانیش لەو شەڕە تێرۆریستانەدا کرابوونە دەستاوێژ و بە ناڕەوا بە کار دەبران. هەرچییەک لەگەڵ ئیدیۆلۆگیی سۆڤیێتپەرستاندا ڕێک بکەوتایە "پێشکەوتنخواز" و "پێشڤەڕوو" بوو، ئەوی دیکەش هەموو "کۆنەپەرست."

لەو هەلومەرجەدا بوو کە بە ڕاشکاوی دژی هەموو شێوەیەکی دیلکردنی بیر ڕاوەستاین و بنەمای دیمۆکراسی و ئازادیی بیروباوەڕمان کردە ڕێباز. هەر بەوەشەوە نەوەستاین کە بەرگری لەو باوەڕانە بکەین، بەڵکە بە کردەوە پێشانمان دا چۆنیش کاریان پێ دەکرێ. لاپەڕەکانی مامۆستای کوردمان ئاوەڵا کرد بۆ گفتوگۆ و موناقەشەیەکی ئازادانەی سەربەست. هەر ئەو دەمەش ئێمە زۆر بە هۆشیارییەوە ئەو کارەمان دەکرد و دەمانزانی لەوانەیە هەندێ کەس بە نیازێکی ناپاک و زۆڵەک ئەو باوەڕەی ئێمە و ئەو سینگفراوانییەی ئێمە بە ناڕەوا بەکار بێنن، بەڵام هەمیشە پێمان وا بووە هەڵە و ئاژاوەیەک لە ئەنجامی دیمۆکراسییەوە دروست ببێ زۆر لە ئارامی و بێدەنگیی دیکتاتۆری و دەمکوت کردن چاکترە. جارێک سەرکردەی یەکێ لە حیزبەکانی کوردستان گلەیی ئەوەی کرد کە بۆچی ڕێگە دەدەم هەموو جۆرە باوەڕێک لە مامۆستای کورددا بلاوببێتەوە و ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی ئاژاوە و شیرازە پچڕان. گوتم ئەم کارەی ئێمە شێوەیەکی تازەیە لە کاری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، لەبەر ئەوە دڵنیام خەڵکێکی زۆر ناتوانێ لێی تێبگات و دژی دەوەستێ. زۆربەی خەڵک هەر لە خۆیەوە بەرانبەر شتی تازە بەگومانە و حەز دەکات لەسەر شتی دەق پێوەگرتوو بڕوات. سەیر ئەوەیە هەر ئەو ڕووناکبیر و خوێندەوارانەی سەری زمان و بنی زمانیان دادوبێداد بوو لە دەست دیکتاتۆری و ستالینیزم و ژدانۆڤیزم، هەر خۆیان هێندە نەوێر و بێباوەڕ بوون شەووڕۆژ سەرزەنشتی ئێمەیان دەکرد و پێیان وا بوو کە نابێ ڕێگە بدرێ بەو جۆرە خەڵک بیروباوەڕی خۆیان دەرببڕن و بنووسن. کاتێک "پێشکەوتنخوازەکان" لە هەموو لایەکەوە هێرشی نامەردانەیان دەکردە سەر ئێمە، تەنانەت نەتەوەپەرست و نیشتمانپەروەرەکانیش، تەنانەت ڕووناکبیرە دیمۆکراتەکانیش، تەنانەت دۆستە ئازادیخواز و مرۆڤپەروەرەکانی نزیکیشمان نەیاندەوێرا وشەیەکیان لە دەم دەربچێت، نەک بۆ بەرگری کردن لە ئێمە، بەڵکە بۆ بەرگری لەو بنەمایانەی وایان پێشان دەدا باوەڕیان پێیانە، بەڵکە بۆ بەرگری لە خۆیان، چونکە، بێرتۆڵد بریخت گوتەنی "نۆرە دەهاتە سەر خۆیشیان."

ئەمڕۆ، کە یەکێتیی سۆڤیێت و سیاسەت و ئیدیۆلۆگیی سەر بە سۆڤیێت ڕووخان و تەفروتوونا بوون، زۆر ئاسانە مرۆ هەموو هەڵوێستی ناجوامێرانەیان بداتەوە بە چاویانا، زۆر ئاسانە ڕوویان تێ بکەیت و بڵێی: "کەسی مامی، بینیت؟ قسەکەی من دەرچوو." زۆر ئاسانە پیاو پێیان بڵێ "نەموت؟!" بەڵام خۆشبەختانە من لەو کەسانە نیم تانە و تەشەر لە کەسێک بدەم کە زەمانە پێپەستی کردووە و پشتی تێ کردووە، لەو کەسانە نیم کەسێک پێپەست بکەم کە زەبوونە و لێکەوتوو.

لە یەکەمین ژمارەی مامۆستای کورددا نووسیومانە: "... پەیمانی ئەوە دەدەین کە هیچ کۆسپ و لەمپەر و تەگەرەیەک نەخەینە پێش هیچ نووسەر و هیچ نووسین و هیچ بیروباوەڕێک ... نووسەران سەربەستن چ دەڵێن با بیڵێن ... بە لامانەوە گرنگ نییە نووسەر چی دەڵێ، وەلێ زۆرمان بە لاوە گرنگە چۆنی دەڵێ." ئێستاش بە دڵنیایی دەتوانین هەر ئەو قسانەمان دووبارە بکەینەوە و ئەو پەیمانە بدەین، بەڵام جێگەی داخە کە زۆر خوێنەر و خوێنەواری کورد لە مەسەلەی ئازادیی بیر تێناگەن و پێیان وایە هەر لەبەر ئەوەی ئێمە باوەڕمان بە ئازادیی بیر هەیە، ئیدی دەبێ نووسراو و نامەی ئەوان بێ مەرج و بەند بلاوبکەینەوە، ئەگەرچی ئەوەی نووسیویانە شەڕەجنێوە نەک بیروباوەڕ، ئەگەرچی ئەوەی ناردوویانە، نە لەڕووی زمانەوە، نە لە ڕووی ڕێزمان و ڕوونووسەوە، هیچی بەسەر هیچەوە نییە.

لە ژمارەکانی ساڵانی یەکەم و دووەم و سێیەمدا هەندێ جار مەسەلە سیاسییە ڕۆژانەکانی کوردستانمان دەخستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام زۆر دەمێکە گەیشتووینە ئەو بڕوایەی کە هێندەی دەتوانین دەبێ لە باسوخواسی ڕۆژانەوە دوور بین. مامۆستای کورد گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگییە، لەبەر ئەوە ناتوانین جێگە بدەینە مەسەلە گرنگەکانی سیاسەتی ڕۆژ. لەوەش بترازێ ئێمە دەمانەوێ گۆڤارەکە

وا بێت کە بە تێپەڕبوونی دوو ساڵ و سێ ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەیدا کۆن نەبێت. دیارە کەم شت هەیە ئەوەندەی سیاسەت زوو کۆن ببێت و کەڕوو هەڵبێنێ. ئێمە باسوخواسی سیاسییانە تەنیا کاتێ بڵاودەکەینەوە کە لە چوارچێوەیەکی فکری و فەلسەفیدا نووسرابن. دەنا ئەگەر دوو هێزی سیاسی ڕێک دەکەون یا ڕێککەوتننامەیەک هەڵدەوەشێننەوە، ئەمە بە کاری ڕۆژنامە یا حەفتەنامەیەکی سیاسی دەزانین نەک وەرزنامەیەکی فەرهەنگیی وەک مامۆستای کورد.

هەندێ لە دۆستانمان گلەیی لەوە دەکەن کە جاروبار لە مامۆستای کورددا لە پاڵ دەیان بابەتی بەپێز و گرنگدا، بابەتی لاوازیش بڵاودەکرێنەوە. ئەمە ڕاستە. هۆیەکەشی هەستی بەرپرسیارانەی ئێمەیە بەرانبەر ئەدەب و زمانی کوردی و پێویستیی هاندانی لاوان بۆ بەردەوامبوون و نەترسان. ئێمە لای خۆمانەوە بنەمایەکی وامان داناوە کە لە هەموو ژمارەیەکدا تا سنووری دە لە سەددا (١٠٪) بۆ ئەو بەرهەمانە تەرخان بکەین کە ڕەنگە لە ڕووی هونەری و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە ئاستی داخوازی و بەتەمابوونی ئێمەدا نەبن. لەم کارەدا ئێمە بەتایبەتی بیرمان لە سێ چین یا سێ توێژی جیاوازی نووسەران کردۆتەوە کە ناکرێ لێرەدا بە ڕوونی دەستنیشانیان بکەین، نەوەک خوانەخواستە ئەمە ببێتە هۆی بریندارکردنی هەستیان.

ناتەواویی گۆڤارەکە هەر ئەوە نییە، بەڵکە شتی دیکەش هەیە کە ئەگەرچی خوێنەران لەو بارەیەوە هیچیان پێ نەوتووین و بۆ نەنووسیوین، بەڵام دیسان خۆمان لێی بێئاگا نین. ئێمە حەز دەکەین لە گۆڤارەکەدا جێگەیەکی زیاتر بۆ بابەتەکانی زانستە سرشتییەکان تەرخان بکەین. پێمان خۆشە لەبارەی ئیسلامەوە زۆرتر بنووسرێ و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی بیر و فەلسەفە و سیاسەتی ئیسلامییەوە بخرێتە بەرچاوی خوێنەری کورد. دەمانەوێ لە بارەی مەسەلەی ژنەوە و لە بارەی هونەری مۆسیقا و نیگارکێشان و زمانەوانییەوە وتار و لێکۆڵینەوە بڵاوبکەینەوە. زۆرمان بە لاوە گرنگە کە جێیەکی باش و فراوان بدەینە ڕانانی کتێب و گۆڤار و چاپەمەنی، چ بە زمانی کوردی و چ ئەوانەی لە بارەی کوردەوە بە زمانی دیکە دەنووسرێن، بەڵام، بەداخەوە، ئەو جۆرەی کە ئێمە دەمانەوێ هێشتا تێیدا سەرنەکەوتووین. وەرگێڕان لە ئەدەبی گەلانەوە لای ئێمە جاران زۆر سست بوو، بەڵام خۆشبەختانە لە دوو ساڵی ڕابوردوودا ئەو ناتەواوییەمان قەرەبوو کردۆتەوە. ئەو لاپەڕانەی بۆ بڵاوکردنەوەی نامەی هەندێ لە خوێنەرانیان تەرخان دەکەین لە بەشە هەرە خۆشەویست و دلگرەکانە لای زۆربەی خوێنەران. بەشێکی دیکەی یەکجار گرنگ کە خەڵکێکی زۆر بە تامەزرۆوە چاوەڕوانیی دەکەن و دەیخوێننەوە دیوانی شاعیری گەورە و نەمرمان شێخ ڕەزای تاڵەبانییە. لێرەدا گرنگە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئێمە لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی شێخی مەزندا مەبەستمان ڕاستکردنەوەی شیعرەکان نییە، هەر لەبەر ئەوەشە کە دەستکارییان ناکەین، مەگەر هەندێ وردە شت کە سوور بزانین هەڵەن و ناکرێ بە سەریاندا بڕۆین. ئێمە چاپەکەی ساڵی ١٩٤٦مان کردۆتە بناخە بۆ بڵاوکردنەوە. بەشی کتێبخانەی مامۆستای کورد ڕۆڵێکی یەکجار مێژوویی و گرنگی هەیە. ڕەنگە خوێنەر پێی سەیر بێت ئەگەر بڵێم مامۆستای کورد تاکە گۆڤار و تاکە سەرچاوەی کوردییە لە هەموو جیهاندا کە بە شێوەیەکی تازە و زانستی زانیارییەکی ڕێکوپێکی بیبلیۆگرافییانە لە بارەی کتێب و گۆڤار و چاپەمەنییە کوردییەکانەوە بڵاودەکاتەوە. لە بەشی وەرامی دۆستاندا هەر لەسەر ئەو بنەمایە بەردەوامین کە ناوی خاوەنی بەرهەمە بڵاونەکراوەکان نەهێنین و تەنیا بە ناوبردنی ناونیشانی نووسینەکە تێی بگەیەنین کە بەرهەمەکەی بڵاونەکراوەتەوە. خاوەنی ئەو بەرهەمە ئەگەر بییەوێ دەتوانێ زۆر بەئاسانی ناوی بەرهەمەکەی بگۆڕێ و لە جێگایەکی دیکە بڵاوی بکاتەوە. دیارە ئەوەندەی ئاگامان لێ بێت زۆریشیان هەر وایان کردووە.

لە ڕووی زمانەوە، ئێمە زۆرمان بە لاوە گرنگە کە گۆڤارەکە بە کوردییەکی ئەدەبی و جوان و بەرز و بێ

گرێ و گۆتاڵ بنووسرێ. هەر لەبەر ئەوەش بە هەموو نووسراو و وتارەکاندا دەچینەوە و هەوڵ دەدەین ناتەواوی و کەلێنەکانیان چارەسەر بکەین. لەوەش گرنگتر، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابوردوودا ڕێنووسێکی زانستانە و ستانداردمان هەڵبژاردووە و هەوڵێکی زۆر دەدەین کە هەموو بابەتەکان بخەینە سەر ئەو ڕێنووسە. ئێمە ئامادەین بە شێوەیەکی زانستی بەرگری لە بنەماکانی ئەو ڕێنووسە بکەین و زۆریشمان پێ خۆشە ئەگەر زمانزانێک هەبێ ڕووبەڕوو ڕەخنەمان لێ بگرێ. خۆشبەختانە بەشێکی باشی گۆڤار و کتێب و چاپەمەنییە کوردییەکانی دەرەوەی کوردستان ئەو ڕێنووسەی گۆڤاری مامۆستای کوردیان قەبووڵە و بە کاری دەهێنن.

بڵاوکردنەوەی گۆڤاری مامۆستای کورد ئەرکێکی یەکجار سەخت و گرانە و ماندووبوونێکی زۆر، چ هی لەش و چ هی گیان،ی لە پشتەوەیە. هیچ کەسێک لەوانەی کارمان لە گۆڤارەکەدا کردووە و دەیکەین، هیچ قازانج و بەرژەوەندێکی ماددیمان لێی دەست ناکەوێ و هەموو کارەکە لە کاتی تایبەت و پشوودانی خۆماندا دەکەین. نەک هەر هیچ قازانجێکی ماددیی نییە، بەڵکە زۆرجار ناچارین پارەی خۆشمانی بخەینە سەر. ژمارەی ئابوونەداران هێشتا نەگەیشتۆتە ئەوەی کە تەنانەت نیوەی مەسرەفی گۆڤارەکەشی لێ دابین بکەین. تا ئێستا باربووشمان نەکردووە و لە کەسیش داوای کۆمەکی ماددیمان نەکردووە. ئەو یارمەتییەی وەزارەتی فەرهەنگی سوێد دەیداتە گۆڤارە کوردییەکانی سوێد و گۆڤارە فەرهەنگییەکان بە گشتی، کەلێنێکی کەمی ناتەواوی و کەمدەستیمان پڕ دەکاتەوە، بەڵام دیسانیش ماڵیان ئاوا بێت. لەگەڵ هەموو ئەو سەختی و کەمدەستی و کۆسپ و تەگەرانەشدا کە ڕۆژانە بەرۆکمان دەگرن، کەچی ئەوە دە ساڵی ڕێکە، بێ ناوبڕ، مامۆستای کوردمان بڵاوکردۆتەوە، بە دیاری بۆ دەیان کەسمان ناردووە، سەدان و بگرە هەزاران دانەمان، لەسەر ئەرکی خۆمان، گەیاندۆتە پارچەکانی کوردستان، سەدانمان لێ بە دیاری ناردووە بۆ کوردی ئاوارە لە وڵاتی جۆربەجۆری دنیا و ناردوومانە بۆ دەیان زانستگە و کتێبخانە و دەزگای زانستی و فەرهەنگیی کورد و بێگانە. یەک هۆی گرنگ هەیە پاڵمان پێوە دەنێ و هانمان دەدات بەردەوام بین؛ هەتا ئێستاش پێمان وایە ئەم کارەی دەیکەین خزمەتی پێشکەوتن و گەشەسەندنی زمان و فەرهەنگی کورد دەکات. هەتا واش بیر بکەینەوە، خوا یار بێ، ڕاناوەستین.

فەرهەنگی کورد ئەوەندە لەدوایە و پاشکەوتووە و ئەوەندەی پێویست بە کار و خزمەت کردن هەیە کە دەبێ سەدان گۆڤار و ڕۆژنامە و هەزاران کتێب بڵاوبکرێنەوە تا بتوانین بە زیندوویی بیهێڵینەوە و بۆ پێشخستنی تێبکۆشین. ئێمە زۆر چاک دڵنیاین کە ئەمە ئەرکی هەموو لایەکمانە و تەنیا بە هاوکاری و هاوئامانجیی هەموومان دەتوانین ئەنجامی بدەین. هەر بۆیەش پڕ بە دڵ هیوادارین کە هەموو گۆڤارە کوردییەکان هەمیشە پێش بکەون و بەردەوام بن.

لە یادی دەساڵەی بڵاوبوونەوەی گۆڤاری مامۆستای کورددا لە دڵەوە سوپاسی هەموو ئەو دۆست و هاوڕێیانە دەکەم کە لێرەدا ناویان تۆمار دەکەم؛ هەر یەک لەم برایانە بە شێوەیەک و لە سەردەمێکدا دەستیان هەبووە لە ڕاپەڕاندن و بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکەدا، کاریان بۆ کردووە و پێیەوە ماندوو بوونە: ئاسۆس کەمال، ئاسۆ گەرمیانی، ئەمجەد شاکەلی، ئەنوەر قادر محەمەد، ئەنوەری سوڵتانی، ئیبراهیم جەعفەری، خەبات عارف، دلێر توفی، دیلان دەرسیم، ڕزگار عەبدوڵڵا، صەباحی غالیب، عاسی ڕەباتی، عەبدوڕڕەحمان زەنگەنە، قەرەنی جەمیل، کامەران قازی و ناسری ئیبراهیمی. بەبێ کۆمەک و هاوکاریی ئەو دۆستانە، مامۆستای کورد هەرگیز نەدەبوو بەو گۆڤارەی کە ئەمڕۆ هەیە.

ISSN 1102-2000

# Mamostay Kurd




26
Summer 1995